
مەلا محموودی بایەزیدی

# عادات و رسووماتنامەی اکرادیە

# (داب و نەریتی کورد)

پێشەکی و وەرگێڕانی بۆ رووسی: م. م . روودینکۆ

وەرگێڕانی لەڕووسییەوە: پ .د. شوکریە رەسوڵ ئیبراهیم



Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner



لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی
٢٠١٥

بەڕێوەبەری دەزگا: بەختیار سەعید
بەڕێوەبەری چاپو بڵاوکردنەوە: سیروان حەمەسەعید

**ناوی کتێب: عادات و رسوومانتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد)**

**ناوی نووسەر: مەلا محموودی بایەزیدی**

**پێشەکی و وەرگێڕانی بۆ ڕووسی: م. م . ڕوودینکو**

**وەرگێرانی لە ڕووسیەوە: پ .د. شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم**

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد**

**زنجیرە: (٧)**

**تیراژ: ٧٥٠ دانە**

**چاپی یەکەم: ١٩٨٢**

**چاپی دووەم: ٢٠١٥**

**نرخ: ٥٠٠٠ دینار**

**چاپخانە: چاپخانەی پەنجەرە - تاران**

***لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( ١٦٩٦ )ی ٢٠١٥ پێدراوە**

mobil: 07701549509
email: sirwansaeed80@yahoo.com
facebook: sirwansaeed

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی

Scanned by CamScanner

مەلا محموودی بایەزیدی

# عادات و رسووماتنامەی اکرادیە
# (داب و نەریتی کورد)

پێشەکی و وەرگێڕانی بۆ رووسی: م. م . روودینکو

وەرگێرانی لە رووسیەوە: پ .د. شوکریە رەسوڵ ئیبراهیم

Scanned by CamScanner

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی پ. د. شوکرییە ڕەسوڵ | ٧ |
| پێشەکی یەکەی ڕودینکۆ | ١٧ |
| داب و نەریتی کورد | ٢٦ |
| لیستی ناوە جوگرافی و بنەڕەتیەکان | ١٠٠ |
| لیستی زاراوەکان | ١٠١ |
| لیستی بابەتەکان | ١٠٥ |
| دەستنووسەکەی مەلا مەحمود | ١٠٩ |




Scanned by CamScanner

# پێشەکی

کەلەپووری هەر نەتەویەك برێتیە،لەکەلەپووری سەرزاری و کەلەپووری نووسراو. کە تۆماری بیر و هزری شارستانیەتی ئەو نەتەومیە دەر دەخات . ئەم کەلەپوورە رابووردوو بە ئێستا و ئێستا بە داهاتوو دەبەستێتەوە . هەر بۆیە ئاوڕدانەوە و گرنگی پێدان و توێژینەوەی ئەم سامانە لە بن نەهاتووە، وامان لێ دەکات بە چاوێکی پڕقەدر و خۆشەویستی وەك شارازایان و زانایانی پێشین بڕوانینە کەلەپوورەکەمان و وەك ئەرکێکی نیشتمانی جوانی و نرخ و بەهای کەلەپوورەکەمان بۆ نەوەکانمان دەربخەین و لە هەموو لایەکی سەرخان و بن خانی بکۆڵینەوە و ئاوڕ لە ئەرشیف و چاپەمەنیەکان و دەستنووسە کۆنەکان و کتێبی ژیاننامە و گەشت و گوزار و مێژوو و جوگرافیا بپشکنین و مرواری قەدر و بەهای روون بکەینەوە . بە تایبەتی ئەوانەی شاگۆزەری هەڵبژاردنە.

- یەکێك لەو دەستنووس و کەلەپوورە پڕبەهایانەی دەیخەینە بەر دید و سەرەنجی رۆشنبیران و پسپۆران کتێبی زاناوناوداری گەورەی کورد ، خاوەن مەعریفەیەکی فراوان مەلا مەحموودی بایەزیدی (( ١٧٩٧-١٨٦٧ ز))یە بە ناوی (( عادات و رسووماتنامەی اکرادیە)) یە کە پتر لە دوو سەدە لەومەوبەر بە خامەی ئەو رووناکبیر و زماناس و کۆمەڵناس و ئەدەبناس و مێژوو ناس نووسراوە. کە ئەمڕۆ نرخ و بایەخێکی یەکجار گەورەی لە بواری کۆمەڵناسی و ئەتنۆگرافی وئەنسرۆپۆلۆژیدا هەیە.

بەڵێ مەلا مەحموودی بایەزیدی دەستێکی باڵای لە نووسینی پەخشان و کەلەپووری کوردیدا هەبووە.کاتێ ئەلێکساندەر ژابا (( ١٨٠٣-١٨٩٤ ز))



Scanned by CamScanner

قونسۆلی رووس له ئەرزڕوم له پاڵ کاری دیپلۆماسیدا ئەرکێکیتری وەك رۆژهەڵاتناس دەگرێته ئەستۆ ئەویش نووسینەوه و کۆکردنەوەی کۆمەڵێ دەستنووس و بابەتی جۆراوجۆره له سەر میلەتی کورد بوو . بۆ ئەم کاره ئەلێکساندەر ژابا داوای له زانا و رۆشنبیری کورد مەلا مەحموودی بایەزیدی کرد ئەم کارانەی بۆ بکات . ئەوه بوو به هاریکاری هەردوولا ((ژابا )) توانی کۆمەڵێ دەستنووس له بواری (دانان) و (وەرگێڕان) به دەست بینی و بۆ رووسیاو نامەخانەی ((سالتیکۆف شیدرین )) له لنینگراد (پترسبۆرگ))ی ئیستا بنێرێ و بپارێزرێ و زۆربەی دەستنووسەکانیش بۆ زمانی فەرەنسی له لایەن (( ژابا ))وه وەرگیڕاون .ئەو هەموو دەستنووسانەی که مەلا مەحموودی بایەزیدی نووسیبووی یان کۆی کردبووەوه یا خۆد له زمانی فارسی و تورکی بۆ زمانی کوردی وەریگێڕابوو. ئەمانه یا خۆد ئەم دەستنووسانه که هەمووی تۆزی لێ نیشتبوو،توانرا له لایەن مارگرێت روودینکۆ ساڵی ١٩٦٣ بدۆزرێتەوه و هەندێکیان چاپ بکات و بیانکاته زمانی رووسی .

مەلا مەحموودی بایەزیدی خاوەنی دەیان کتێب و وەرگێڕان و دانانی فەرهەنگ بووه،کەهەندێك لەوانه دەخەینه روو:

١- رسالەی تحفه النحلان فی الزمان کوردان که له ساڵی ١٨٦٦ له ئەرزڕووم نووسیویەتی .

٢ – تەرجما ضرب مەسەلان بەزمانی کورمانجی له ساڵی ١٨٥٠ مەلا مەحموود نووسیویەتی .

٣ – تەواریخی جدیدی کوردستان / یان کتێبی تاریخی جدیدی کوردستان که ساڵی ١٨٥٧ نووسیویەتی .



Scanned by CamScanner

٤ - عادات و رسوماتنامەی طوایفی ئەکرادیە و ئۆسوڵی نیزاماتی کورمانجی – بە دیالێکتی کرمانجی (( سالی ١٨٥٨ – ١٨٥٩ )) بە خەتی بایەزیدی نووسراوە و دانراوە .

٥ – تواریخی قەدیمی کوردستان (( ١٨٥٨-١٨٥٩ )) کورتەی شەرەف نامەی شەرەفخانی بەتلیسیە بۆ کرمانجی .

٦ – جامع رسالیان و حکایتان (( چل چیرۆکی کوردیە )) .

٧ – چیرۆکی لەیلا و مەجنوون (( ١٨٥٨ )) بە دیالکتیکی کرمانجی ژوورووو نوسراووە .

٨ - حکایەتی شێخی سەنعانیان ی فەقێ ی تەیران – سالی ١٨٥٦ مەلا مەحموودی بایەزیدی نووسیویەتی .

٩ – قامووس یافەرهەنگدا بە هاوبەشی ئەلیکساندەر ژابا چەند قامووسێکی داناوە وەك :

أ – قامووسێکی کوردی – فەرەنسی

ب – فەرهەنگی کوردی – رووسی

ج – فەرهەنگی کوردی –رووسی،فەرەنسی

١٠- صنعة صبیان کە ناوی دانەری بە سەرەوە نییە بریتیەلە کتێبی (( ئەلف و بێ زمانی کوردی بۆ منداڵان .م.م بایەزیدی لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە خەتی خۆێ نووسیویەتی – ئەم دەستنووسە دەبێتە یەکەمین کتێبی ئەلف و بێ ی کوردی ویەکێکە لە یەکەمین کتێبە پەروەردەییەکان بە زمانی شیرینی کوردی ))[١]

---

١- رۆژنامەی باس – ژ ٢١٧ هەولێر٢٠١٤/١٢/٩ل ٢٢ (( گەنجینەی دەستنووسە کوردیەکان – فەرهاد پیرباڵ )) .



Scanned by CamScanner

١١ – دەستنووسی ژمارە (( کورد ٤٣ )) کە ((٨٤ )) حەکایەتی میللی و فۆلکلۆری تێدایە ، مەلا مەحموود لە فارسیەوە کردوویەتی بە کوردی و( ژابا ) تەرجمەی فەرەنسی کردوون و بە پیتی لاتینی زمانی کوردی نووسیوونی .[٢]

١٢ - چیرۆکی مەم و زین (( هاوینی ١٨٥٦ )) بەرهەمی خۆیەتی بە دیالێکتی کرمانجی بە دەست خەتی خۆی ، پاشان لە لایەن (( ژابا )) وە خراوەتە سەر ئەلف و بێی لاتینی و تەرجومەی فەرەنسی کراوە .[٣]

١٣ - چیرۆکی سیامەند و شەمسێ بە پەخشان نووسراوە، بایەزید نووسیوویەتی .

١٤ – دەستنووسی ژمارە ((کورد - ١٩ )) بە ناوی (کیتابی مەولوودی شەریف) بایەزیدی لە ((١٨٥٧ – ١٨٥٨)) لە ئەرزەڕۆم نووسیویەتیەوە.

لە ناو ئەم بەرهەمانەدا کتێبی (( عادات و رسوماتنامەی ئەکرادیە )) کە بە پەخشان نووسراوە یەکێکە لەو کەلەپوورە بە بەهایانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی دیکەی کوردەواریان بە تایبەتی داب و نەریت و شێوەی ژیان و بیر و باوەڕی هۆز و تیرە و خێڵە کوردەکان (نیشتەجێ و کۆچەر ) بۆ دەنەخشێنێ لە ئەتنۆگرافیای ئەو کوردانە ئەدوێ کە لە باکووری کوردستان دەژین و نیشتەجێ بوون .

---

[٢] - ذخائر التراث الكوردي في خزائن بطرسبورغ – جودت هوشيار هەولێر ٢٠١١ ز.ل ٣٠.

[٣] - ذخائر التراث الكوردي في خزائن بطرسبورغ – جودت هوشيار هەولێر ٢٠١١ ز.ل ٣٠.



Scanned by CamScanner

ئەم پەخشانە یەکێکە لەو دەستنووسە بە کەڵکانەی کە( ئەلکساندەر ژابا) لە ئەرزەروم لە مەلا مەحموودی بایەزیدی وەرگرت و لە گەڵ خۆیدا بردیەوە بۆ رووسیا و لە نامەخانەی ((سالتیکۆف شیدرین ))پاراستویەتی و بۆ زمانی فەرەنسیش وەریگێڕاوە.

- ساڵی ۱۹٦۳ مارگریت روودینکۆ بە زمانی رووسی تێکستە کوردییەکەی بە چاپ گەیاند لە گەڵ پێشەکیەکی بە کەڵکدا کە لە بەردەستدایە .

- گرنگی ئەم دەستنووسە هەر وەك ئاشکرایە لە چەند خاڵێکدا دەستنیشان دەکەین :

**یەکەم :**

ئەم پەخشانە بە خامەی رووناکبیرێکی کوردی سەدەی نۆزدە نوسراوە و نرخێکی زۆری بۆ ئەوانە هەیە کە ئەیانەوێ لە ژیانی ئەم میللەتە لە هەموو روویەکەوە بزانن و لێ بکۆڵنەوە.

**دووەم :**

ئەم کتێبە یەکەم کتێبی ئەتنۆگرافی کوردە کە بایەزیدی لە ساڵی ۱۸۵۸-۱۸۵۹ نووسیوویەتی ،کە باسی داب و نەریتی کورد و بیروباوەڕیان وکار پیشەو شێوەی ژیان و جۆرەکانی هۆنەروئارەزووەکان و یارییە باوەکان دەکات. ئەم کتێبە خاوەنی زانیارییەکی زۆرە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەتنۆگرافیای کورد لە کوردستانی باکوور لە ناوڕاستی سەدەی نۆزدە.[٤]

---

٤ - هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ١٦.



Scanned by CamScanner

**سێیەم :**

ئەم پەخشانە لە زمانی کوردی و دیالێکتی کرمانجی ژووروو نوسراوە. یەکەم پەخشانی کوردی یە لە کتێبخانەی کوردیدا ، ئەتوانرێ گەلێ زانیاری لە داب و نەریت و زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردی بزانرێ .[5]

نووسەری ئەم پەخشانە زۆر بە کورتی و روون و ئاشکرا و شێوازێکی ساکار لە داب و نەریتی کورد ئەدوێ .

لە بەر گرنگی ئەم کتێبە کە بۆ زمانی (( رروسی ،فەرەنسی ،ئینگلیزی و فارسی و تورکی و عەرەبی )) وەرگێڕاوە بە پێویستم زانی سالی ١٩٨٢ لە زمانی رووسییەوە و بەراورد کردنی لە گەلْ تێکستە کوردیەکە کە بە کرمانجی ژووروو نووسرابوو وەریگێڕمە سەر شێوە زاری کرمانجی خواروو .بە نیازی ئەوەی کە کۆمەڵی کوردەواری سوود لە داب و نەریتی کۆنیان وەربگرن بە تایبەتی ئەو داب و نەریتە جوانەکۆنانەی کە ئێستا چۆتەی گۆشەی فەرامۆش کردن .

شایانی باسە خاتوو روودینکۆ ئەم دەستنووسەی بە جوانی و ئەمانەتی زانستیەوە بۆ زمانی رووسی وەریگێڕاوەو شیکردنەوەی لە ناوەڕۆکیدا کردووە ،هەر بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو نیشانی گەلێ شارەزایانی کورد و کوردناسەکانی داوە و گەلێ سەرچاوەی بە کەڵکیشی لە سەر داب و نەریت لە پەراویزەکاندا روون کردۆتەوە لە گەلْ پێشەکیەکی چڕ و پڕزانیاری کە

---

[5] - جريدة التاخي – عادات و تقاليد الاكراد – تعريب الدكتور احمد عثمان ابوبكر – مقدمة المعرب –بغداد ١٩٧٢ ((الدكتور احمد عثمان ))چوار بەشی ئەم کتێبەی بە زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە و پاشان بەرچاو نەکەوت .دەستنووسی ئەم وەرگێرانە ئێستالای بەڕێز (( محەممەدی مەلا کریم ە )) ((د.شوکریە ))



Scanned by CamScanner

هەرچی دەربارەی مەلا مەحموودی بایەزیدیە تاکوو ئێستا ئەوە لە پێشەکی یەکەی روودینکۆی ئەم کتێبەدا وەرگیراوە. کە هەموو لە رێگەی لێکۆڵینەوەکانی روودینکۆ دەربارەی دەستنووسە کوردیەکان کردووە.[٦] وەرگیراوە و لە کۆتایی کتێبەکەدا ((عادات و رسوماتنامەی اکرادیە )) ناو و شوێنە جۆگرافیەکان و زاراوەی کوردی و بابەتەکانی دەستنووسەکە دەستنیشان کرددوە .

- ئەوەی لە پێشەکی ئەم دەستنووسەدا دەبینرێت و بە زەقی جێگەی هەڵوێستەیە ئەوەیە کە مەلا مەحموودی بایەزیدی بنچینە و رەگەزی کوردی، بۆ هۆزی عەرەب و زمانەکەشیان تێکەڵ بە زمانی فارسی و عەرەبی کردووە.ئەڵبەتەئەم بۆ چوونەی مەلا مەحموودی بایەزیدی لە راستییەوە دوورە و زانستیش ئەمە بە لاوە دەنێ . لەوانەیە لە سەردەمی مەلا مەحموود دا هەستی ئایینی هێندە زاڵ بووە ئەم بۆ چوونەی هەبێ یا خۆد نووسراوی ئەو سەردەمە ((چ شیعری کلاسیکی کوردی یاخود پەخشانی کوردی )) وا باو بووە ووشەی بێگانە لە لایەن شاعیران و نووسەرانەوە بە کار هاتبێ کە نیشانەی رۆشنبیری و توانایی و زاڵ بوونی شاعیرانە کە توانیویانە شیعربە سێ زمان یاخود زمانێکی تێکەڵ بنووسن ،ئەگینا زمانی میللی و عامی کورد زمانێکی پۆخت و پەتی و فۆلکلۆریکی رەسەنیان هەبووە وهەیە . ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکە کورد گەلێکن هەر لە کۆنەوە هەبوون و خاوەن دەسەڵات و ئێمپراتۆریەت بوون و بە رەگەز دەگەڕێنەوە سەر میدیەکان کە لە مێژووی شارەستانییەتدا خاوەن ئێمپراتۆر بوون .بەڵێ کورد وەك نەتەوە ،هەموو مەرجێکی نەتەوەییان

---

٦ - ذخائر التراث الكورديه في خزائن بطرسبورغ ...ص ٧ .

تیایە چ وەك زمان،خاك، پێکهاتەی هاوبەشی دەروونی و داب و نەریت و ئایین و مێژوو و ئابووری .

لە گەڵ ئەمانەشدا سەرئەنجامی کارەکەی مەلامەحموود بۆ زمانەوان و ئەنتۆگرافیا و فۆلکلوریستەکان زۆر بە کەڵك و سوودبەخشە و بێجگە لەمەش گەلێ کاری لەمەڕ زمان و ئەدەب و فۆلکلۆریشەوە بۆ بە جێهێشتوین.

- ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆبکەم. ئەم کتێبە دوای بڵاوبوونەوەی ساڵی ١٩٨٢ کە دەکاتە ((٣٣ )) ساڵ لەمەوبەر، دوو ووتاری لە سەر نووسرا – یەکێکیان لە لایەن عەبدوڵرەحمان نەقشبەندی بە ناوی (( ڤیدا چونەك لە سەر کتێبا داب و نەریتی کوردەکان )) لە گۆڤاری روشنبیری ساڵی ١٩٨٤ . دووهەم ووتار لە لایەن دووکتور نافع ئاکرەیی لە رۆژنامەی هاوکاری بە ناوی (( داب و نەریت یا عادات و رسووماتنامە )).ئەوەی پێویست بوو چاکم کردووە و خۆشیان واتە ئەم دوو نووسەرە کەبە کرمانجی دەدوێن وکرمانجی زانن، کەوتوونەتە گەلێ هەڵەوە . بەوەی من کارم لە سەر دەستنووسی مەلا مەحموودکەبەرهەمی دووسەدەلەمەوپێشە و رێنووسی ئەو سەردەمە کردووە کە مەلا (( زۆرجار لە جیاتی پیتی ((ڤ )) ی (( و )) ی بە کار هێناوە لە گەڵ ئەوەشدا من لەم چاپە تازەیەدا ئاوەڕم لەم لایەنە داوەتەوە . وەك (( کریو ))کە مەلا مەحموود بە کاری هێناوە و کرمانجەکان دەڵێن (( کریڤ )) بە کارم هێناوە .[٧]

---

٧ - هاوکاری – ١٩٨٣/٥/٢٦ بەغدا – ژ((؟)) ل ٢ ، هەروەها – ((ڤیدا چوونەك لە سەر کتێبا داب و نەریتی کوردەکان – عەبدۆالرحمان نەقشبەندی – گۆڤاری رۆشنبیری نوێ – ژ١٠١ .بەغدا ١٩٨٤ .ل ١٤٢ .



Scanned by CamScanner

لە پاڵ تێبینیەکانی دوکتور نافع ئاکرەیی کە خۆزگەی خواستووە، تێکستە کوردیەکانی مەلا مەحموود بلاو کرابووایەتەوە ئەوا لەم چاپەدا پەیڕەوم کرد تا کورد بزانێ رێنووسی ئەو دوو سەدەیە چۆن بووە و ئێستا چ گۆڕانێك بە سەر رێنووسی پەخشانی کوردیدا هاتووە . سەرباری ئەو تێبینیانەی سەرەوە بە پێویستی دەزانم ناو نیشانی کتێبەکە بگەڕێنمەوە سەر ناو نیشانە ئەسڵییەکەی خۆی (( عادات و رسوماتنامەی اکرادیە )) و لە نێوان دوو کەوانەدا تا خوێنەر پتر لە واتاکەی بگەن نووسیومە یاخود کردوومە بە (( داب و نەریتی کورد )) .

جێگەی دڵخۆشیە هەر لە ساڵانی حەفتاکانەوە کۆمەڵێ مامۆستا و رۆشنبیر ئاوڕیان لە کارەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدی و ئەلیکساندەر ژابا داوەتەوە وەك : قەناتی کۆردۆیف ، دوکتور کەمال مەزهەر ، دوکتور عیزەدین مستەفا رەسوول و دوکتور مارف خەزنەدار و دوکتور ئەولرەحمانی حاجی مارف و دوکتور مەحموود عۆسمان و دوکتور شوکریە رەسوول و جەودەت هوشیار.لەم سەردەمەشدا فەرهاد پیرباڵ و رەشید فندی ئاوڕیان لەبەرهەم وکارەکانی مەلامەحموود داوەتەوە.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی هێژا سەیدا رەشید فندی بکەم کە لە ساڵی ١٩٧٩ هەندی ووشە و رستەی ناو ئەم کتێبەی بۆ ئاسان کردم .

پ.د .شوکریە رەسول

هەولێر ٢٠١٥



Scanned by CamScanner

**سەرچاوەکان :**

١ : ڕۆژنامەی باس – ژ ٢١٧ هەولێر٢٠١٤/١٢/٩ل ٢٢ (( گەنجینەی دەستنووسە کوردیەکان –فەرهاد پیربال )) .

٢،٣ : ذخائر التراث الكوردي في خزائن بطرسبورغ – جودت هوشيار هەولێر ٢٠١١ ز.ل ٣٠.

٤ : هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ١٦.

٥ : جريدة التاخي – عادات و تقاليد الاكراد – تعريب الدكتور احمد عثمان ابوبكر – مقدمة المعرب –بغداد ١٩٧٢ ((الدكتور احمد عثمان ))چوار بەشی ئەم کتێبەی بە زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە و پاشان بەرچاو نەکەوت .دەستنووسی ئەم وەرگێرانە ئێستالای بەڕێز (( محەمەدی مەلا کریم ە )) ((د.شوکریە ))

٦ : ذخائر التراث الكورديه في خزائن بطرسبورغ ...ص ٧ .

٧ : هاوکاری – ١٩٨٣/٥/٢٦ بەغدا – ژ((؟)) ل ٢ ، هەروەها – ((ڤیدا چوونەك لە سەر کتیبا – داب و نەریتی کوردەکان – عەبدۆالرحمان نەقشبەندی – گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ – ژ١٠١ .بەغدا ١٩٨٤ .ل ١٤٢ .



Scanned by CamScanner

# پێشەکییەکەی روودینکۆ

لە ناو ئەو کۆمەڵە دەستنووسە کوردیانەی .ئا.د.ژابادا[8] باشترین دەست نووس ،ئەم دەست نووسە چاپ کراوەیە.ئەم پەخشانەیە بە ناوی (( عادات و رسوماتنامەی اکرادیە )) یە واتە داب و نەریتی کورد .

خاوەنی ئەم بەرهەمە مەلا مەحموودی بایەزیدە ساڵی لە دایکبوونی نزیکەی ((١٧٩٧))ە .نژادی کوردە-ئەوەی لەم مرۆڤەدا دیارە توانایەکی زۆر و لێهاتووی بووە و بیرێکی فراوانی و بێ سنووری هەبووە. ئەمەش ئەوەیە کە گەلێ شتی بەخشیوە پێمان .

مەلا مەحموودی بایەزیدی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بە باشی زانیوە. بەم زمانانە توانیویەتی بەرهەم بنووسێ، لە سەردەمی خۆیشیدا بە یەکێ لە هەرە شارەزاکانی ئەم سەردەمە ناسراوە و قۆرئانیشی زانیوە.[9]

مەلا مەحموودی بایەزید ماوەیەکی زۆر لە بایەزید بەرێوبەری مەدرەسەی دینی ((حۆجرە ))بووە،لە ناو هاوچەرخەکانیدا وەك زانا و مامۆستایەکی ئایینی ناسرابوو . بەرهەمەکانی مەلا مەحموود بریتین لە گەلێ بەرهەمی جیاواز و خۆش و بەتام کە لە ناخی هوشیاریی و هەموو رووێکی ژیانەوە دەری هێناوە .

---

٨ - بروانە :سەرچاوە :م.ب.روودینکۆ (دەربارەی نووسینی دەستنووسەکوردیەکانی لە لێنگراد کۆ کراوەتەوە). مۆسکو ١٩٦١-ل١١٣-١١٤.

٩- بە درێژی لە بارەی ژیانی مەلا مەحموودی بایەزید:بروانە:

A-Jaba,Receuil des noticeset recits.st pbg 1860p.pv???-x٩



Scanned by CamScanner

بۆ نموونە یەکێ لەو کارانەی ئاوڕی لێداوەتەوە کاری ئەدەبی بووە .چەندەها بەرهەمی ئەدەبی نووسیوە لە گەڵ ئەو نوسراوە فولکلۆریانەیدا. لە زمانی فارسی و تورکی یەوە گەلێ بەرهەمی وەرگێڕاوە . مەلا مەحموودی بایەزید لە رووی زمانەوانی یەوە خاوەنی گەلێ بەرهەمی ترە.خاوەنی کتێبی گراماتیکی کوردی یە بە ناوی (رسالەی تحفە النخلان فی الزمان کوردان) لە گەڵ ئەم کارە گرنگەدا کتێبی رێزمانی (علی تەرماغی)یشی پێشەکی خستۆتە روو و بەشداری لە فەرهەنگی دیالیکتەکانی کوردی هەکاری و رەوەندی کە ( ئا .د.ژابا) دایناوە کردووە[10].

مەلا مەحموودی بایەزید یەکەم کەس بووە توانی مێژووی (شەرەفەالدین)ی بەتلیس بە ناوی شەرەف نامە وەرگێڕی و لە کۆتایشدا وەك شارەزایەکی بەرزی ژیانی کوردەواری و نووسەری ئەتنۆگرافی هەموو لایەنێکی داب و نەریتی میللەتەکەی پیشان داوە و چاکیش لە دەستووری ئایینی و خورەوشتی کوردی زانییوە .

قونسوڵی رووس لە ئەرزەرۆم .ئا .د-ژابا بە ناسینی مەلا مەحموود زۆر بەختیار بووە وەك یاریدەدەرێکی دڵسۆز و باوەڕ پێکراوی لە کار و باری دەستنووس دا یارمەتی ژابای داوە .هاندانی ژابا بوو کە مەلا مەحموود توانی هەموو دەست نووس و لیستەکان کۆ بکاتەوە .

---

١٠ - دەستنوسی ئامۆژگاری میللەتانی ئاسیای ئاکادیمییەی زانستی سۆڤیەت لە لینگراد .ئەرشیف .ژمارە.د.((٤٤٨)).(بێ گومان ئەم فەرهەنگەی کە دانراوە مەلا مەحموودی بایەزیدی بەشدارییەکی زۆر و هەوڵێکی زۆری تیاداوە ).



Scanned by CamScanner

ئەتوانین بەو پەڕی راستی یەوە بلێین کورد پەیوەندیەکی گەورەی بە مەلا مەحموودەوە هەیە چونکە توانیویەتی شتە بە کەڵکەکانی لە گەڵ یادگارە جوانەکانی سەدەی ناوەڕاست هەڵگرێ...ئەگەر هەوڵەکانی مەلامەحموود و ( ئاۆژابا)نەبوایە تا ئێستا بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست نەئەزانرا. - لەم دەستنووسەدا (داب و نەریتی کورد) مەلا مەحموود بەشێکی دەربارەی باری ئابووری کوردەموسڵمانە کۆچەرەکان تەرخان کردووە ، کە لە تورکیا ئەژین لە (کۆمەڵە کۆچەر –بازرگان –کاسبکار – پاسەوان ، فەرمانبەر ، مزگەوتە گەورەکانی کوردە دەرەبەگەکان ، یاسای سیستەمی هۆزایەتی)پێکهاتوون. کەرەسەی کولتوریان لە (خانوو دروست کردن – چەك – ئەسپ) پێکهاتووە و دەستووری خۆڕەوشت و ئاهەنگیان (خوازبینی – نیشان کردن – شایی ، خەتەنە سوران) مەراسیمی خزمایەتشیان بریتی یە لە (خوێندان (تۆڵە سەندن) ، شیربایی ، کەلیم) پەیوەندیان لە گەڵ ئافرەت و شێخ و پیریان و هاریکاری خزم و کەس وکار لە گەڵ چەند باوەڕێکی پڕ و پوچی پێشینیان کە تاکوو ئێستا لە ناو کوردەکاندا باوە . گەلی کورد لە پەخشانەکەی مەلا مەحموود وەکوو چاودێرێکی بەوەفای ئەبینێ کە هەڵگری داب و نەریتی باب و باپیرانمانی پاراستووە . مەلا مەحموودئەوە نیشان ئەدات کە کوردەکان میوان پەروەر و ئارام گرو خۆبەخت کەرن، سنگ فراوان و سوارچاکن، لە گەڵ ئافرەتیشدا بە پێ ی نەریتییان هەڵسووکەوت ئەکەن بە وەفانئازاو ڕەوشت بەرز و هۆشێکی بەرزیان هەیە .بەشێك لەو لایەنە خراپانەی کە نووسەر خستونیەتەڕوو دەربارەی چەتە و ڕێ گرییە. کە شەو هێرش ئەبەن



Scanned by CamScanner

کوردەکان ڕووت ئەکەنەوە، ئەمانە بەشێك لە کوردە کۆچەرییەکانن کە پەیوەندیان بە دانیشتوانی شارەوە نی یە . کەواتە (کوردەکان و بێجگە لە کوردەکان) نووسەر ئەو دوژمەنایەتیە روون دەکاتەوە کە لە مێژەوە لە نێوان کۆچەریەکان و شار نشینەکان هەبووە . نووسەر، کوردە کۆچەریەکان وەك چەتە و ڕێگر وەك مرۆڤێکی فێڵباز و سیخۆر نیشان ئەدات .

مەلا مەحموود ئەو ڕەقەبەرایەتیەی ئەم دوو لایەنە ئەخاتەڕوو ،(کوردە کۆچەریەکان و کوردە نیشتە جی یەکان) کەم تێکەڵی یەکتر دەبن . کوردە کۆچەریەکان لایان وایە خەڵکی شار بێ کەڵك و ترسنۆکن و بێ سوودن ، هەتا دەڵێن ئەومناڵانەی لەژنەگۆڕانەکان* بوون هیچ نین.بێ کار و ترسنۆك و بێ سوودن، نیشتەجیکانیش دەڵێن:مناڵانی ژنە کوردە کۆچەریەکان ناشرین و قەبە (کەتەن) و دز و لووت بەرز و لە خۆباییین ... هەربۆیە ئەم دوو لایەپێکەوە ناگونجێن و لە یەکتری تێناگەن. هەروەها لە زۆر کاتیشدا خۆشیان یەکتریان خۆش ناوێت. لە گەڵ ئەمانەشدا باوەڕیان بە یەکتری نی یە ( بڕوانە ل (٥٤) ).

- نووسەر لە گەڵ ئەمانەشدا ناتوانێ ئەو ئازایەتیەی لە نێوان کوردەکاندایە جیا بکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خاسیەتی کوردەکانی هەمیشە خستووتەڕوو کە ئازا و شەڕکەرن ، هەروەها بەشداری کوردە کۆچەریەکان نیشان ئەدا کە هەر ئەوانن هەرگیز لە گۆڕەپانی شەڕدا ، هەڵنەهاتوون هەتا ئەگەر لە گەڵ دەیان شەڕکەریشدا بووبن بەوپەڕی ئازایەتیەوە جەنگاون و

---

* ژنە شاریەکان ئەوانەی لە شاردا دادەنیشن .

بانگی ژنە کوردە کۆچەریەکانیشیان کردووە کە خۆبەخت کردن و باوەڕپێکراوی ناسراون.

لە تەنگانەدا یارمەتی کوردەکان ئەدەن .ئیشکەرو پیاون —هەمیشە شانبەشانی پیاو پارێزگاری ماڵ و منالیان لە دووژمن کردووە.

نووسەر نووسیویەتی : (ژنە شاریەکانیش... تەنیا گرنگی بەوە دەدەن کە هەر ژن بن ).

مەلا مەحموودی بایەزید هەندێ نموونەی نەناسراوی بەرهەمەکەی هێناوەتەوە کە بە درێژی لە ژیانی کوردەواری ئەدوێ لە رووی(ئۆردووگای سەربازی — ئەبر - بازرگانی بە قەرز (سەلەم)[11] پەیمان بەستن و کۆبوونەوەی شەوان بۆ گەنجان (ئیاخنا).... هتد.)

نووسەر بەشێکی خۆشی دەربارەی جەژنی ( بەران — بەردان) ی نووسیوە کە لە جەژنی بەهاردا بەرانەکانیان ئەکردە کێڵگەوە و بەرەڵایان ئەکردن.

بۆ یەکەم جار لە زانستی ئەدەبدا دەربارەی ئەم جەژنە نووسراوە ئەویش لە ووتارێکی( س.ڤیگاندەر)ە[12].

- نووسەر ئەم جەژنە ئەبەسرێتەوە بە زاراوەیەکی ئاڤێستای - ڤارش — هارەزانە یان (ڤارشی هارشتا )ئەم زاراوەیەش ئەوە ئەگەینێ کە بەهارا

---

[11] - جۆری سەلەم بە گشتی لە لایەن قەفقاسیەکان و کوردەکانی ئێران نەزانراوە بەڵام بە باشی لای ئەوکوردانەی لە ئێراق ئەژین زانراوە . بە باوەڕی من ئەمەیان لە عەرەبەکانەوە وەرگرتووە بە لای ئەوانەوە بازرگانی بەپێی ئەو باروزرووفەی ئەکرێ کە لە (سەلەم ) ی تیا روو ئەدات .(م.روودینکۆ) .

12 - S.vicander ,Ein fest beidenkaden unol in Avesta,orientalia saecana VOL((x))1960 – VPP sala 1961 s.7-10.

بەرانەکان ئەکەنە ناو مەڕەکانەوە ئەمەش لە سەرەتای مانگی (مارت و نیسان)ە .لەو کاتەی کە مەڕەکان لە مێرگەکان ئەگەڕێنەوە. ئەم کاتە لە گەڵ سالی تازەدا یەك ئەکەون .ئەم پەخشانە بۆ نووسینەوەی ژیانی خۆڕەوشت و داب و نەریت و بیر و باوەڕی کوردە مۆسڵمانەکانە،ئەوانەی لە (تورکیا ئەژین ) تەرخانە. ئەگەر بەراوردیان لە گەڵ داب و نەریتی کوردە موسڵمانەکانی ئێراندا بکەین هەروەك لە نووسینەکانی (ئا.ئا.ئاراکیلیان ،ك – خاچا تورۆڤ ، ئول ڤیلچێڤیسکی)،(ت – ف ،ئاریستوڤا)لای کوردە ئێزدیەکانی قەفقاس لە نووسینەکانە(س . یێگزارۆڤ)دەرکەوتن. ئەم داب ونەرێتانە بە گشتی لەیەك ئەکەن.هەرچەندە مەلا مەحموودی بایەزید لە کۆتایی پەخشانەکەیدا دەڵێ :

- ئەم داب و نەریت و خۆڕەوشتانە هەمووی هێ کوردە مۆسڵمانەکانەو ئەوانەش جیاوازیەکی زۆریان لە گەڵ کوردە ئیزدیەکاندا هەیە .پشت بەستن بە ڕای نووسەر و نووسینەکەی شتێکی گرنگە و مرۆڤ دڵنیا ناکات(ئەگەر نووسەر مەبەستی ئەم دێڕانەی لە رووی ئاییی یەوە بێ کە کوردە ئێزەدیەکان و مۆسڵمانەکان جیاوازیان هەیە بەڵام لە ڕووی خۆڕەوشت و داب و نەریتەوە وەك یەکن).لە گەڵ ئەمانەشدا کاتێ دەستنووسەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدیم بۆ زۆربەی زۆری شێخ وزانا گەورەکانی ئێزدیەکان خوێندەوە ئەوانەی کە شارەزاییەکی تەواویان لە داب و نەریتی کوردە ئێزدیەکاندا هەیە هەموویان تێبینی ئەوەیان ئەکرد کە دا ب و نەریتی یان لە گەڵ کوردە مۆسڵمانەکان دا وەك یەکە .



Scanned by CamScanner

پەخشانەکەی مەلا مەحموود بە دیالێکتی کرمانجی (شێوەی هەکاری) نوسراوە... زمانی نووسینەکەی سادە و ساکارە و نزیکە لە زمانی قسەکردنی کوردەکانەوە .

دەستنووسەکە بە دوو نۆسخە خراوەتە پێش چاو، یەکێکیان خەتی نووسەرەکەیەو ئەوی تریان لە سەری گیراوەتەوە (نووسراوەتەوە) .خەتی نووسەرەکە بووە بە بناغەی ئەم نووسینە و لە خوارەوەش وێنەی هەر دوو نووسینەکە ئەخەینە بەرچاو .

-١-

- دەستنووسی ژمارە ((کورد ٣٤ ))خەتی نووسەرە ...مێژووی دانانی ١٢٧٤ ((١٨٥٨-١٨٥٩ ))یە لەنێوان دێرەکان و لاتەنیشتی لاپەڕەکاندا بە لاتینی سەرچاوەکان نووسراوە، ئەم سەرچاوانەش زۆرجار لە نێوان تێکستەکاندا دووبارە ئەبێتەوە .

- هەروەها لە ناو تیکستەکاندا هەندێ ووشە و زاراوەش بە فەرەنسی وەرگێڕاون و لە سەر لاپەرەکەش بە خەتێکی روون ناونیشانی پەخشانەکە((کتاب عادات و رسوماتنامەی طوایف اکرادیە و اصول نظامات کورمانجی )) نوسراوە. پێوانەکەی 192:71x25سم یاخود بۆ تێکستەکە لەلاپەڕە (١٣٣ب و ١٣٤ ئا)یە تێکستەکوردیەکان لە لای راستی لاپەڕەکەوە ژمارەکان بە لاتینی نوسراوە ...لە لای چەپیشەوە ژمارەکان هەر بەلاتینی نوسراوە ،لە دەستنووسەکەدا هەڵەی زۆر کراوە بە تایبەتی دوای لاپەڕەی ((٧٩)) لە گەڵ ئەمانەشدا بە هەڵە ژمارە ((٩٠)) و ژمارە ((١١٢)) نوسراوە .

لە دوای ئەوەی کە ژمارە ((١٠٣)) نوسراوە لە لاپەڕە ((١٣٦))بە هەڵە ژمارەی ((١٣٨)) نوسراوە . لە لاپەڕەی ((٧ — ٩)) دا پێوانەی تێکستەکە ((١٦/٥ X١١/٥



Scanned by CamScanner

سم))ه کاغەزەکانیش ئەوروپی یەو خەتەکەش بە قەڵەمی رەش نوسراوە لە سەر شێوەی ئەوروپی و رەنگی شینە،مقەبا (کارتۆن)ی تێ گیراوە .

-٢-

- دەستنوسی (کوردی)((٣٥))لە سەری گیراوەتەوە ولە ساڵی ((١٨٦٨)) دا لە شاری سمیرنا بەخەتی شەهنەزەر ناوێك نوسراوەتەوە . پەخشانەکە بە زمانی فەرەنسی لە لایەن ئا.د.ژاباوە وەرگێڕاوە بە راستی و درووستی وەرنەگێڕاوە... رەنگە هۆێ ئەمەش ئەوە بێ بۆیان گێڕابێتەوە و (ژابا)وەری گێڕابێ .

- پەخشانەکە برێتی یە لە پێشەکی یەك بە زمانی فەرەنسی (ئا.ژابا)لەوە ئەدوێ کە مەلامەحموودی بایەزید نەیویستوە ناوی خوێبەرێ و هۆێ ئەمەش ئەوە بوو کە موسڵمانەکان باوەڕیان وا بووە کە بەرهەمەکانیان هەر بۆ موسڵمانەکان نەبێ ،بەڵکوو بێجگە لە موسڵمانەکانیش دەبێ سوودیان لێ وەرگرن .لە پەخشانەکەدا بە زمانی فارسی و عەرەبی چەند پارچەیەکی تر دەبینن کە نوسراون ((٢٣٩ئا-٢٦٢ ئا ))بەم شێوەیە (١٨X٢٥) پێوانەی لاپەڕەکە ((٢٣٩ – ٢٦٢ – ١٦X٥ ))ژمارەکان رۆژهەلاتین (١ ئا –کە) ئەوروپی یە لە لاپەڕە ((٨))دێڕی ((١٠))ژمارەی تێکستەکە ((٨X١٩)).

لای راستەوە تێکستی کوردیە و لای چەپەوە بە شاقوڵی تێکستی لاتینی یە کە بە فەرەنسی وەرگێڕاوە.

- لە پەخشانەکەدا تێکستە کوردیەکان بە ئەلفبای عەرەبی نوسراون و هەندێ جار چاوگ و کرداریش بەرچاو ئەکەون.خەتەکە رۆژهەلاتی نی یە و بەباوەڕم خەتی (ئا.د.ژابا)یە.کاغەزەکە ئەوروپی یە...تێکستەکە بە



Scanned by CamScanner

قەڵەمی رەش و بە مقەبا ورەنگی شین رازاوەتەوە.ئامانج و بڵاوکردنەوەی ئەم یادگاریەی لە بەردەستایە سوودێکی زۆری بۆ ئەوانەیە کە خەریکی کاری (ئەتنۆگرافی و زمانەوانی)ین ئەم بەرهەمە زانیاریەکی زۆرە بۆ لێکۆڵینەوەی کولتوری کوردەکان .

هیوادارم ئەمە خزمەتێك بێ بۆلێکۆڵینەوەکانی داهاتووم و تێبینیەکان ،لە گەڵ وەرگێڕانەکەدایە کە زۆر کات لە سەر بنچینەی ئەو کەرەسانەی کە کۆم کردووتەوە نووسیومەتەوە .

- بەم بۆنەیەوە گەرمترین و جوانترین سۆز و سوپاسم ئاراستەی شارەزایانی کورد ( ئاسۆجەنگۆ ، شکۆ حەمەتۆف،عەلی جەنگۆ) ئەکەم هەروەها بۆ دڵسۆزانی کاروانی ئەم کارە کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە لە کۆکردنەوەی کەرەسە و زانیاری یارمەتیان دام وەك (ئیسمایل سادۆ )کە لەم ماوەیەدا کۆچی کرد لە گەڵ (مارۆڤ مەمەدۆڤ )دا .

- لە ناخەوە سۆپاسێکی بێ پایانی (ن — ئا — کیسلیاکوف) ئەکەم کە یارمەتی و گەلێ ئامۆژکاری و تێبینی بە سوودی پێشکەش کردم .

هەروەها سۆپاسم بۆ ئەوانەش (ئو .ل.ڤیلچێفسکی ، ئی م پێشێرێڤا ) کە چەند تێبینی و یارمەتیان دام .

لە کۆتایی داسۆپاسی (ژ.س.موسایلیان )ئەکەم کە لە کاتی بەراورد کردنی تێکستەکاندا یارمەتی دام .

م.ب — روودینکۆ



Scanned by CamScanner

# داب و نەریتي كورد

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان...خوای هەمووان ...درودی خوا لە محەمەد و هەموو کەس وکاری بێت .

با ئاشکرا بێ لای بەڕێزان ، قوتابییان و شارەزایان کە ئەم میللەتە کوردە لە کۆنا لە تیرەی عەرەبی بەدەوی(دەشتەکی)یەوە هاتوون[١٣] .

لەکۆنا لەو تیرە(تایەفە)عەرەبە بەدەویانە هەندێکیان بە ماڵ و منداڵیانەوە جیابوونەوە و هاتنە ئەم جێگایە ،هەموویان یەك خێڵ بوون.[١٤]

زمانی هەموویان لە کۆنا عەرەبی بووە و یەك تیرە بوون[*]

---

١٣- نوسەر لەوبڕوایەدا بووە کە کوردەکان یەکەم میللەت بوون ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە پاشان چوونە ناوسیستەمی هۆزە بەدەویە کۆچەرەکان،کەلەسووریا شەڕیان کردووە . (م.رۆدینکۆ)

١٤- نووسەر مەبەستی لەزاراوەی (خێڵ)و(تیرە)خزمایەتی خوێنە بەلای نوسەرەوە.(تیرە زیاتر نزیکایەتی خزمایەتی ئەگەینێ،لە یەك باوکەوە هاتووە وگروپی بچووکی گرتوە .بەڵام خێل (قەبیلە) زیاتر مەبەستی لەخزمی دوورە.هەروەها زاراوەی (رەگەز) بۆ (تیرە) گونجاوترە. (م.رۆدینکۆ)

* - گۆمان لەوەدا نیە گەلێ بیروڕای جیاواز دەربارەی رەسەنیەتی کورد و پەرە سەندنی مێژووی کورد نوسراو هەیە - هەتاهەندێك لە (مێژونوسان)یش بە پێچەوانەوە ڕاستی رەسەنی مێژووی کوردیان چ بەسامی و چ بەتورك چ بە زمانێکی تێکەڵی فارسی نیشانی گەلانیان داوە بەڵام ئەمڕۆ زانست ئەوەی دەرخستووە کە کورد لە هۆزەکانی زاگرۆسە(گۆتی ولوولووبی ...هتد ) کە هەر لە کۆنەوە لە مەڵبەندی چیاکانی زاگرۆسدا نیشتەجێ بوون لە نەوەی میدیەکانن کەخاوەن ئیمپراتۆر بوون لە مێژوودا . "وەرگێڕ...شوکریە رەسول"



Scanned by CamScanner

هەتا ووشەی کوردستانیش نەبووە... پاش ئەوەی کە ئەمانە هاتنە ئەم جێگا چۆڵەی سنووری ئێران و خۆراسان ئەوانە هۆز و تیرەیان دروست کرد. هەریەکێك لەوانە ناوێکی هەبووە .وەکوو ئەگەر یەکێك پێیان ووتبێ (حەیدەر)ومناڵی زۆری بووبێ بە ناوی باوکەوە هەموویان بانگ کراون بە (حەیدەری)ئەوانەش یەکێك بووە لە تیرەکان و خزمایەتی خوێن زیاتر زیاتر کۆیان کردبونەوە.یاخۆد بڵێین یەکێك لەوانە ناوی (زیلو)بووە هەرچی مناڵێك لەم (زیلو)یە بووبێ ، پێیان ووتوە: زیلوزیلی یە بەناوی باوکەوە بانگیان کردووە.هەر بەم ڕێگەیە تیرەی تر دروست بوون مەبەستیش لەم تیرانە، هەر تیرەیەك کوڕی باوکێ بووە و بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژان ژمارەیەکی زۆر لە خێزان درووست بوون و یەك ئەوەی تری پاراستووە ، بە پێ ی پلەی نزیکی خزمایەتی برای برای پاراستووە یان خود کوڕی مامەکانیان. پەیوەندی خزمایەتی و گیانی خۆشەویستیش لە نێوان کەسانی خێزاندا پشتی یەکیان گرتووە ، بەم شێوەی تیرە (تایەفە)درووت بوو .

ووشەی کورد ،کوردەکان لە ووشەی (گردە)بەواتای خڕبوونەتەوە،کۆبوونەوە هاتووە .ئەمەش ئەو دەشتەکیانە ئەگرێتەوە کە دراوسێ ی ئێران و فارس و خۆراسان بوون .

ئەمانە لە هەر تیرەیەك لەم تیرانە زمانیان وەرگرت و زمانی کۆنی خۆیان لە یاد کرد کە(عەرەبی)بووە.بەپێ کات و ماوە بوونە چەند(هۆز)[١٥] و

---

١٥- ووشەی – گرد – گردە – ووشەیەکی فارسی یە بە واتای خڕبوونەوە یاخود گردبوونەوە.

(خێڵ)[16] و تیره.ئیتر ناوی ئەمانە بە کورد یاخود کوردەکان مایەوە لەبەرئەوەی زمانیان گردبۆتەوە و تێکەڵن لە زمانی فارسی و ئیرانی . بەم شێوەیە ئەم تیرانەی کەلەهەرناوچەیەکدا کۆبوونەتەوە بە کورد و کوردەکان ناسراون ،بوونەتە میللەتێکی ناسراو ...بەڵام زمانی ئەمانە بە پێ جیگا و شوێنیان هەندێ جیاوازی تیا ئەبینرێ.هەروەك زمانی عەرەبی و فارسی و ئەوانەی کە هاتوونەتە ناو ئەم زمانەوە شێوەی جیاوازە .بۆ نموونە شێوەکانی حیجاز و میسری و عەرەبی، بەدەوی جیاوازیان هەیە و لەیەکتری ناگەن .

پاشان ئەو پەیوەندی و یەکێتی یە دروست بوون (خێڵ)یان پێ وتوون .

هەروەها هیچ گونجاندنێك لە زمانی فارسی دەری و پەهلەوەی و عیراقی و ئازربێجانی دا نابینرێ[17] وهەروەها دیالێکتەکانی زمانی کوردیش جیاوازیان هەیە .

- کورد ڕێزی رەگەز و نەسەبی خۆیان زۆر لەلایە بەشێکیان لە ناو گەورە ئاغاکانیدا بۆ (سەید)[18] و (سەحابە)[19] ئەگەڕێتەوە .هاوەڵەکانی پەیغەمبەر ( ئەسحاب زادە ) ئەسحاب زادەکان وەکوو (عەباسی[20] خالدی ئانسی[21] مروانی[22].

---

١٦ - لەسەرەتاوە عەشیرەت (خێڵ)پەیوەندیان بە شەڕ و شوڕبووە ."م.رۆدینکۆ"

١٧ - مەبەستی لە زمانی فارسەکانە کە لە ئێراق و ئازەربایجان دا ئەژین .

١٨ سەید بۆ نەوەی پەیغەمبەر ئەگەڕێنەوە .

١٩ ئەسحاب زادە – بۆ هاوەڵەکانی پەیغەمبەر ئەگەڕێنەوە ( ئا . ژابا)

٢٠ عەباسی .حاکمی هەکاری بووە .(ژابا).

٢١ خالیدی – حاکمی بۆتان بووە . (ژابا).

٢٢ مەروانی حاکمی بایەزیدبووە.



Scanned by CamScanner

زۆربەی هەرەزۆری کورد ناو حەوت باپیرانیان ئەزانن .خزمایەتی و پەیوەندی وون ناکەن ... بۆ نموونە خزم و کوڕی مام کەسێك لە شام و میسر دا هەیە ،باوك باسی ئەو کوڕی مامە (ئامۆزا)خزمە بۆ کوڕەکەی ئەگێڕێتەوە، وەسیەتی بۆ ئەکات، کە لە فلان وولات و فلان گوندوفلان تیرە ناوی ئەم خزمە کوڕە مامە هەیە و پارێزگاری بکە . ئەم کوڕەش لە سەر هەمان وەسیەت رێڕەوی باوکی وەسیەتەکە بۆ منالەکانی دەگێڕێتەوە .

- لە لایەکی تریشەوە ئەگەر کورد خوێندار (حەقدار)بن لە گەڵ مرۆڤێکی وولاتێکدا ئەوە ئەم تۆڵەیە بە درێژایی ئەو مێژوو و شەڕ و خوێنداریە بۆ منالەکانیان ئەگێڕنەوە . هەروەها نەریتێکی تریشیان ئەوەیە ئەگەر چوونە وولاتێکی بێگانە بە خێرایی و بە پەلە ڕەگەز و بنچینەی خۆیان نالێن ،لەبەر ئەوەی نەبنە خوینەخۆر یان لەوانەیە دەعوایەکی کۆنیان لە نێواندا دەرکەوێ ،تازەبێتەوە .

بە کورتی کۆنە ڤین لە ناو کورد دا وون نابێ و هەتاحەوت پشت ئەم ڤینە هەلئەگرن .

- کورد ئەو پەڕی (رێزی ویژدان و شەرەفیان) لایە ئەگەر یەکێك گۆناحێکی گەورە بکات و بچێت خۆێ بخاتە بەر ویژدان شەرەڤی یەکێك، ئەوە لە گۆناهی ئەبوورن و هەمیشە بەویژدان شەرەڤی سوێند دەخۆن و بە هیچ جۆرێك شتێکی درۆ ناخەنە ویژدانی خۆیانەوە . ئەگەر مرۆڤێك بە یەکێکی ووت : (ئەم کارە وانەبووە !) وئەوی تر ووتی (بە شەرەفم وا بووە ) باوەڕی پێ ئەکەن .



Scanned by CamScanner

واته له ناو کورد دا سوێند خواردن به شەرەف زۆر گەورەیە . ئەگەر ویستیان یەکێك بکوژن و ئەو کاتە ئەو مرۆڤە خۆی ئەهاوێتە بەر شەرەفی یەکێکیانەوە ئەڵبەتە ئەو کاتە بەهەر شێوەیەك بێ لەو مرۆڤە خۆش دەبن و له کوشتن رزگاری ئەکەن .

داب و نەریتی کورد ئەوەیە ئەگەر لە کاتی شەڕدا یەکێك لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە یاخود بە دیل گیرا ئەوە ئەو دیلە ناکوژن .

یەکێ لە خۆڕەوشتی کورد ئەوەیە کە بچووك بە بچووك لە سەر بێشکە مارە دەکەن وەکو ئەگەر یەکێك کچێکی بوو یەکێکی تریش کوڕێك، ئەوە لە رۆژی لەدایکبوونیان کچەکە لە کوڕەکە مارە ئەکەن و ئەم خووەش (بێشك کرتمە)[٢٣] پێی دەڵێن .

کاتێك هەر دوومناڵەکە گەروە بوون ئیتر شرم و رێگەگرتن نامێنێ وکە گەورە بوون شایی و زەماوەندیان بۆ ئەگێڕن.

لە ناو کورد دا (بەردیلی – گۆڕینەوە ) ، (ژن بە ژن ) هەیە بۆ نموونە یەکێك خۆشکەکەی خۆی ئەدا بە شوو و خۆشکی ئەو کەسە ئەهێنێ کە خۆشکەکەی داوە پێ ی یاخود کچەکەی ئەدا بەژن و کچی ئەو ماڵە دەخوازێ و هەریەکەیان لای خۆیەوە مەسرەف و خەرجی شاییەکە ئەکات .

زۆربەی زۆری کورد لە بەهاردا شایی ساز دەکەن. لە بەر ئەوەی لە زستاندا جێگەیەکی تایبەتی بۆ زاوا و بووك نی یە کە شایی و هەڵپەرکێ تیا بکەن ولایەکی ڕەشماڵە کە یاخود گۆشەی ژوورەکە بۆ زاواوبووك بە پەردە

---

٢٣- بێشك کرتمە : واتا مارە کردنی منداڵ لە سەر (بێشکە ) یان خود (مەلوتکە )ئەم نەریتەش بە زۆری لە ناو کوردە موسڵمانەکان و ئیزدیەکاندا وەك یەك بڵاو بووتەوە .

مرۆدینکۆ

ئەڕازێننەوە .ئەو بووك و زاوایە لە پشت پەردە (جووت دەبن) یا (گردك دەبن ) .

- یەکێك لە داب و نەریتیان ئەوەیە ئەگەر جێگەیەکی تایبەتیان نەبوو ئەو کاتە باوك و کوڕو برا و ژنەکانیان لە ژوورێکدا پێکەوە ئەنوون .کچ و بووکی کوردەکان لەکەس خۆیان ناپۆشن .

- کورد هەموو ساڵێك لە بەهاردا لە ((٢٠)) ی مانگی ئازاردا بەرەو کوێستان ئەچنە دەرەوە لەنزیك زۆزان (قشلاق) کەشوێنی خۆیان و رانە مەڕەکانیانە پێ دەڵێن ( واری کوزی )[٢٤]ئەمانە هەتا مەڕەکانیان ئەزێن هەر لەوێدا ئەمێننەوە و پاشان ئەم جێگایە بە جێ دێڵن و بەروە لەوڕگایەکی تر لە دەشت و دۆڵەکانی بەهار و پاییز کات بە سەر ئەبەن .
هاوینانیش لە (زۆزان)[٢٥] وچیاکاندا ئەمێننەوە .

هەر دە و بیست و سی و چل خێزانێك شوێنی تایبەتی بۆ خۆیان و بۆ مەڕەکانیان هەیە و هەلایەکیان رانەکانیان لەجێگایەکدا دائەنێن بێ ئەوەی لە لەوڕگای ئەوانی تر نزیك بێتەوە . خۆ ئەگەر تێکەڵی یەکتر بوون ئیتر ئەوە ئاژاوە دروست ئەبێ هەر بەرمیەك[٢٦] (وەجاخ)لە چەند خێزانێك پێك دێن کە لەناولەوەڕگاکاندا پێکەوە ئەژین .بە هەمووشیان دەڵێن (زۆما)[٢٧].

---

٢٤- وارکوز : ئەو شوێنەیە کە مەڕ و بزنی تیا ئەلەوەڕێ .(لەوەڕگا)

٢٥- زۆزان – چیایەکی بەرزە جێگای هاوینی کۆچەرە ( هاوینە هەوار ) ( م.رۆدینکۆ ).

٢٦ - بەرە بە کۆمەڵە خێزانێك دەوترێت کە ژمارەیان (١٠ بۆ ٢٠ ) خێزانێك بێ (م.رۆدینکۆ).

٢٧ - زۆما – کۆمەڵێکی زۆر گەورە نییە ... بریتیە لە چەند خێزانێك کە ژمارەیان لە (٨ بۆ ٢٠ ) خێزانێك ئەبن . لە کاتی دروست بوونی ئەم ژمارەیە (زۆما ) کوردەکان هەوڵ ئەدەن ژمارەی مەڕەکانیان ئەگاتە هەزار سەر سەرکردایەتی زۆما یەکێك ئەگرێتە دەستی ئەبێ ئاغا یا خۆد یەکێکی دەوڵەمەند بێ (بەرە).



Scanned by CamScanner

ئەم بەرەیە بەناوی ئاغاکانیانەوە یاخود شێخەکانیان کە تەمەنی لە هەموویان گەورەتربێ ناو ئەبرێ،وەك ناوی ئاغایەکیان یا گەورەیەکیان :عەلۆ یا خۆد حەسۆ بووە ئەوە ئەو زۆمایە بە ناوی زۆماعەلۆ یا خۆد زۆماحەسۆ ناو ئەبرێ .زۆمێن ئەمانە وەکوو گوندەکان ناوی هەیە واتە هەر زۆمێك ناوی خۆێ هەیە بەرەکەشیان بە ناوی زۆما فلان و کەس و زۆما فلان ئاغا دەڵێن .

خۆ ئەگەر شتێکت پێویست بوو، بەدوای زۆمایەکی ناسراودا ئەگەڕایت ئەوە زۆماکەت پێشان ئەدەن و ئەچیتە لایان و ئەیاندۆزیتەوە .بۆ زیاتر پارێزگاری کردن و مەترسی یەك هەموو هۆزەکە

زۆما – کۆمەڵێکی کاتیە :تەنها لە بەهاردا دروست ئەبێ و هەتا پاییزێکی درەنگ ئەمێنەتەوە و لە هاوینیا کۆچ ئەکەن و لە سەرەتای زستان ئەگەڕێنەوە . بە درێژی بڕوانە کارەکەی (ئیگیزارۆف - کورتەی ئەتنۆگرافیای کورد .ل١١٩.

لە نزیك شاخێکەوە یا خۆد دۆڵێکەوە کۆ ئەبنەوە لە نزیك یەکەوە ڕەشماڵەکانیان هەڵ ئەدەن لە شێوەی ئۆردووگایەکدا .بەم جۆرە ڕەشماڵانە ئەوترێ(عەبر)[28] ئەلێن :(فلان عەشیرەت عەبری هەڵداوە ).

خۆ ئەگەر مەترسیەك لە لایەکەوە روو بکاتە ئەم جێگایە ئەوە بە هەر چوارلادا پاسەوانەکان شەوارە ئەگرن هەتا ئاغا و گەورەی زۆمەکەش بە شەو ناخەون و هەموویان بە ئەسپ و چەکەوە خۆیان ئامادە ئەکەن. هەر لە لایەکەوە دەنگێ یا خۆد ئەگەر هەرایەك پەیدا بوو ئەو کاتە هەموو بە

---

٢٨ - (عەبر ) – یەکگرتنی شەڕ .



Scanned by CamScanner

جارێك سواری ئەسپەكانیان ئەبن و روو ئەكەنە ئەو جێگایەی كە دەنگ و هەراكەی لێوە دێت.

رێكەوتی وا ئەبێت هەر كە زانیان دوژمن بەرو روویان دێت ئەوە تەپڵ و دەفەكانیان بە شەو و بەرۆژ لە هەر كاتێكا بێ لە جێگەیەكی بەرز لێ ئەدەن بۆ ئەوەی دەنگی بگاتە هەموو زۆمەكان.

- كاتێ كە گوێان لە دەنگی تەپڵ و دەفەكە بوو هیچ كەسێك نامێنێ و هەموویان بە خەیرایی بە سوار و پیادە بە دەنگی دەفەكەوە دێن و هەر ژنێكیش دارێك ئەگرێ بە دەستیەوە و خۆیان ئامادە ئەكەن و بەرەو شەڕەكە ئەڕۆن . هەركەبێنیان شەڕ لەماڵەكانیان نزیك بووتەوە ئەوە بەخۆیان و تێلا كانیانەوە بەرەو شەڕەكە دەڕۆن و یارمەتی پیاوەكانیان ئەدەن .زۆرجاریش روودەدات ژنانیش ئەكوژرێن و بریندار ئەكرێن.بە كورتی ئەگەر شەڕێك رووبدات ئەوە ژن و پیاوەكان پێكەوە شەڕ ئەكەن.

جاری وا بووە هەزار سوار داوینە بە سەر (٤٠ — ٥٠ ) ماڵێكی كورددا و نەیانتوانیوە پەرش و بلاوەی لێ بكەن . هەر بۆیە لە ناو كورد دا ئەم پەند باوە : (شەڕی كۆپەكان* لە سەر دییلانن *واتە شەڕی پیاوان لەسەر ژنانە، كوردەكان پارێزگاری ماڵەكانیان تا دوا هەناسەی ژیانیان ئەكەن .

- لای كورد نەریتێكی تر هەیە ئەویش ئەوەیە كاتێ زانیان ژمارەی دوژمنەكانیان زۆرە و خۆیان كەمن سواری ئەسپەكانیان دەبن و بەرەو چیاو دۆڵەكان ئەكەونە رێ و ماڵەكانیان بە دوژمنەكانیان دەسپێرن و خۆشیان لە

* - كوپەك - وشەیەكی توركیە بە واتای سەگ .

*- دیلان - دێ - دەڵە واتا دەڵە سەگەی — سەگی مێ .



Scanned by CamScanner

دووره‌وه بیر ئه‌که‌نه‌وه و ته‌کبیر ئه‌که‌ن و چه‌ك و ئامێری شه‌ڕ دروست ئه‌که‌ن و له گه‌ڵ یه‌کتریدا بڕیار ئه‌ده‌ن که هه‌ڵ نه‌ین و له شه‌ڕ دا را نه‌که‌ن .یه‌کێك له‌وانه ده‌ڵێ :

(ئای کوڕه ئازیزه‌که‌م مه‌حو که‌وته ده‌ستی دوژمن ) و ، ئوی تریش ئه‌ڵێ : ( ئای کچه‌که‌م ئایشێ که‌وته ده‌ست دوژمن )به‌م جۆره هانی یه‌کتر ده‌ده‌ن و غیره‌ت ئه‌ده‌نه به‌ر خۆیان له‌م هه‌را و هۆره‌دا دوژمنه‌کان خه‌ریکی تالان و بردنی مه‌ڕ و مالاتیانه‌وه خه‌ریك ده‌بن ...جا چه‌نده ئه‌م دوژمنانه به هێز بن کورد هێرشیان بۆ ئه‌به‌ن و لێیان تێك ئه‌ده‌ن و ژنانیش له ناویاندا به داره‌وه یارمه‌تیان ئه‌ده‌ن و دوژمنه‌کانیان په‌رێشان ئه‌که‌ن.

- کورد هه‌تا خوێندار (حه‌قدار) نه‌بینن توڵه‌ی خۆیان ناسه‌نن و حه‌زیش له کوشتار ناکه‌ن له شه‌ڕ و رووبه‌ڕووبوونه‌وه.مرۆڤ ده‌گرن و ئازاری ئه‌ده‌ن و پاشان به‌ره‌ڵایشی ده‌که‌ن ،به‌ڵام له کاتی (زه‌نا – لاقه کردن) واته خراپ کردنی ئافره‌ت ئه‌وه ئه‌و ئافره‌ته ئه‌کوژن ئه‌گه‌ر ژن و دایك و کچ و خوشکیشیان بێ.[29] ژنه‌کانیش له‌م کاره خراپانه به‌شه‌و کچه‌که‌یان ئه‌خنکێنن ،خه‌سو بووکی خۆێ و خوشك خوشکی خۆی ئه‌کوژێت یاخود زه‌هر ده‌رخواردیان ده‌که‌ن .له‌م کاته‌شدا گه‌وره‌کانیان ئه‌گه‌ر ئاغا و شێخیش بێ لێان ناپرسی (بۆچی ئه‌مه‌ت کوشت ؟)له راستیدا ژن له مێرد هه‌ڵهاتن له ناو کورد دا باو نی یه .

---

٢٩ - بڕوانه: ك . خه‌جا تۆرۆف .کورده‌کان "داب و نه‌ریتی ژیانیان "گۆڤاری سبورینك ده‌رباره‌ی "خێله‌کانی قه‌فقاز" ژماره((٢٠))بتلیس ((١٨٩٨)) .ل.((٨٦)) هه‌روه‌ها کاره‌که‌ی یه‌کیزارۆف ل.((٤٨)) و کاره‌که‌ی فیلچیڤسکی ل.((٢١٣)) .



Scanned by CamScanner

ژنەکانیان رووپۆش و پەچە لە کەسێکی نەناسراو ناپۆشن و سەربەستن.
هەروەك ئافرەتی ئەوروپی وان.ژنی کورد خیانەت لە مێردەکەی ناکا ،خۆ ئەگەر خیانەتی لە کرد ئەوە هیچ رێگەیەکی تری نی یە تەنها کوشتن نەبێ . ژن و کچی کورد زۆر حەز لە کارکردن ئەکەن ،ئازا و دەست رەنگینن – کلاو و بەڕە و گونیەو لباد دروست ئەکەن .لە ماڵێکدا ئەگەر کارکەریان نەبوو، ئەوە ئەوە بزانە کارکەری ئەو ماڵە ژنەکەیە ،هەرچی کار و باری ماڵە بە دەست ژنەکەیە هەتا ئەسپی مێردەکەیشی بە خێو دەکات .پیاو هیچ کارێکی گرنگی نەگرتۆتە خۆ تەنها بۆ شەڕو چەکداری نەبێ تەنانەت کار و باری بازاڕوفرۆشتنیش ئافرەت گرتوویەتیە ئەستۆ .
لە دیوە خانیشدا دادەنیشن و بەشداری هەمووکار و باروئامۆژگارییەکن رێزی میوانەکانیان ئەگرن .کاتێ کورد لە وارێ بۆ وارێکی تر بار ئەکەن چەند سوارێکی ئەو زۆمەیە لە پێشەوە ئەڕۆن و بەسەر شانیانەوە رمەکانیان هەڵگرتووەوبە دواشیانەوە ئافرەتەکان وەك کاروان لەگەڵیاندا دەڕۆن و مەڕ و ماڵاتیان و شتە ومەکەکانیان هەموو بە دوایانەوەیە .بەم سوارانەی کە پێشیان کەوتوون پێان دەڵێن : (پێش کوچی – سەر قافڵە ) ئەگەر لە رێگا دوژمن پەیدا بوو ئەوە یەکسەر بەرەنگاری سەر قافڵە ئەبن .
خۆ ئەگەر شەڕ و پێکدادان روویدا ئەوە ژنەکانیان کۆڵەکانیان دائەنێن و سۆپەر بۆ منداڵەکانیان دروست ئەکەن و چاومڕێ شەڕ ئەکەن و تفەنگ و دەمانچە و برنەو هەڵئەگرن .ئەگەر سەرۆکی کاروانەکە یاخود پێشڕەوی کاروان سەرکەوت ئەوە هەموویان دڵخۆش ئەبن و ماڵەکانیان هەڵئەگرن و بارئەکەن .خۆ ئەگەر دوژمن بە سەریاندا سەرکەوت ئەوە سوارەکان خۆیان



Scanned by CamScanner

ئەگەیننە کاروانەکە و کوشتار بەردەوام ئەبیٚ هەتا لە لایەکەوە یارمەتیان بۆدیٚ .

- یەکێك لە رەوش و داب و نەریتی کورد لەکاتی شەڕا ئەوەیە کە یەکێك ئەنێرن بۆ هەموو لایەك و داوای یارمەتیان لیٚ ئەکەن .

- ژنە دەوڵەمەند و ناسراوەکان لە رۆژی بارکردندا سواری ئەسپ ئەبن و خۆیان چەکدار ئەکەن و ڕم بەدەستەوە ئەگرن و خۆیان جوان ئەڕازێننەوە و پێش کاروان ئەکەون بەڵام ژنە هەژارەکان مناڵەکانیان بە پشتیانەوە ئەبەستن و لە گەڵ کارواندا ئەکەونە ڕیٚ .

- لە هەر زۆمێکدا دوو پاسەوان هەیە کە هەر یەکەیان بە شەو بە دەورماڵەکاندا دەگەڕێن و هەرکە هەستیان کرد دوژمن پەیدا بووە هاوار ئەکەن و ئاوایی خەبەر ئەکەنەوە و رووبەرووی دەنگەکە ئەبنەوە .ئەگەر بەشەو هاوڕیەك ،ناسراوێك رووی کردە زۆمەکە ئەوە ئێشکگرەکانی شەو بەروپیریان ئەچن و بەخێر هاتنیان ئەکەن. هەروەك ئێشکگرە ئۆردووگایەکان دەستووری خۆیان بەجیٚ دێنن .پاشان میوانەکان ئەچنە ناو زۆمەکە و هەرچەندە میوان بێتە زۆمەکەوە ئەوەندە میوانی شێخ و ئاغاکان زۆر ئەبیٚ،ئەگەر میوانی ئاغا زۆر بووئەوە بە سەر ماڵانی زۆمەکەدا دابەشیان ئەکەن .زیاتر سوارەکانیان ئاغا و دەوڵەمەند و ناسراوەکان قاوە و تاقمی قاوەیان هەیە کە بەکاری ئەهێنن .ئەگەر میوانەکان قاوەیان پیٚ بووناهێڵن بەکاری بێنن بەڵکوو قاوەی خۆیانیان بۆ بە کار ئەهێنن .لەکاڵی ئاغا و گەورەکاندا پەردەی (چین و کودەری )هەیە واتە رەشماڵەکانیان کون کردوە و بەناو راستیا پەردەیان گیراوە و ئاوەها بووە بە دوو بەشەوە .



Scanned by CamScanner

بەشێکیان بووە بە دیوەخانی ئاغاومیوانەکان تەرخان کردووە،بۆ میوانەکان بەرخ و مەڕوبزن سەر ئەبڕن و رێزێکی گەورە لە میوانەکان ئەگرن .

ئاغا و گەورەی هەر زۆمێك... مەلایەکیان هەیە کە بانگیان بۆ ئەدات ، بەیەکەوە نوێژ ئەکەن ،بە منالآنیان دەخوێنن .مارەکردن و لەسەر مردوو خوێندن، کفن کردنی مردووە هەر کاری مەلایە .هەر زۆمێك زەکاتی مەڕو پارە و خەرمان ئەدەنە مەلا و زۆر رێز لە مەلا ئەگرن .هەر بۆیە لە ماوەی سالێکدا مەلای هەر زۆمێك دوو سێ هەزار قرشی[30] دەس ئەکەوێ .ئەگەر لە مالێکدا یەکێك مردبێ، ئەوە جلەکانی ئەدەنە مەلا و هەژاران و جلی مرووەکەش نافرۆشن .

لە کاتێکدا ئەگەر گەنجێك مردبێ شینی گەرمی بۆ دەگێڕن و خەمگین دەبن و جلی رەشی بۆ لەبەر ئەکەن ،سەریشیان بە رەش ئەبەستن.[31]

ژن و کچ و خوشکی مردووەکە پرچیان ئەبڕن و شینێکی گەورەی بۆ ئەکەن و خۆ ئەگەر مردووەکە پیاو بێت خاوەن ئەسپ و چەك بێ ئەوە چەك و تاقمەکەی بە ئەسپەکەوە دەڕازێننەوە و لەگەڵ جەنازەکە بەرێ دەکەن .کچ و ژن و دایك و خوشکی مردووەکە لاوك و شینی بۆ ئەکەن (وەی لە من بابە – وەی لە من برا – وەی لە من ئامۆزا ) ی بۆ ئەڵێن .هاوار و دەنگی خۆیان بەرز ئەکەنەوە، ئەگەر کەسێك لەخۆیان نەبێ و ئەم شینە ببینێ دڵی بۆیان

---

٣٠ - قرش – پارەیەکی بچووکی تورکیە .(م.رۆدینکۆ)

٣١ - بەدوورودرێژی بڕوانەکارەکانی (د.بلیاف )کورتەیەك دەربارەی بەشی رۆژهەلاتی کوردستان – گۆڤاری دەنگ و باسی شەڕی قەفقاس تەبلیس((١٩١٠)) ژمارە ((٢٩)) ل .((٣١)) پەگیزاریۆڤ کورتەی ل . ((٥٠)) وەخەجا تۆرف کوردەکان ل. ((٨٨ – ٨٩ )) ڤیلچێڤسکی – ل. (( ٢١٠)) م.رۆدینکۆ .



Scanned by CamScanner

ئەسووتێ و ئەگری...بەم شێوەیە مردووکە ئەبەنە سەر قەبران و ئەینێژن .ئەو ژنانەی کە پرچیشیان بۆ مردووەکە بڕیبوو پرچەکانیان بەسەر گۆڕی مرووەکە بە کێلی مردووەکەوە ئەبەستنەوە، هاتا پانزە رۆژ بەیانی و ئێواران ژن و پیاو و دەراوسێ ئەچەنە سەر گۆڕی مردووەکە و قۆرئان و خەیری بۆ ئەکەن ،ئەو مردووە ئەگەر پیاو بوو جلە گرانبەهاکانی وەکوو قاپووت و کورك یاخود شاڵی بە بەها دەخەنە سەر جەنازەکەی و ئەگەر ژنیش بوو جلە بە بەهاکانی ئەخەنە سەر جەنازەکەی و دەیبەنە سەر قەبران .ئەو جلانەش هەر بۆ مەلاکان ئەبێ و مەلاکان جلەکان بۆ خۆیان ئەفرۆشن و پارەکەی دابەش ئەکەن. لەماڵی مردوودا تا سێ رۆژ نان و چێشت دروست ناکرێت بەڵکوو دەراوسێکانیان بۆیان ئەهێنن و پاش حەوت رۆژیش دەراوسێەکان ئەچن بۆ ماڵی مردووەکەوجلەکانیان ئەشۆن و جلی مردووەکەش ئەشۆن و ئەیدەنە هەژاران و لێ قەوماوان ،هەر کە بوو بە ((٢٠)) رۆژ ماڵی مردووەکە حەڵوا و خواردن دروست ئەکەن و دەراوسێ و ناسراوی دێیەکە بانگ ئەکەن .

کەسی نزیکی مردووەکە تا پرسەی نەچێ ناڕواتە دەرەوە ،ناچێتە میوانی ،بەرگی رەشیش (رەش پۆش)ە هەتا شەش مانگ یاخۆد ساڵێك لە بەرکەس وکاری مردووەکە ئەبێ. ئەگەر ماوەکە تەواو بوو ئەوە ئاغای دێیەکە یاخود دەراوسێیەکان یان خزمی مردووەکە بۆ هەر یەکێك لە کەسی مردووەکە کراسێك یاخود پارە ئەهێنن و جلی رەشیان پێ دائەکەنێن و پرسەیان پێ لائەبەن.بەڵام ئەگەر مردووەکان بەگ زادە یا خۆد ئاغا یان مرۆڤێکی ناسراو بوو ئەوە دوای پانزە رۆژ خۆدانی ئەو دێیە دیاریەك ئامادە ئەکات و بۆ



Scanned by CamScanner

کەس وکاری مردووەکەی ئەنێرێت و بانگیان ئەکاتە لای خۆی و پێیان ئەڵێن : (ئەمری خوایە – تۆ خوشبی مردن رێگای هەمووانە)ئەو دیاریەی بۆیان کراوە جلی رەش پێیان دادەکەنن.دەوڵەمەندی کورد لە سەر گۆڕی مردووەکە رەشماڵێك هەڵئەدەن نزیکی مانگێك یاخۆد پانزە رۆژ کەس و کاری مردووەکە چاودێری ئەکەن و مەلاش بەکرێ قورئان لە سەر مردووەکە ئەخوێنێ و رۆژی دووجار نان و خواردن دەبەنە ناو خێوەتەکە و مەلا دەیخوات .

- کورد میللەتێکی ڕق ئەستوور و تۆڵەسێنن ئەگەر دوژمنایەتی لە گەڵ یەکێك هەبێ لە زەرەر و زیانی دەگەڕێن بە مەبەستی زەرەر پێگەیاندن دەچنە سەر رێگای یەکتر و هەر دووکیان بریندارى یەکتر دەکەن یان دەیکوژن . بە هەر شێوەیەك بێت کورد تۆڵەی خۆیان ئەکەنەوە هەمیشە بە نەهێنیش بێ لە کونی سەربانی ماڵەوە (کلاورۆژنە) لە کاتی نووستن دا ئاگر فڕێ ئەدەنە خانووەکە و دووژمنەکەیان ئەکوژن یاخود یەك و دوو بە نهێنی ئەسپ و ئاژەڵەکانی دوژمنەکانیان ئەبەن و ئەیشارنەوە . ئەگەر ئەمەشیان ئەرکرد ئەوە رێگەیەکی تر بەکار دەهێنن ئەویش ئەوەیە زەهر ئەخەنە ناو خواردنی دوژمنەکانیان .بە کورتی دوژمنایەتی لە گەڵ کورد دا زۆر بەلایە.زۆرجار ئافرەت،مەلا یا خۆد شێخەکان ئەکەونە نێوانیان و کورد لە گەڵیان رێك ئەکەون و پەیمان ئەدەن دوژمنەکانیان ئەکوژن بۆیە دەبینین کورد زۆر رێزی ئافرەت و پیاوە ئایینیەکان ئەگرن .ئەم سێ بەرەیە ( ژن و مەلا و شێخ ) هەر تکایەك بکەن بێ هیوا نابن ،زۆرجار دوو تیرە لە مەیدانە ئەکەونە شەڕو هەر دوولا یەکتری ئەکوژن و خوێن



Scanned by CamScanner

ئەرژێنن هەر کە ئافرەتێك هات و سەرپۆشی خۆیٚ لە نێوانیان دا راخست هەر دوولا پێك دێنەوە ئەگەر مەلا و شێخیش هاتن ئەوە شەڕەکە هەر نامێنیٚ .کورد لە ماڵی مەلا و شێخ نزیك نابنەوە و ماڵیان بە حەرام ناخۆن و دزیان لیٚ ناکەن و خراپەشیان دەربارە ناکەن ،چونکە باوەڕیان وایە بنچینەی شێخ و مەلا زۆر کۆنە ،هەریەکیٚ خراپە لە یەکێکیان دەربارە بکات ئەوە تووشی ئازار و ناخۆشی دەبن .بەڵام زۆربەی زۆری شێخەکان نەخوێندەوارن ،واهەست ئەکەن کە هەتا پیرەکانیشیان شێخ بوون. ئەگەر یەکێك تاوانێك یاخۆد کوشتارێك بکات هەر کە خۆیٚ خستە ماڵی شێخەوە[32] ئەوە خۆیٚ رزگار ئەکات .

- لای کورد کچ رفاندن هیچ نەنگی نی یە چونکە بیٚ رەزامەندی کچەکە رەدوو کردن نابیٚ[33] ئەگەر کیژ و کوڕێك دڵیان بەیەکەوە و یەکتریان خۆش ویست باوکی کوڕەکە رازی نەبوو کچەکە بەو کوڕە بدا ئەوە کوڕەکە کچەکە ئەرفێنیٚ و ئەیباتە ماڵی ئاغا یاخود شێخی دێیەکە .کەسو کاری کچەکەش بەدوای کچەکەدا دەگەڕێن ئەگەر لە رێگا تووشی کچ و کوڕەکە بوون کچ و کوڕەکە ئەکوژن خۆ ئەگەر رزگار بوون لە دەستیان ناتوانن هیچ بکەن لەم کاتانەدا ماڵی ئاغا یاخود شێخ لە ماڵەکەدا ئەکەونە نێوان هەردوو لایەن ، ئەگەر کوڕەکە پارەی نەبووئەوە ئاغا یاخود شێخ یا لە دەراوسێیەکانی پارەی بۆ کۆ ئەکەنەوە و ئەیبەن بۆ ماڵی باوکی کچەکە و تکای لیٚ ئەکەن

---

٣٢ - بەدرێژی بڕوانە کارەکانی ( د.بلیایڤ ) کورتەیەك دەربارەی ژوروی رۆژهەڵاتی کوردستان (نینەر ڤیتای قەفقاس ) تەبلیسی ((١٩١٠)) ژمارە ((٢٩)) ل.((٣١))

٣٣ - ئیگزارۆف – کورتەیەك لە لاپەڕە (( ٥٠ ))خەجاترۆف کوردەکان لە ل.((٨٨ – ٨٩))ئیلچفسکی ل.٢١٠. م.روودینکۆ

که لێیان خۆش بێ و له گه‌ڵیان رێك بکه‌وێ و ماره‌ی کوڕ و کچه‌که ئه‌بڕن و دوژمنایه‌تیان نامێنێ . ئافره‌تی کورد ناتوانێ به سه‌ربه‌ستی هاوسه‌ری خۆیان هه‌ڵبژێرن به‌ڵکوو باوك و برای کچه‌که به هه‌رکه‌سێکی بدات کچه‌که‌ی توانی قسه‌کردنی نی یه ئه‌گه‌رکوڕه‌که‌شی به دڵ نه‌بێ . هه‌رچه‌نده رای کچه‌که وه‌رده‌گرن به‌ڵام به قسه‌ی ناکه‌ن و ئاره‌زووی دایك و باوکی ده‌بێ ... ئه‌م داب و نه‌ریته شه‌رعی نی یه به‌ڵکو زۆر نه‌نگی و شه‌رمه که باوك یا برای کچه کچه‌که بده‌نه یه‌کێ و ئه‌و که‌سه بڵێ من نامه‌وێ و یان نایخوازم .

- لای تیره‌ی کورد دڵ پیسی و به‌دگومانی نی یه بۆ نموونه ژنی جوانی گه‌نجیان له گه‌ڵ پیاوان دا ده‌نیشن و قسه ئه‌که‌ن و پێ ئه‌که‌نن بێ ئه‌وه‌ی مێردیان دڵیان لێ پیس کات و گۆمانیان لێ بکات .به‌ڵام ئه‌گه‌ر مێرده‌کان خراپه‌یان لێ ببینن ئه‌وکاته بێ یه‌ك و دوو ماوه ناده‌ن ژنه‌که له گه‌ڵ پیاوه‌که‌دا ئه‌کوژن و که‌س داوای توڵه ناکات و پرسیار له چاره نووسیان ناکات.

کورد هه‌موو گیرو گرفتێك چاره‌سه‌ر ئه‌که‌ن ته‌نها خیانه‌تی ژن و مێردایه‌تی نه‌بێ چونکه ئه‌م کرده‌وانه زۆر گه‌وره وبه نه‌نگی ئه‌زانن .

یه‌کێ له داب و نه‌ریتی کوردان ئه‌وه‌یه کاتی خوێندار شیره‌که‌ی ئه‌خاته‌سه‌رشان و به‌خۆێ و پارچه بلوریه‌ك ئه‌چێته ماڵی خوێنه‌خۆر و پێ ئه‌ڵێن : (ئه‌مه شیر و ئه‌مه‌ش کفن، یان من بکوژه یان ئازادم که)ئه‌ڵبه‌ته له‌م کاته‌دا خوێندار ئه‌م تاوانباره ئازاد ئه‌کات .



Scanned by CamScanner

- کورد خوو باوەڕێکی زۆر کۆنیان هەیە بە خاك و ئەستێرە و هەندێ شتی تر باوەڕ ئەکەن و هەندێکیان باوەڕیان بە بەخت و نابەخت هەیە و خۆشی و ناخۆشی خۆیان تێدا ئەدۆزنەوە .هەروەها باوەڕێکی تەواویشیان بە دۆعا و نوشتە و شتنەوەی ئایاتی قۆرئان هەیە، ئەم دوعایانەی کە نووسراون ،پزیشکان لە ناو گەلانی ئەوروپا ئەم رۆڵە ئەبینێ هەرچی دەرد و نەخۆشیە بە نوشتە چارەسەر ئەکەن.

- کورد باوەڕیان بە حەکیم (پزیشك) نی یە و گوێ لە حەکیم ناگرن و ئەوان دەڵێن :حەکیم خوایە دەرد و دەرمان هەردووکیان لە کن ئەوە،لە گەڵ ئەمانەش دا کورد هەر وەك ئۆروپیەکان لە نەخۆشی کت وپڕ و ساری وەك وەبا و کۆلیرا و تاعون ئەترسن و خۆیان ئەپارێزن و لێ دوور ئەکەونەوە. هەتا ئەگەر باوك و کوڕ وبرایەکی لەمانە بەم نەخۆشیانە بمرێت ئەوە ئەو مردووە بە جێ دەهێڵن و هەڵی ناگرن وئەیدەنە دەست مەلا و ئەوە ئەچن ئەو مردووە ئەشارنەوە .خو ئەگەر مەلاش لەوکاتەدا نەبێ ئەوە مردووەکە بە جێ ئەهێڵن و لە جێ خۆیان بار ئەکەن..ئەگەر لە شوێنێکدا (زۆمێکدا) یا خۆد لە دییەکدا نەخۆشی بڵاو بوویەوە ئەوە کەس ناچێتە ئەو دێ یە و ئەو زۆمە هەتا مسکێنی دێیەکەش سەرلەم نەخۆشە نادات .بەم جۆرە کوردەکان وەك ئۆروپییەکان خۆیان لە نەخۆشی ساری ئەپارێزن ،ئیتر لە نەخۆشی تر نارەڤن .

- خوو رەوشت و داب و نەریتی ژنەکورد ئەوەیە ئەگەر مێردەکەی کوژرا یاخود مرد. لە دیار منالەکانیەوە ئەمێنێتەوە و شوو ناکات ،زۆربەی زۆری



Scanned by CamScanner

کوردەکان ئاواتیانە لە جەنگ و شەڕدا بمرن ئەگەر مرۆڤێك لە سەر جێ دا بمرێت ئەڵێن : مخابن بەداخەوە خۆزگە لە شەڕدا بمردایە.[٣٤]

- لە ناو کورد دا ئەگەر گیانی ئازایەتی لە کاتی شەڕدا لە یەکێکدا نەبێ ئەوە ئەو کەسە شەرم ئەیگرێ و ئازایەتی و هێز ئەکاتە بەرخۆێ لە بەردەم هاوڕیەکانیدا ئەگەر کوشتنیش بێ ئەوە ئامادەیی خۆێ نیشان ئەدات.

- کورد لە کاتی شەڕدا بانگ هاواری یەکتر ئەکەن و هێز و غیرەت ئەدەنە بەریەکتر،ئەگەر یەکێك لە کاتی شەڕدا رابکات ئەوە نرخی نامێنێ و هەتا ژنی پیاوەکەش تف لەڕووی ئەکات و گاڵتەی پێ ئەکات ،لە مەجلیس دا نرخی نامێنێ و قاوەی بۆ ئەکەنە ژێر پیاڵە و فنجانەکەش سەروژێر ئەکەن و ئەیدەنە دەست پیاوە هەڵاتووەکە .ژنەکەشی ماوەیەك قسەی لەگەڵ ناکات و هەموو کاتێك بە قسە ئەیشکێنێ و نزمی ئەکاتەوە ، بەم جۆرە لای کورد هەڵاتن لەشەڕا لە مردن ناخۆش ترە ،مرۆڤ بەمردن رازیە بەڵام بەم شێوەیە رازی نی یە وهەربۆیە کورد لە شەڕدا را ناکەن .زۆر تیرە هەیە هەمیشە لە ناو خۆیاندا دوژمنایەتی لە نیوانیان هەیە بەدوای هەلێك دا ئەگەڕن و ئەگەر یەکتر ببینن ئەوە یەکتر ئەکوژن و بێ فەرمانی حاکم هێرش ئەبەنە سەر دوژمنەکانیان وتاڵانیان ئەکەن. بەڵام ژنی کورد لەم شەڕەدا ئازادە دەستیان بۆدرێژ ناکرێ و هیچ کات شەڕ لەگەڵ ئافرەت ناکەن و پارێزگاری لە شەرەفی ئەکەن ،ئەگەر ئافرەتێك چووە نێوانیان وداوای وەستانی شەڕو کوشتن بکات ئەوە داواکەی پەسەند ئەکەن و دەستبەرداری شەڕ ئەبن .لە ویلایەتی بۆتان – هەکاری و بادینان دا ئاژاوە زۆر روونەدا و

---

٣٤ - بڕوانە فیلچیفسکی – ل.٢١٦

دوو دێ یاخود دوو قەزا یابەناو گوندێکدا یاخود لە گەڕەك و کۆڵانێك دا هەموو ڕۆژێك دوو سێ جار شەڕ ڕوونەدا و لە هەر دوو لا کوشتار دروست نەبێ. زۆرجار روو ئەدات سپێر دروست ئەکەن و دەمانچە ئەتەقێنن و ئەیگرنە یەکتری و لەم ڕۆژەدا کەس ناتوانێ لە ماڵی خۆێ بێتە دەرەوە تەنیا ئافرەت نەبێ لە ناو گوندەکان دا بە سەربەستی ئەگەڕێن و ئەچنە ماڵی ئافرەتانی تر و کەسیش ئەمانە ناکوژێ تەنیا لە کاری خراپە و خیانەت نەبێ بێ تکا کردن و پاڕانەوە ئەیکوژن ئەگەر ئەمە نەبێ ژنی کورد لە کەس ناترسێت خیانەت ئەکات،هەرکارێکی خراپ بکەن بێ سێ و دوو ئەیکوژن .

- کورد ڕۆژی هەینی سەفەر ناکەن و بەرۆژێکی نەهاتی دا ئەنێن و هەروەها ڕۆژی سێ شەمە بە ڕۆژێکی خراپی دائەنێن .ئەگەر کەسێك لە کارێکدا جارێك بپژمی ئەڵێن : ( سەبر ) یاخود (خێر) ئە وکاتە کارەکەی یاخود سەفەرەکەی ناکات.خۆ ئەگەر دووجار پژمی ئەوە ئەڵێن :خەیراکە کارەکە بکە ئەو کاتە کارەکە ئەکەن بێ ئەوەی زیانی هەبێ.

ئەگەر یەکێك بۆ سەفەر بچێ لە ڕێگا ژنێکی پێ بگا یاخود هەر کەسێك مەنجەڵێکی بۆشی پێ بێ ئەوە سەربەگۆبەن تەماشای ئەکەن .

- کورد باوەڕیان بە چاو و نفووس هەیە (چاوپیس) خۆیان لەچاوی پیس ئەپارێزن .گوایە ئەگەر مرۆڤێك کۆسە بوو موی سەری زەرد وچاوی شین بوو ئەوە لەو مرۆڤە ئەترسن وگومانی چاو پیسی لێ ئەکەن .کورد لە هەموو جێگایەکدا (جێپێ) ئەناسنەوە هەروەك چۆن لە بەفر و خۆڵی زەویدا ئەیناسنەوە ئاواش لە تاریکی دا جێ پێ ئەناسنەوە .ئەگەر



Scanned by CamScanner

بەشەویش دا سەگەکانیان بوەڕێن ئەوە ئەیناسنەوە و تێ ی ئەگەن سەگەکانیان مرۆڤێك یاخود دڕەندەیەکی بینیوە .کورد لە شەودا گوێ لە زەوی ئەگرن و نزیك زەویەکەی ئەخەنەوە و ئەزانن ئەگەر لەدوورەوە سوارێك بێت بێ ئەوە بە دەنگی زەویەکەدا ئەیزانن و بەو ڕێگایەدا ئەڕۆن کە دەنگی سوارەکەی لێوە دێ و بەیەکتری ئەگەن .

بەم جۆرە شتانە کورد لە زۆر رووداوی داهاتوو ئەگەن و بیریان بۆ ئەچێ، بۆ نموونە ئەگەر بزنێك کلکی راوەشێنێ ئەوە ئەزانێ کە ئەورۆژە باران ئەبارێ،ئەگەر بزنەکە کلکی بۆ ژێرەوە راوەشێنێ ئەوە باران زۆر دەبارێ،ئەگەر باڵندەیەك بە سەرماڵێکەوە نیشتەوە و خوێندی ئەوە ئەڵێن دەنگ و باسێکیان لە کەسێکیانەوە پێ ئەگات.

- ئەگەر پشیلەیەك دەم و چاوی خۆێ بشوات ئەوە ئەڵێن میوانیان دێ .

- ئەگەر پارویێك لە دەستی بکەوێ یا خۆد هەویرێك لە دەستی ژنان بکەوێ ئەوە ئەڵێن میوانێکمان دێ .

- ئەگەر پەپولە لە رۆژێکدا بە دەوری چرا بسوڕێتەوە ئەوە نیشانی وەرگرتنی نامەیە لە دوورەوە .

- ئەگەر پێلاو سەر یەك بکەوێ ئەوە سەفەریان ئەکەوێتە رێ .

- ئەگەر بەری دەستی راست خورا ئەوە پارەی بۆ دێ ئەگەر بەری دەستی چەپی خورا ئەوە شەڕی بەدوا ئەبێ و بۆ شەڕەکەش خۆیان ئامادە دەکەن .

- ئەگەر برژانگی چاوی راست فڕی ئەوە نیشانەی مزگێنی خۆشی یە و ئەگەربرژانگی چاوی چەپ فڕی ئەوە نیشانەی رووداو و دڵتەنگی یە.بە



Scanned by CamScanner

کورتی هەر شتێك یاخود جووڵەیەك لە لەش دا روودەدات بۆ هەر یەکێك تاقی کردنەوەیەکی لێ کراوە .

- ئەگەر قەوز و قەزەح (پەلکە زێڕینە)لە ئاسماندا پەیدا بوو ئەوە لەو جێگایە هەرزانی دەبێ خۆ ئەگەر ئێواری یا بەیانی ئاسۆیەکی سوور لە کەلی ئاسمان پەیدا بوو ئەوە ئەڵێن ،لەم جێگایە شەڕ و کوشتار ئەبێ .

- ئەگەر لەناو مرودواندا یەکێك تاو ببرێ ئەوە ئەڵێن ،ئەو کەسە زۆر ئەژی.

- ئەگەر کچێك شووبکات و مارەی نەبڕابێت و دەست گیرانەکەی بمرێ ئەوە دەڵێن سەرەخۆرە و زۆربەی کەس ئەو کچە ناخوازێدەڵێن (سەر بە گۆبەنە) بە تایبەتی ئەگەر دووجار دووبارە ببێتەوە،بەڵام کچەکە بمرێ و دەست گیرانەکەی بمێنێ ئەمە بە شووم دانانێن هەتا ئەگەر دە جاریش بێ.کورد بە تایبەتی پیرەکان ،داپیرە و باپیرە هەمیشە گەنجەکان لە خۆیان کۆ ئەکەنەوە و کار و باری دونیایان بۆ ئەگێڕنەوە و ئەوەی پێویست بێ باسی ئەکەن کە فلان کات وەها بووە و فلان کەس، فلان کاری بە شێوەیە کردوە و فلانە شەڕ وەها بووە و هەرچی چیرۆك و بە سەرهاتێك بووە هەمووی بۆ گەنجەکان دەگێڕنەوە و سوودیان پێ دەبەخشن و وایان لێ دەکەن کە بۆ هەڵسان و دانیشتن و دەستور و داب و نەریت و بیر و باوەڕیان بزانن .داپیرەکانیش کاروباری ناو ماڵ فێری کیژەکان و بووکەکان ئەکەن ،فێری ئەومیان ئەکەن کە لە پاشە رۆژدا چۆن ژنێك بن لە گەڵ زۆرشتی تریشدا...هەروەها ئەوەشیان فێر ئەکەن چۆن مەلا دەرس بە سۆختەکان



Scanned by CamScanner

ئەڵێ .بەم جۆرە پیرەکان گەنجەکان فێر ئەکەن و ئەمانیش لە قسەکانیان دەرناچن ٠

ئەگەر یەکێکیان کارێکی گرانی بۆ نەکرێ ئەوە پرس بە پیرەکان ئەکات و ئامۆژگاریان وەر ئەگرێت و گوێ بۆ قسەکانیان شل ئەکات .

- کورد بە تایبەتی لادێ و شار نشینەکان گوێ رایەڵی حاکم و ئاغان،زۆرپەیڕەوی دەستووریان ئەکەن. هەتا ئەگەر فەرمانبەرانیان فەلەش ئەرمەنی بن زیاتر گوێ بۆ قسەکانیان شل ئەکەن و بەڵام لە گەڵ خۆیان دا لە کاتی گرتنە کارێك دا پێشبڕکێ دەکەن و ئاژاوە و دوو بەرەکی دروست دەکەن بە تایبەتی ئەگەر لەوان بە تواناتر بوو ئەوە پەیڕەوی ناکەن .

ئەگەر کورد چاکە و پیاوەتی و بەخشندەیی لە کەسێك ببینن هەرگیز لە یادی ناکەن و هەمیشە چاکەی ئەو کەسە لەناو خەڵکدا لە یاد ئەکەن .

خۆ ئەگەر یەکێك خراپ بێ و خراپەی لێ ببینن ئەوە باسی خراپەی ئەکەن .لەگەڵ ئەمانەشدا هەمیشە ئاواتیانە خزمەتی ئەمانە بکەن کە چاکەیان لە گەڵدا کردوون .

- کورد باوەڕیان وایە کە چاکە و خراپە نابێت و، لە قسەی حەق و راست شەرم ناکەن هەتا ئەگەر حاکمیش بێ ناترسن.ئەگەر هەڵواسرێن قسەی حەق ئەڵێن و لە سەر قسەی خۆیان سوور و چاو نەترسن .کورد ئەسپی چاکیان هەیە ،ئەسپی سپی و مایینی رەسەنیان هەیە .چوار جۆرە ئەسپیان



Scanned by CamScanner

هەیە (کەحیل ،حەد ،سەگلاوی ،موعەنەگ .نەجدی) شیان هەیە[٣٥] بەڵام کەم پەیدا دەبێ. هەموو سوارە کوردێکی شەڕکەر پێنج جۆر چەکی ئاگرینیان هەیە ،دەمانچە لە سەر پشتێنی و دوو دەمانچە لەملا و لەولای پشتی ،تفەنگ و ڕم شیرو سێ جۆر زرگ هەڵئەگرن . بە کورتی هەرسوارەکوردێك دە جۆری چەکی جۆراوجۆری هەیە ،هەریەکەش لە سواری دا سوارچاکن ،ئەگەر لە ئاگریشدا بن ئەتوانن رابکەن و زیرەك و چاپۆکن .

- کوردان ئەسپەکانیان زۆر بە هێز و توانان ،توانای ئیش پێکردنیان هەیە .هەر لە بەر ئەوەیە ئەڵێن شەو رۆژ سواری ئەسپ ئەبن و خواردنی زۆریش ئەدەن بە ئەسپەکانیان وگرنگی بە ئەسپەکانیان ئەدەن. لە شەڕیشدا ئەسپەکانیان فێر ئەکەن و ڕای ئەهێنن بۆ شەڕ و بە خۆڕایی ئەسپەکانیان هیلاك ناکەن .

هەمیشە پارێزگاری ئەسپەکانیان ئەکەن و بە شەو و رۆژیش چاودێری ئەکەن و لە ترسی دزین ئەیبەستنەوە و کلیلەکانیان بە دەستی خاوەنەکانیانە و ئەبێ ئەسپەکانیان شەو و رۆژ بە زین و لەغاو ئامادە ئەکەن لە گەڵ چەکەکانیان، هەرکە هێمایەك لە شوێنێکەوە کرا یەکسەر لە

---

٣٥ - جۆرەکانی ئەم ئەسپانە بۆ رەسەنایەتیان دەگەرێتەوە و ئەو خاسیەت و نیشانانەی کە جێیان .بۆ نموونە : کەحێل گوێچکە و قاچی بچووکن ، مای باریك و سمتی بەرزە رۆشتنی شەپۆلییە ، هیلاك نابێ . سەگلاویش : قاچی خڕە ، خێرا ئەڕوا و هار و تورەیە ،پێیەکانی توانای خۆراگرتنی نییە . نەجدی : زۆر خێرا ئەڕوات ، لووتی گەورەیە ، هیلاك نابێت یەکێك لەو خاسییوتانەی ئەم جۆرە ئەسپانە ( ئەسپی رەسەن و ئەسپی ئاسایی ) ئەوەیە ئەگەر سوارێك لە سەری کەوتە خوارە ئەوە ئەسپە ئەسڵییەکە ناڕوات هەتا سوارەکە سوار نەبێتەوە و قاچی نەخاتە ناو ئاوزنگەکە.



Scanned by CamScanner

سەر پشتی ئەسپەکانیانەوە بەرەو ئەو شوێنە ئەڕۆن و هەمیشە ئەسپەکانیان تێر ئەکەن و خواردنیان ئەدەنێ بە تایبەتی جۆ.
هەندێ جار ئەسپی خۆیان زین ناکەن و نایبەنە تەوێلە و لە بەر دەرگا دەیبەستنەوە و ئامادەی ئەکەن ،لە ڕۆژێدا دوو سێ هەوار پەیدا دەبێ ،لە بەهاراندا شەو و ڕۆژ بە چەك و تفاقەوە ئامادەن تا دەگەنە قشلانی خانوو ئیتر لە خانووەکاندا پشوو و حەوانەوە و هاوار و گازی ناکەن .لە خانەوکانیاندا ترس و هاوار و بانگ کردن کەم ئەبێتەوە و پشوو ئەدەن .
- کوردە دەوڵەمەندەکان پارە و شتی گران بەها ئەبەنە شار و لای هاوریەکی باوەڕ پێکراو دای ئەنێن .
هەتا ماوەیەك و پاشان ئەگەر پێویستیان بە پارەکە بوو ئەوە ئەیهێننەوە .ئەمەش ئەوەیە لەناو ڕەشماڵەکانیاندا دز و جەردە و دوژمنی زۆر هەیە و پارەکانیان لە شار دا ئەنێن ،کوردان بە خۆیان ئەڵێن :ماڵ و سامانمان وەکوو لادێیەکی بێ زەوی و خواردنی بەیانیان بێ نرخە و پشتی پێ نابەسترێ .
واتا هەموو مەڕو ماڵاتیان بەهۆێ ساردی و ڕەشەبای زستان قڕ ئەبن و بەشێکی ئەو ماڵ و دەواریشانە دوژمن ئەیانبات و تالان ئەکرێ....
- کچە کورد لای مەلا فێری خوێندن ئەبن و مەلا خوێندنیان فێر ئەکات .زۆربەی ئافرەتی بە ساڵا چوو سەبیل و جگەرە ئەکێشن ،خۆیان سەبیلەکە پڕ لە توتن ئەکەن و دێنە دیوەخانی پیاوان .
- ئافرەتی کورد کەم نوێژ ئەکەن لە بەر ئەوەی بە کاروباری ماڵەوە خەریکن .ئافرەتی کورد لە شەودا گسك نادەن نە ماڵ پاك ناکەنەوە و خۆڵیش ناڕێژن ،ئەڵێن ئەمانە شومە (خراپە) بەشەو فوو لە چرا ناکەن و



Scanned by CamScanner

سەیری ئاوێنە ناکەن ،و ڕۆژانی چوار شەمان خۆیان ناشۆن و ئەڵێن نەخۆشی پەیدا ئەبێ ،بەرەو بوومی دانەوێڵە پیشانی کەس نادەن نەوەك بە چاوە ببێ ،لە ناویاندا ئەگەر کەسێك نەخۆش بکەوێ ،پیرەژنێکی بۆ دێنن پیرە ژنەکە نەخۆشەکە بە نان و خوێ و فێڵ و جادوو تیمار ئەکات .پاشان تۆزێك لە نان و خوێ ئەدا بە سەگ و ئەوە نەخۆشیەکەی لە کۆڵ بکەوێتەوە بۆ سەگەکە بچێ.

- لە ناو کورداندا جەهالەت (نەزانین)زۆر بڵاو بووتەوە ،کوردان زۆر حەز لەماڵ و سامان ئەکەن ،جار و دوو جار رووی داوە یەکێك هەزار سەر مەڕی ئەبێ لە زستانێکی زۆر سەردا هەر هەزار مەڕەکەی مردوون و یەکێکی بە ساقی لێ دەرنەچووە ...پاشان لە ناوچوونی ئەم مەڕانە چەکی هەڵگرتووە و سواری ئەسپەکەی بووە و چووتە دەشت و دەمانچەکەی بە ئاسمانەوە ناوە و (نەعەوزووبیلا)وتوویەتی : ( خوایە تۆ مەڕەکانی منت قڕ کرد تۆ لە کوێ وەرە بکەوینە شەڕ ) پاشان ئەسپەکەی کەوتوەتە خوارەوە و گیانی دەرچووە ،ئەوە کاری جاهیڵی لە ناو کورداندا زۆرە ،کاتێ مردووێکی خۆشەویست ئەمرێ دێن دەڵێن :خوایە تۆ چیت کرد ،فلان کەست کوشت .

- بە کورتی زۆر ئیش بێ فەرمانیی خوا ئەکەن بۆ نموونە لە شەڕدا ئەگەر برا و کوڕی یەکێك بکەوێ ئەوە کەس و کاری بە تایبەتی براو باوکی ڕائەکن و خۆیان ئەدەن بە سەریا و ئەوە ئەوانیش ئەکوژرێن ،ئەگەر منالێك لە دایك بوو بە ئاوی سارد ئەیشۆن ،لە بەر ئەوەی بە ساردی بە هێز و پتەو ئەبێ .



Scanned by CamScanner

- زۆربەی زۆری کورد یەك ژنیان هەیە زۆر کەم روو ئەدات ئاغایەك دوو یا خۆد سێ ژنی ببێ .دەس بەردان (طلاق) لەژن لەناو کورد دا زۆر کەمە وبەکارێکی ناپەسەند و شوورەئی دائەنرێ.ژنەکانیا میرات لە ماڵی دایك و باوکی وەر ناگرن،بەڵکوو بە نێرینەکانیان ئەبەخشن لە ناویاندا میرات وەرگرتن شەرم و بێ خەیرە .گوایە ئەڵێن هەر چی میرات وەرئەگرێ ماڵەکەی بە میراتی یەکێکی تر ئەکەوێ ،بەم شێوەیە خۆیان لە میرات ئەپارێزن و لێ دوور ئەکەونەوە .هەتا لە جل و بەرگی مردووش دوور ئەکەونەوە .

- کوردان ئاهەنگی (مەولود) لەڕۆژی (دایك بوونی پەیغەمبەر)دا ئاهەنگ ئەگێڕن .پیاوان و ژنان هەریەکە لە لایەك خواردن ئامادە دەکەن بۆن و بغۆرت دائەگرسێنن و بڵاوی ئەکەنەوە .

- کوردان کاتێ کچێك ئەخوازن و بڕیار وەرئەگرن ئەسپی بۆ ئەکڕن و نیشانەی ئەکەن ،شیرینی ئەخۆن و مارەی یاخۆد شیربایییەکی زۆر ئەسێنن ، سەد سەر مەڕ یا دووسەد یاخۆد پێنج سەد مەڕ وەر ئەگرن بێجگە لەمانە ئەگەر کچەکە باوك ، دایك یاخۆد برای هەبوو ئەبێ بۆ هەموویان دیاری بکڕن ،بێ ئەمانە هیچ نابێ. ئەگەر ئاغایەك یا خۆد دەوڵەمەندێك زەماوەندی ڕێکخست ئەوە ئەبێ هەر کەسێك بۆ شایییەکە بانگ کرد ئەبێ کللەیە شەکەر لەگەڵ خۆیاندا بەرن .بەم شێوەیە خەڵك بۆ شایی بانگ ئەکەن ،ئەو کەسانەی کە بانگ کراون بە تایبەت دەوڵەمەندەکان لە گەڵ خۆیاندا دوو سێ تا دە بزن پێش خۆیان ئەنێرن و پاشان خۆشیان بۆ



Scanned by CamScanner

شاییەکە ئەچن .ئاوا لە شاییدا دیاریەکی زۆر کۆ ئەکرێتەوە ،زیاتر لەو مەسرەفەی کە ئەیکەن دیاریان بۆ ئەچێ . ئەگەر شاییەکە هی هەژارێك دەس کورت بوو ئەوە لەو رۆژەدا دیاری بۆ ئەبرێ و بەو دیاریانە دڵخۆش ئەبێ و ماڵو شتێك کۆ ئەکاتەوە ،خۆ ئەگەر یەکێکی زۆر هەژاریش بانگ کردبێ ئەوە (کەلەیەك) شەکری بچوکی بۆ ئەبات و ئەمانی تریش هەرچۆنێك بێت بزنێك لە گەڵ خۆیاندا ئەبەن .بەگشتی شایی لە ناو کوردەواریدا بێ دیاری بردن نابێ .

ئیتر دیارییەکە گەورە بێ یان بچوك ئەبێ پێشکەش بکرێ . لە لایەکی ترەوە ژنان بە جیا دیاری پێشکەش بووك ئەکەن وەکوو بەڕە و جانتا و گۆرەوی بەن ،لە شایی کوردەواریدا گۆرانی و (دیلۆکێ) زۆر ئەبێژرێ ،پێ ئەڵێن: (بیریتە)وگەلێ گۆرانی بێژیان هەیە و یە ئاوازی ئەم گۆرانیانە شایی گەران ژن و پیاو کچ و کوڕ دەستی یەك ئەگرن و هەڵئەپەڕن و لە ناوڕاستی شاییەکەدا کچ و ژنانیش هەڵئەپەڕن و ستران ئەچڕن .

- لە شایی دەوڵەمەندەکاندا تەپڵ و نای و کەمانچە و دەف و چەنگ و شمشاڵ لێ ئەدەن ،ئەوانەی ئەم ئامێرانەش لێ ئەدەن سترانبێژن .

- هەمووتیرەیەکی کورد گۆرانی بێژی تایبەتی خۆێ هەیە ولە تیرەیەکی تر گۆرانی بێژ بۆ شایی ناهێنن .کورد شاییان سێ تا حەوت رۆژ ئەخایێنێ ئەمەش بە پێی توانای خاوەن شاییەکەیە .

لە شایی دا بووك و زاوا دێن و ئەیانخنە ناو شاییەکە وەکوو ئەوان هەڵئەپەڕن و ستران دەبێژن .



Scanned by CamScanner

هەر کە بووك و زاوا گۆرانی ئەڵێن هەر کەسێ لە جێگەی خۆییەوە بزن و پارەیان شاباش ئەکات و گەلێ مەڕ و پارە کۆئەکەنەوە لە گەڵ ئەمەشدا دوو بەشی ئەم پارەیە بۆ خاوەن شاییەکە و بەشێکی تریشی بۆ گۆرانی بێژ ئەبێت ،خواردنی کورد لە کاتی شاییدا بریتیە لە برنج و گۆشت و خواردنی تر دروست ناکەن .عادەتیان نی یە خواردنی جۆراوجۆر دروست بکەن،لە گەڵ لێنانی چێشت دا رۆن زۆر ئەکەنە برنج و گۆشتەوە لە کاتی دەعوەتدا سفریەکی زۆر رائەخەرێ وشایی کەران دەستە دەستە دێن و نان ئەخۆن . ئەبێ لە سەر سفرەکە برنج و گۆشتی لە سەر بێ پاش ئەوەی کۆمەڵێکیان لە نان ئەبنەوە گروپێکی تر دێن و دەست ئەکەن بە نان خواردن .لەکاتێکدا خواردنەکە کەم ئەبێتەوە خواردنێکی تر دێنن و ئەو ماوەیەش گۆرانی نالێن . کاتێ بووك ئەبەن ژنێك لە ماڵی زاواوە دێت و ژنێکی لە ماڵی بووکەوە بەمانە ئەڵێن (بەربووك) ئەمانە لە ماڵی بووکەوە هەریەکەیان ئەم لاو ئەولای بووك ئەگرێ و بووکێ سواری ئەسپ ئەکەن و چەن سوارێکیش لە بەرامبەریەك هەڵئەپەڕن و بە کەیف و خۆشی دچنە ماڵی زاوا و ئەم دەستوورە پەیڕەو ئەکەن . بەشەو بووکەکە ئەبەنە ژوورێکی تەنها و پاش سێ رۆژ دیاریەکە ئەدەنە بەربووکەکان و بەڕێیان ئەکەن. پاش چەن رۆژێك ماڵی زاوا و بووك دەعوەتی ئەمانە ئەکەن واتا (بووك و زاوا )) پاشان دەراوسێەکان و خزمەکانیشیان هەریەکە دەعوەتی زاوا و بووك ئەکات یان بە دیارییەوە روو ئەکەنە ماڵ زاوا .



Scanned by CamScanner

ئەگەر لە كاتی بووك گواستنەوە بەفر و باران بباریّ ئەوە ئەڵێن ئەم بووكە بنكڕی مەنجەڵی خواردوە و بارینی بەفر و باران بەشتێكی خراپ لێك ئەدەنەوە.

- كورد ئاهەنگی (كریڤایی = دۆستایەتی ) ئەگێڕن و ئەبەنە كریڤی یەكتر . ئەگەر یەكێك ویستی مرۆڤێك بكاتە كریڤی خۆیّ هەر دوو مرۆڤەكە دەوڵەمند بوون ئەوە ئەسپێكی بۆ ئەڕازێنەوە وە ئەینێرنە ماڵی ئەو مرۆڤەی كە ئەیەویّ ببیّ بە كریڤی و ئەوە پەسەند ئەكات ،ئەو كەسەی كە ئەسپەكەی ئەبات ئەوە دیارەیەكی ئەدەنیّ و وەڵامیان ئەدەنەوە كە بۆتە كریڤی ئەوان ، ئەو دوو مرۆڤە كە كریڤی یەكترن لە چینی ناوڕاستن یا خۆد خوارتر بوون ئەوە بەرانێكی بۆ ئەنێرن و ئەبێتە كریڤی ئەو ماڵە .

باوكی كوڕ كاتێك كوڕەكەی خەتەنە ئەكات خواردنی دروست ئەكەن و ئاهەنگی بۆ ئەگێڕن ،رۆژی خەتەنە كردن بانگی خەڵك ئەكەن و (كریڤیش) بانگ ئەكەن و پاش نان خواردن بلاّوەی لیّ دەكەن .دەلاك دێت منالّەكان خەتەنە ئەكات و بەخشیشی دەلاك لە كریڤ وەر ئەگرن و تا سیّ رۆژ رۆژیّ دوو جار لە ماڵی كریڤەوە خواردن بۆ منالاّن دێت ، كاتیّ منالّەكان هەستان كریڤ بۆ هەر منالێّك دەستیّ جلی بۆ ئەكات و ئەیكاتە بەریان .پاش چەند رۆژێك باوكی منالّەكان كریڤ و پیاو و ژنەكان بانگ ئەكات و پاشان ژن و پیاوی كریڤوان بە پیّ توانای خۆیان دیاریان پێشكەش ئەكەن و ئەڕۆنەوە .

بۆ خوێندنی منالاّن هەر وەك رۆمیەكان مامۆستا موچەی رۆژانە و هەفتانە یاخود كرێش وەرناگریّ ،بەڵكوو كاتیّ منالّەكان خوێندن تەواو ئەكەن هەر یەكە بە پیّ ی توانای خۆیّ دیارەك بە منالّەكانیاندا بۆ مامۆستا



Scanned by CamScanner

ئەنێرن.ئیتر ماموٚستا هیچی تر وەرناگرێ هەتا منالّەکە خەتمی قوٚرئان تەواو نەکات. پاش ئەوەی خەتمی قوٚرئانی تەواو کرد باوکی منالّەکە ماموٚستا بانگ ئەکاتە مالّەوە و دیاریەکی وەك دوو بزن و یاخود سێ بزن و مانگایەکی پێشکەش ئەکات و مەلاش بەمە رازی ئەبێت . کاتێ کتێب ئەخوێنن و مەشق تیا ئەکەن ماموٚستا وەك یارمەتیەك ئەمە ئەکات و پارەش وەرناگرێ ،بەلاّم ماموٚستای قوتابخانەپارە لە وەقف وەر ئەگرێ .ئەم ماموٚستا لە بەیانی زووەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ دەرس ئەلێنەوە و پاشان بوٚ مالّەوە ئەگەرێنەوە .

- روٚژی هەینی و سێ شەمان روٚژانی پشوودانە ،ماموٚستاکان بوٚ قوتابخانە ناروٚن و قوتابیانیش دەرسەکانیان ئامادە ناکەن .

- لای کورد وا باوە هەر خێزانێك لە گەلّ منالّەکانیاندا سێ نان و قاپی خواردن هەرچی خوا دایبنابێ بوٚ فەقیەکان ئەنێرن ،رێزێکی زوٚری مەلا ئەگرن .

- ئەگەر مەلا لە منالّێك بدا ئا خوٚد جنێوی پێ بدا ئەو منالّە وەلاّمی ناداتەوە و هەتا دەستیشی لێ ناکاتەوە .

لە ناوچەی بوٚتان و هەکاری و بادینان و سوٚران ،ئەگەر سوارێك لە دەواری خوٚیان یا خوٚد لە رێگەدا مەلایەکی تووش هات ئەوە بەرو پیری ئەچێ و لە ئەسپەکەی دێتە خوارەوە و دەستی مەلا ماچ ئەکات . خوٚ ئەگەر مەلا بوٚ شوێنێك روٚیشت ئەوە لە گەلّ خوٚیدا سواری ئەسپەکەی ئەکات پێکەوە ئەروٚن . کوردە دوار نشینەکان ئەگەر میوانێکیان بێت یەکسەر ئەیبەنە رەشمالّەکە و خاوەن مالّەکە لە بەریان هەلّئەسێ و بە خێر هاتنێکی گەرمی



Scanned by CamScanner

میوانه ئەکات و ئەسپەکەیان لێ وەرئەگرێ و بە داری ڕەشماڵەکەوە ئەیبەستێتەوە ،ئەگەر پیاوەکان لە ماڵەوە نەبوون ئەوە ژنەکانیان لە ڕەشماڵەکە دێنە دەرەوە و بە خێرهاتنێکی گەرمیان لێ ئەکەن و ئەسپەکانیان ئەبەستنەوە و میوانەکان ئەبەنە ژوورەوە و زیاتر لە مێردەکانیان خزمەت و ڕێزی میوانەکان ئەگرن – کوردەکانی بۆتان و هەکاری و سۆران ژووری میوانیان نی یە ،میوانخانەیان تەنها مزگەوتە هەرچێ میوانێکیان بێت سوارە،پیادە،دەوڵەمەند یاخود هەژار ڕاستەو خۆ ئەیبەنە مزگەوت .پیاوانی دێ ئەچن بۆ لایان و ئەسپەکانیان لێ وەر ئەگرن و ئەیبەنە ماڵەوە و ئاخۆڕیان ئەدەنێ. لای ئێوارەبە سینی خواردن و نانیان لە ئاواییەوە بۆ دێ ،هەر ماڵێك بە پێ توانای خۆێ خواردن بۆ مزگەوت ئەنێرێ .کاتێ کە نوێژی ئێوارەیان کرد سفرە ڕائەخەن و خواردنەکان ئەخەنە سەر و دەست بە خواردن ئەکەن .لە کاتی نوستنیش دا لە ماڵەوە نوێن دێنن ،لە مزگەوتدا ئاگردان هەیە زوو زوو ئاگرەکە خۆش ئەکەن و خۆیان گەرم ئەکەنەوە ،مزگەوتەکانیان وەك ماڵان بە فەرش ڕازاوەتەوە .کوردەکانی موش و وان و بایەزیدی هەر یەکەیان بۆ میوانەکانیان جێگەیەکی تایبەتیان هەیە .خۆ ئەگەر جێگەیەکی تایبەتیان نەبێ ئەوە خاوەن ماڵ لە گۆشەیەك و میوانەکەش لە گۆشەیەکی ژوورەکە ئەنوێ ،کوردەکان ڕێزێکی زۆری میوان ئەگرن ئەگەر لە گەلێکی تریش بێ . کوردەکان لە ماڵەوە زۆر بەخشەندەن بە پێچەوانەی گەلانی ترەوە ،ئەگەر خواردنێك یا خۆد میوەیەك بخۆن و یەکێك تەماشایان بکات هەر ئەبێ لەو خواردنە بخوات و بەشێکی بدەنێ .چۆنکە باوەڕیان وایە نەفسی ئەوانە



Scanned by CamScanner

ئەبێ بەمار و بەشەو دێتە خەویان .هەروەها لە نەفس و چاوەزار خۆیان ئەپارێزن و ئەگەر میوەکەیان خوارد و یەکێ چاوی لێ بوو میوەکە ئەکەن بە دوو کەرتەوە ، و کەرتێکی ئەدەنە ئەو کەسە کە چاوی لێ بووە بۆ ئەمەش باوەڕیان وایە ئەگەر شتەکە بخوات و بەشی ئەو کەسەی لێ نەدات (تامیسك – بزکك) لە سەر زمانی دێت و ئازار ئەچێژێ . زۆر جار ڕووئەدات کە بزکك لە سەر زمانی یەکێك پەیدا ئەبێ و ئەڵێن : ( سەرم سوڕ ماوە پارۆی حەرام لە سەر زمانم هاتووە نازانم کەی پاروی خەڵکم خواردووەمیا خۆد ئەگەر یەکێك پارو لە قوڕگی گیرا ئەوە دەست لە خواردن ئەکێشێتەوە و هەناسە هەڵ ئەکێشێ و ئەڵێ : (ئاخ ئەبێ کێ لە هاوڕێ نزیکەکانم لە غەریبی دا لە برسێتی دا مابێتەوە. هەر بۆیە پاروکەش لە دەستم کەوت .هەروەها ئەڵێن: ئەگەر گڕی پلیتەی چرایەك بلاو بێتەوە ئەوە ئەڵێن: غەیبەت و باسی من ئەکەن ،هەروەها ئەگەر لە دەستی ڕۆن برژێتە تەنورەوە و بسووتی و هەلاوەکەی بەرز بێتەوە ئەوە بە شتێکی خراپ و شوومی دائەنێن و ئەڵێن : ماڵمان بە میرات ئەڕوات ،خۆ ئەگەر ڕۆنەکە نەسووتا ئەوە بەکارێکی خراپتری دائەنێ و باوەڕیان وایە کە خۆدانی ماڵ ئەمرێت .

- کاتێ برجی پیرەژن زۆر سارد ئەبێت یا خۆد (زیب) دەڵێن ئەوە بە ڕۆژێکی ناخۆشی دا ئەنێن و لە ماڵەوە نایەنە دەرەوە ولەم ڕۆژەشدا سەفەر ناکەن .



Scanned by CamScanner

پانزە رۆژ وەکو رۆژی فەلەکان لە رۆژوویێ درێژا کورد ئەلێن (خدر نەبی).[٣٦]

گەنجەکان (کور و کچ)یان سێ رۆژ رۆژوو ئەگرن و شەوی چوارەم ئەیشکێنن بەلام ئاو ناخۆنەوەو ئەخەون لە خەویاندا هەر کەسێ ئاو بدات بەو کچە ئەوە ئەبێ بە نەسیبی و بە پێچەوانەوە هەر کەسێ ئاو بەو کوڕە بدات ئەبێ بە هاوسەری .ئەم رۆژوو گرتنە لای کورد باوەڕێکی بێ گۆمانە لە شەوی جەژنی (خدری نەبی)یدا کولیچەش دروست ئەکن و ئەیخەنە قاپێکی تەختە و لە ناوراستی ژوورەکەدا دایٔ ئەنێن ،باوەڕیان وایە خدری نەبی بێت، پێش ئەوە پاشماوەی ئەسپەکەی لە سەر شیرینەکەی ئەمێنێتەوە بەم شێوەیە خاوەن ماڵ جاڕ ئەدات ئەمشەو حەزرەتی خدر هاتووتە ماڵمان و خێر و بەرەکەتی هانیوە ،بۆ بەیانی شیرینیەکە بە سەر دەرودراوسێ

---

٣٦- (خدری نەبی) ئەم جەژنە بە قسەکانی س.ئا .یەگیزارۆڤ ئەکەوێتە نیوان رۆژی لە دایك بوونی رۆژی گەورە واتە لە گەڵ رۆژووی ئەرمەنیەکان دا (ئاراپا ڤۆرتس) کە (گریکوری) رووناکبیر دایناوە .خدری نەبی وەلی ی موسڵمانەکانە وەك فەلە گەورەی ئەرمەنیەکان واتە (گریگۆری)بەلام ئێزدیەکان خدری نەبیان وەکو(سیرگی)یە.کوردە ئێزدیەکان لەم جەژنەدا منالەکان گۆرەوی خۆری ئەبەن و بە پەتێکی گەورەوەی ئەیکەنە سەربانی خانووەکان و لە کونێکەوە ئەیخەنە ژوورەوە و ئەم گۆرانیەش ئەلێن :

- دۆلیدانگێ دۆلێدانگێ

خۆدێ،خوەی کە خۆرتێ مالە

پیرا مالێ بکە قوربانگی

شتەکێ بافێژە دۆلێدانگێ

دۆلێدانگ:گۆرەوی بە پەتەوە ،منالان لە سەربانەوە بە پەتێکەوە لە کاتی جەژنی خدری نەبی ئەیخەنە ژوورەوە



Scanned by CamScanner

یەکان و خزمان دابەش ئەکەن و بەشێکی ئەم شیرینی یە بۆ بەرەکەت هەڵ ئەگرن .

کورد لە کۆتایی مانگی شۆباتدا کە ڕێکەوتی چوارشەمە ئەکات،دوا ڕۆژی چوارشەمە کە ڕەشە چوارشەمەی پێ ئەڵێن ،لەم ڕۆژەدا ئاهەنگێك ئەگێڕن و خۆشی و شادی بڵاو ئەکەنەوە و لەم ڕۆژەدا ئاژاوە و شەڕ نابێ.هەر یەکە لەماڵەوە خواردنێکی زۆر دروست ئەکات و هەر کەسێك لەم ڕۆژەدا ئیش بکات باوەڕیان وایە ساڵێکی تریش هەر هەمان ئیش ئەکات ،داب و نەریتیان وایە لە ڕۆژی

جەژندا (هلیسە)[٣٧] دروست ئەکەن لەم جەژنەدا ئەگەر دوو مرۆڤ نەیار بن ئاشت ئەبنەوە و بەیەکەوە قسە ئەکەن .کورد لەم جەژنەدا تا سێ ڕۆژسەر لە یەکتر ئەدەن وئەچنە لای یەکتری،لەم جەژنەدا دەوڵەمەندەکان پارە بەسەر منالان و هەژران دا ئەبەخشنەوە ،منالانیش لەم ڕۆژەدا بە مالاندا ئەگەڕێن و داوای پارە و میوە ئەکەن و هەر ماڵێکیش بە پێ توانا شتێك بە منالەکان ئەدەن.

- کاتێ کە فەلەکان هێلکە ڕەنگ ئەکەن کوردەکانی هەکاری(کافرکوربەی)پێ ئەڵێن ئەمانە لە گەڵ فەلەکان بە گۆرانییەوە دێنە دەرەوە و پیاسە ئەکەن و لە ماڵیشەوە خواردن دروست ئەکەن و ئەیخۆن .

---

٣٧- هلیسە – هەریسە:خواردنێکە لە گەنم و گۆشتی مریشك و ڕۆنی خۆماڵی دروست ئەکرێ(م.روودینکۆ)



Scanned by CamScanner

کوردەکانی وان و مووش و بایەزید ئەوانیش لە ماڵەوە هێلکە رەنگ ئەکەن و بۆ منداڵەکانیشیان هێلکەی رەنگاوڕەنگ ئەکەن و ئەمانەش لە گەڵ فەلەکان دا هێلکە دەگۆڕنەوە.

- کورد باوەڕی زۆریان بە سەردانی شوێنی پیرۆز هەیە ،باوەڕیان بە هەندێ (دار) یا خۆد(بەرد) هەیەو فریارەسی ئەکەن ،مەڕ یا خۆد بزن لە گەڵ خۆیاندا بۆ ئەو جێگایانە ئەبن و قوربانی ئەکەن،لەو جێگا پیرۆزانەش مۆم دائەگرسێنن و ئەگەر یەکێکیان نەخۆش بکەوێ باوەڕیان وایە چاك ئەبێتەوە و ئەڵێن : ( ئەگەر چاك بێتەوە ئەوە بڕیارەکەی خۆێ بە جێ ئەهێنێ)زۆر جار رووئەدات ئافرەتێك بەڵێن ئەدات (نەزر)ئەکات ئەڵێ:ئەگەر هیواکانم هاتە دی نەخۆشەکەم چاك بێتەوە ئەوە لە رێ خۆدا یەغناغەکی ئاهەنگی شەو بۆ لاوان ساز ئەکەم .ئەگەر هیواکانی هاتە دی ئەوە بڕیارەکەی بە جێ دێنی و ئاهەنگ ساز ئەکات . (یەغناغ)بریتی یە لە ئاهەنگی شەوانە کە بۆ کیژ و لاوان ساز ئەدرێ،خانوێکی گەورەی بۆ ئەڕازیننەوەو ئەیکەنە چراغان و گۆرانی بێژ و موسیقا ژەن ئامادە دەبن ،هەرچی کیژ و کوڕی گەڕەك و گووندە کەیە ئامادە دەبن و ئەیکەنە شایی و هەڵپەڕکێ و گۆرانی تا بەیانی ،پاشان هەر یەکەیان بەزمانی خۆیان ئەگێڕنەوە.

- باوەڕێکی بەرایی ناو کوردا هەیە ئەگەر کوڕی ژنێ نەخۆش بکەوێ و کەوێتە سەرەمەرگ دایکی نەزر ئەکات و ئەڵێ: (ئەگەر خوا شەفا بداتە کوڕەکەم مەرج بێ بە ساغی بچمە گۆڕەکەوە و هەتا سێ رۆژ لە گۆڕەکەی بمێنمەوە و هیچ نەخۆم .ئەگەر لە گۆڕەکەدا مردم ئەوە با بۆ من بێت خۆ



Scanned by CamScanner

ئەگەر نەمردم پاش سێ ڕۆژ دەرم بێنن)ئەم ژنەی کە ئەم نەزرەی کردووە بە فەرمانی خوا کوڕەکەی چاك ئەبێتەوە و دایکی کوڕەکە ناوی(ڕابۆ)بووە و کوڕەکەشی (کلحۆ) بووە وهەڵئەسێ ، بڕیارەکەی خۆێ بە جێ دێنێ و ئەچێتە لای مەلا و پرسی پێ ئەکات. ئەگەر مەلاش ڕێگا نەدات ئەوە بڕیارەکەی خۆێ بە جێ دێنێ و هیچ ریگایەکی تری نییە بۆ دوورکەوتنەوەی. ئەڕۆن و گۆڕێك بۆ ڕابۆ هەروەك گۆڕی مردوو هەڵئەکەنن و ڕابۆ دێنن داوای لێخوشبون لە خوا ئەکات و داوا دەکات کە پاش سێ ڕۆژ گۆڕەکەی بکەنەوە.ڕابۆ بە جلەکانیەوە ئەچێتە گۆڕەکە و خواردنیش ناخوا و وەسیەت ئەکات: (ئەگەر مردم یەکێك بێنن بمشوات و ئامادەم کەن و بمنێژن ،خۆ ئەگەر هەتا سێ ڕۆژ نەمردم دەرم بێنن).بە راستی ئەم کارەیان لە ڕابۆ دا جێ بەجێ کرد و کاتێ کە ڕبۆیان پاش سێ ڕۆژ هێنایە دەرەوە ڕابۆ پاش حەوت ساڵ کۆچی کرد .کورد لە بەڵێن و بەڵێندان زۆر راستن بەڵێن بە هەر کەسێك بدەن زوو جێبەجێ ئەکەن ئەگەر شتێك لە مێشکیاندا بوو زوو جێبەجێ ئەکەن لە یادیان دەر ناچێ.

لەگەڵ ئەمەشدا گەلێ کەلە رەقن (عینادن)وشێرگێرن.

ئەگەر یەکێك براکەی بکوژرێ کوڕە دێتە مەیدان و جێگای ئەو کوڕی بکوژی باوکی دێتە جێی بەم شێوەیە یەك ئەوی تر ئەکوژن وەکو هۆزەکانیتر عیبرەت وەرناگرن.

- کورد لە ناسینەوەی خەڵکدا لە ڕێگا و بان بیرێکی تیژیان هەیە و زوو خەڵك ئەناسنەوەئەگەر جارێك بەرێگایەکدا بڕۆن ئەو ڕێگایە ئەناسنەوە ئەگەر بیست ساڵیش بە سەریا تێپەڕێ شەویش هەڵە ناکەن ئەیدۆزنەوە



Scanned by CamScanner

.خۆ ئەگەر جارێك مرۆڤێکیان لە ڕێگادا پێ گەیشتبێ و بیبینن زوو ئەیناسنەوە ئەگەر بیست ساڵیتر ئەو مرۆڤە ببیننەوە ئەوە زوو ئەیناسنەوە ،یەك لەوی تر ناوی ئەو جێگایە لێ هاتووە و بۆ کوێ ئەچێ پرسیار ئەکەن و بەم شێوەیە یەکتر ئەناسن .

لە دوای چەند ساڵێك ئەگەر یەکتریان تووش هات و کەوتنە ئەو جێگایە کە تیا ئەژین یەك لەوی تر پرسیار ئەکات و ئەبێ بە میوانی ئەو مرۆڤە.

لە ناو کورد دا پیاوی وا هەیە کە پسپۆڕی لە رانەمەڕدا هەیە ،مەڕەکەی لە ناو هەزاران مەڕدا بێ زوو ئەیناسێتەوە ، ئەمانە بەرخی مەڕەکان ئەخنە بەر گوانی مەڕەکان و بێ ئەوەی هەڵە بکەن ئەیناسنەوە.

لە کۆنا زۆربەی زۆری کورد بەشەو بە چەکەوە تا بەیانی ئێشکگر بوون ،خۆیان لەدز و هێرش و دوژمن پاراستووە . کورد سەگی بەوەفیان زۆر لا پەسەندە و بەگران دەستیان ئەکەوێ .نرخی سەگێ بە دە یا خۆد پانزە بزن ئەکرن و ئەفرۆشن ،لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە سەگانە پارێزگاری مەڕ و ماڵاتیان ئەکات ،کەس ناتوانێ لەو سەگانە بدات ئەگەر یەکێك لە سەگێکی دا یاخۆد کوشتی ئەوە کوشتار گۆبەن پەیدا دەبێ.

- کورد هەمیشە بەدوای ئەسپی چاك و رەسەن ئەگەڕێن و ئەیکرن ،ئەم ئەسپانە لە ناو ڕەوەدا لە دۆڵ و دەشت ئەبن و ڕێگای ئەسپی ناڕەسەن نادەن تێکەڵی مەڕەکانیان بێت .بەرگریان وەکوو ئەسپی قازاخەکان شەو ورۆژ لە سەرمای زستان لە دەرەوە ئەیبەستنەوە بەرگەی سەرمای زۆری زستان ئەگرن و سەرما کاریان تێناکات .



Scanned by CamScanner

- ئاغای کورد وشتریان هەیە.هەر یەکێك لەمانە دوویاخۆد سێ وشتری چاکی هەیە،بێجگە لەمەش رەشماڵی عەرەبیان هەیە ، رەشماڵی رەش کە بەکار ئەهێنن زۆر گەورەیە چوار مێخی هەیە زۆربەیان وەکوو دیوەخان بە کاری ئەهێنن بە دەوری ئەم رەشماڵە رەشانەدا رەشماڵی سپی بۆ خزمەت کار و قاوەچی و کاسبکار و پینەچی و شیرگیر و بەرگ دروو و چەخماچی و سەراج بە کاری ئەهێنن .ئەمانە لە ناو رەشماڵەکاندا ئەمێننەوە و هەموو رۆژێك لە ماڵی ئاغاوە دووجار خورادنیان بۆ دێنن .لە رەشماڵێکدا خواردنی چوارسەد تا پێنج سەد کەس ئامادە ئەکرێ. — ئاغای کورد هێندە دەوڵەمەند بوون کە سەرۆکایەتی هۆزێکیان ئەکرد ،لە رۆژێکدا گۆنیەك برنج و سێ کیلۆ قاوەیان بۆ میوانەکان لێ ئەنا.چەندە خەڵك ئەهاتنە ئەم رەشمالآنە لەکەس و کاری هۆزەکەوە یا خۆد دەراوسیەکانیان هەموویان بەشی خۆیان خواردن و قاوەیان ئەخوارد بێ ئەوەی هیچ کەسێك ئەمە قەدەغە بکات.

- سەرکردە کوردەکان زنجیرو کەلەپچەیان هەیە ئەگەر کەسێ گۆناحی کرد ئەو کەسە ئەگرن و دیلی ئەکەن و ماڵەکەی ئەبەن زۆرجار روو ئەدات ساڵێ تاوانبارێك تێك ئەدرێ یاخود ئەروخێندرێ ئەوە ئەو مرۆڤە لە ناو هۆزەکە دەرئەکەن.

- کورد بێ پرسی ئاغاکەیان لە ناو خێڵەکەیاندا ناچنە دەرەوە و شەڕ و دزی و خراپکاریش ناکەن،ئەگەر دزی و خراپەیەك بکەن ئەوە بە ئاغا دەڵێن ،زۆرجار روو ئەدات کە شتی دزی بەکار ناهێنن .چۆنکە ئەگەر خاوەنەکانیان ناسرا ئەوە داوای شتەکان ئەکەنەوە.خۆئەگەر شتە دزیەکانیان دایەوە ئەوە



Scanned by CamScanner

ئاغا ئاگادار ئەکەن و ئاغا شتەکە بۆ خاوەنەکەی ئەگێڕێتەوە .لە کاتێکدا ئەگەر بە خاوەن شتەکان بڵێن و خۆیانیش یارمەتیان ئەدەن و ئەبێ بە شایەت، بۆ وەرگرتنەوەی شتەکانی (مزگێنی) وەر ئەگرن. ئەوەش لە کاتێکدا ئەڕۆن بۆ لای خاوەنی شتەکان و پێ ئەڵێن (هەندێ پارە)ی مژدانەم بەرێ پێت ئەڵێم شتەکانت لە کوێ یە؟ پاشان پارەکە وەر ئەگرن و هەموو شتەکانی بە نەهێنی پێ ئەڵێن. بەڵام رووبەڕوو شایەتی نادەن بە تایبەتی ئەگەر لە بەردەم دزەکەدا بێ ، تەنها ناوەکەی ئەڵێن و شتەکان ناو ئەبەن لە کوێ یە ، ئیتر خاوەن ماڵ ئەڕوات و شتەکانی خۆێ دەردێنێ. زۆربە زوویی دزیەتی لە ناو کورد دا ئاشکرا ئەبێ و نایشارنەوە .

زۆربەی زۆری کورد بە درۆ سوێند ئەخۆن و لە بەر نەزانیان (معاذالله) نازانن سوێند چی یە و زۆربەی سوێندەکانیان بە گۆڕی باو و برا و کوڕیان یا خۆد بە سەری باوك و برا و کوڕیان سوێند ئەخۆن ،لەگەڵ ئەمانەشدا سوێندی راستیان هەیە و بە درۆ نایخۆن و ئەترسن . بۆ نموونە: تۆزێ خۆڵ ئەکەنە دەستی پیاوێکەوە و پێ ئەڵێن: ئەم خۆڵە بە ئاسماندا فڕێ بدە و بڵێ خوایە کەس و کارم وەکوو ئەم خۆڵە بڵاو بێتەوە ،هەڵبەت ئەم سوێندە بە درۆ ناخۆن چۆنکە باوەڕیان وایە ئەم سوێندە بە درۆ بخۆن ماڵەکەیان ئەبێتە سەربەشی ماڵان.

- ژنی کورد زیاتر لە پیاوی کورد بە هۆش و زیرەك و وریان ، زۆر دڵسۆزن رێزی غەریبان دەگرن، و پارێزگاریان لێ ئەکەن، بە هەموو شتێك رازی نین



Scanned by CamScanner

و دڵ فراوانن . هەر ئەمانەن لە ماڵەوە هەموو کار و بارێك ئەکەن و هەموو شتێك وەر ئەگرن بێ ئەوەی پرس بە مێردەکانیان بکەن.[٣٨]

- کاتێ کورد بە یەکتری ئەگەن، سەلام لە یەکتری ئەکەن و لە کار و باری یەکتر و تەندروستیان پرسیار ئەکەن .

- کوردەکانی ناوچەی بۆتان و هەکاری زۆر کەم لە جێ دا ئەمرن ،زۆربەی زۆریان ئەکوژرێن .ئەو کوردانەی لەم ناوچانەدا دانیشتوون بە شەڕانی و خوێنرێژ و و ئاژاوەچی ناسراون. یەك لە گەڵ ئەویتردا شەڕ ئەکات. هەموویان خەنجەریان پێ یەو بە خەنجەر یەکتری ئەکوژن. زۆربەیان دوژمنایەتیان لە باو و باپیرەوە بۆ ماوەتەوە . هەمیشە بە دوای یەکتردا دەگەڕێن و هەر کە یەکتری ببینن ئەوە یەك ودوو ئەکوژن .لە ناویاندا (تۆڵە) دوایی نایەت وخوێنیان هەر ئەمێنێت و لە یادیان ناچێ و چاوەڕێ هەڵێکن .میر و ئاغای کورد دەست ناخەنە تولە سەندن ئەم تولەیە درێژە ئەکێشێ هەتا کاتی خوێ دێت.بەڵام لە ناوچەکانی تردا خەڵك ئەکەوێتە نێوان شەڕکەران وشەڕ ئەوەستێنن ئەمانە بە تایبەتی لە ناو هۆزەکاندا باوە.

- ئەگەر پیاو کوژێك ماڵ و سامانی هەبوو، ئەوە نیوەی خوێنەکە ئەداتە حەقدار و نیوەکەی تریش ئەداتە دەر و دراوسێ و ئیتر یەك یارمەتی ئەویتر ئەدات و دوژمنایەتی لەنێوانیاندا نامێنێ.زۆرجار ئافرەتێك ئەدەنە

---

٣٨ - بڕوانە:خەجا تورۆڤ.کوردەکان ل.((٨٥)) هەروەها ئیگیزارۆڤ ل.((٤٨)) وە ڤێلچیفسکی ل.٢١٢ (م.روودینکۆ)



Scanned by CamScanner

تۆلەی ئەو خوێنە و هەردوولا پێك دێنەوە و میوانداری یەکتری ئەکەن و هەرلایەك ئەویتر ماچ ئەکات و ئیتر دوژمنایەتی نامێنێ .

- کوردەکانی ناوچەی هەکاری بە شەو شەڕ ئەکەن و هێرش ئەبەنە سەر دوژمن و سەنگەریان بۆ هەڵئەکەنن و لەو جێگایە شەڕ دەست پێ ئەکات.ئەمانە هەمیشە گوللە و باروت هەڵئەگرن. کەس لە دوو هۆقە بارووت کەمتر هەڵناگرێ . هەروەها چەك و جبەخانەش هەڵئەگرن کە بەشی شەویان بکات.

- کورد گرنگییەکی زۆر بە کاروباری شەڕ ئەدەن ،زیاد لە پێویست گرنگی بە ئەسپ و چەکەکانیان ئەدەن و چەك و ئەسپەکانیان هەتا بە براکانیشیان نادەن .

کورد دەڵێ: (پیاو ژنی خۆی بەئەمانەت بدات بەڵام ئەسپ و چەك و ئامێری شەڕ بەئەمانەت نەدات ).لە جێگایەکی تایبەت چەکەکانیان ئەشارنەوە، یا لە ژێر سەریان لەکاتی نووستن دای ئەنێن و تۆزی لێ دوور ناکەونەوە.هەربۆ ئەمەکوردەکان دەڵێن مرۆڤ هێندە نرخی چەك و گرانی چەك و موچەی ئەکێشێ بۆ ئەمە هەموو رۆژێك بەڵگەیەك ئەدۆزێتەوە کە رۆژی موچە ئامادەن نەبن ،هەربۆیە هەمیشە چەکەکانیان بە پشتیانەوەیە هەتا لە کاتی نوێژیشدا .

- زۆربەی ماڵان دەسکەوان و دەستاریشیان هەیە. بۆخۆیان لە باروت دەرمان دروست ئەکەن و ئەیکوتن و لە بۆتە (قاڵب)ی ئەدەن و فیشەکی لێ دروست ئەکەن .



Scanned by CamScanner

- له ناو کورد دا پیشەسازی کەمە، و ئەگەر هەشبێت ئەوە لەناو فەلەکاندا زۆرن.شیرگەر – ئاسنگەر و پینەچی و بەرگ دروو و زێڕگەر و دارتاش ئەمانە بە زۆری لە ناو ئەرمەنیەکاندایە وەك لە کوردەکان .

- لە ناو کوردەواریدا باروت و مزگەری و بەیتەری زۆرن کورد لە پیشەکانیان بەوە بەناو بانگن لە کارەکانیاندا ورد و دەست ڕەنگین و زیرکن ،ئەتوانین بڵێین: باررووتیان لە باروتی ئینگلیزیەکان باشترە،هەروەها بەیتەری کوردی وا هەیە کە وێنەیان نییە و زۆر بەرێزن .

- کورد زۆر حەز لە یاری (غاردانە) و یارییەکانیان لەسەر خەڵاتە...بۆ نموونە دووان،سیان یاخود چوارکەس پارەیەکی دیاری کراو دائەنێن پاشان یەکێك بە شتێکدا ئەکێشێت و سوارەکان غار ئەدەن ،هەرسوارێکی چاك و ئازا زوو گەیشتەجێ ئەوە خەڵاتەکە وەرئەگرێت یاخود یارییەکی تریان هەیە ئەویش (نیشانەنانەوە)یە کە چەند کەسێك نیشانە ئەگرن و فیشەك بە فیڕۆ ئەدەن،هەریەك کەسێك سێ جار نیشانە لە سەریەك بگرێتە ئەو جێگایە ئەوە خەڵاتەکە وەرئەگرێ.هەندێ جار گرەو لە سەرکارێکی زۆر گران ئەکەن . هەرکەسێ پەیمانی خۆێ زوو بەجێ بێنێ ئەوە خەڵاتەکە وەرئەگرێ،بۆ نموونە: ئەگەر کوشتارێکی گەورە رووبدات ئەوە سەد یاخۆد دووسەد کەس لە هەر دووبەرە ئەکوژرێن. لە هەردوو لا تێکەڵ ئەبن و کەس کەسی خۆێ ناناسێتەوەو نازانرێ کێ بەدیل گیراوە و کێ کوژراوە ... جا بەشەو گرەو ئەکەن ئەڵێن:هەرکەسێك بچێتە مەیدان و بزانێ کێ کوژراوە و نیشانەی ئەو جێگایە بهێنێتەوە ئەوە خەڵات ئەکرێ.کاتێ بۆ



Scanned by CamScanner

بەیانی ئەو مرۆڤە ئەڕوات لاشەی کوژراوەکە دێنێتەوە خەڵات وەرئەگرێ.بە کورتی لەناو کورد دا زۆرکاری نەزانین باوە و بلاّو بۆتەوە .

- بێجگە لەمانەش یاری تریش هەیە وەك شەترەنج و دامە و گوستیر (مستیلە)[39] ئەمیش بە پێ ئەو ئامرازە ئەبێ کە دەیخوازن و ناسراو نی یە .ئەوەی کە خەڵاتەکە ئەباتەوە داوای چی بکات ئەیدەنێ ،وەکوو ئەسپێکی جوان یا خۆد شتێك کەم دەست بکەوێ . زۆر جاریش گرەو لە سەر کچ ئەکرێ و گرەو ئەبرێتەوە.گرەو بڕ خوشکی یاخود کچی وەرئەگرێ و مارەی ئەکات ئیتر پەشیمانی لە گرەو بردنەوە نییە . هەرچی گرەوبر داخوازی بکات ئەبێ پێبدرێ.مەرج لە سەرئەو یاریانە ئەکەن کە ئەیکەن ومەرجەکەش بۆ نموونە: ئەسپ و میوانداری و فلاّن شت داوا ئەکەن .ئەم مەرجەش بەم شێوەیە لە باڵێ کوتر و کەڵە شێر و باڵندەدا ئێسقانێك هەیە ئەو ئێسقانە دێنن و ئەو دوو مرۆڤە هەریەك و لایەکی رائەکێشێ و گرەوی خۆیان ئەکەن .ئیتر ئەگەر یەکێك لەم دوانە جگەرە یاخۆد فنجانی قاوە یا میوە شتێك بداتە دەستی ئەویترەوە گەرەکە بڵێ : (لەبیرمە)خۆ ئەگەر شتەکانی دایە دەستی و لە بیری چوو زوو بڵێ (لەبیرمە) و ئەوە ئەو کەسە ئەیباتەوە و ئەڵێن: (یا دەست نەمان بردەوە )[40] بەم جۆرە شتەکان ئەباتەوە

---

٣٩ - لەم یارییەدا چەند کەسێك هاوبەشی ئەکات و ئەمەش پێك دێت لەوە لە ژێر یەکێك لە ((٨ — ١٠)) ژێرپیاڵەی دەمەونخۆندا مستیلەیەك ئەشاردرێتەوە و یەکێك لەوانەی بەشداری ئەم یارییەی کردووە لەم کاتەدا ئەچێتە دەرەوە و کاتێ دێتە ژوورەوە ئەبێ هەڵی بهێنێت کە لەژێر چە ژێرپیاڵەیەکدا مستیلەکەی داناوە و ئەگەر هەڵی بهێنێت ئەوە ئەیباتەوە .(م.رۆدینکۆ)

٤٠ - یادست:فارسی یە واتە (لەبیرمە)کورد لە واتای وشەی یادست تێناگەن کە (یاداست)دەربڕینێکی میللیە .ئەم یاری یە تا ئێستاش لە ناو کوردەکاندا بلاّو بوتەوە .(م.روودینکۆ)

و ئەویتر ئەیدۆڕێنێ.ئەم یاریانەی لە ناو کورد دا هەمیشە باوە و هەریەکە هەوڵی ئەوە ئەدات کە گرەو بباتەوە و شت بداتە دەستی ئەوی تر و ئەوی تریش بداتە دەست ئەمیان و هەر لایەکیان بڵێن لە (لەبیرمە)ئەگەر (لەبیرمە)یان لە یاد چوو ئەوە ئەیباتەوە .زۆرجار ئەم یاریانە تا ساڵێك ئەخائێنێ و یەکێك لەوی تری ئەباتەوە .

ئەم یارییە بە زۆری کچ و ژن لە یەکتری یاخۆد لە گەڵ پیاواندا ئەیکەن،یەکێك لەویتری ئەباتەوە و داخوازی چیبێت ئەو مەرجە ئەسێنێ .

- لە ناوکورد دا خوێندن و نووسین بە زمانی فارسی یە و خوێندنی تورکی و زمانی تورکی کەم دەزانن،کتێبی تورکی و زمانی تورکی لای کوردەکان ڕێز و پەسەندیان نی یە .بەرتیل وەرگرتن لەناو کورد دا حەرامە ،پارەش بە فایز نادەن و کڕین و فرۆشتنیان بە سەلەمە.[41] قەرز کردن بەدانەوێڵە ،ئەم کارە کارێکی شەرعی یە بۆ نموونە: بزن و دانەوێڵە و جاو ئامادە ئەکەن و بە چەن فلسێك(قرش)ئەی فرۆشن و چەن قرشێك لە قازانجەکە ئەدەن . ئەوانەیشی لەسەر یەکتری سەلەمە ئەکەن ،ئیتر پاش شەش مانگ ئەو شتانەی سەلەم کراوە وەری ئەگرن و ئەیفرۆشن .گۆڕینەوە و سەنەد نووسین لەناو کوردەکاندا کەم هەیە،لەجیاتی ئەم شتانە دوو شاهیید ئەگرن،نووسین و مۆر و ئیمزا کردن لە لایان گرنگ نی یەو شایەتییان لا

---

٤١- سەلەم :فرۆشیار لە کاتی تایبەتی دا خەرمانەکەی ئەفرۆشێ و هێشتا گەنمەکە لە چەکەرەدایە یاخود مەڕ و رانە مەڕەکەی لە سەرەتای پێگەیشتندان.فرۆشتنی بە سەلەم ئەوەیە کە فرۆشیار شتەکانی بە نرخێکی کەمتر بە نرخی ئەم ساڵ ئەفرۆشی واتە بۆ فرۆشتن هێشتا کاتی ماوە ،داخوازی لە سەری کەمە ،هەربۆیە کڕیار یەکسەر پارەکە ئەدات و شەش مانگ بە سەر ڕێکەوتنەکەدا ئەڕوات شتەکان وەر ئەگرن و بە قازانجێکی زۆرەوە ئەیفرۆشن .



Scanned by CamScanner

پێویستره.کورد هەروەك عەرەبەکان شت و مەك لە بازاڕدا ئەکڕن و ئەفرۆشن – عەرەبی بازار ئەوەیە کە رۆن و پەنیر و هەچی یەکیان بێت بە گۆتره ئەیفرۆشن و نای کێشن ،ئیتر ئەوەی ئەیکڕێ کەم بێت یا خۆد زۆر پەشیمان بوونەوەی نی یە .

- پیاوی کورد پارە لای خۆی هەڵناگرێت بەڵکو لای ژنەکانیان دای ئەنێن کیسەکانیان ناو کۆڵەکەی ماڵەوە هەڵئەگرن ئەیشارنەوە.کوردە دەوڵەمەندەکانیش کیسە و پارە و شتی بەنرخیان لە ماڵەوە دا ئەنێن بەم پارانە بەرانی دوو ساڵ (هۆگجان) ئەکڕن و بەخێوی ئەکەن .

رانێك مەر کۆئەکەنەوە و زۆرجاریش زیاتر لە هەزار مەڕیان ئەبێت ساڵی جارێ لەم جۆرە مەڕانە ئەکڕن ئەوانەی لەم وڵاتانەوە دێن پارە و جل و بەرگ و دراو لە گەڵ خۆیان دێنن و بە مەڕەکان ئەیگۆڕنەوە،زۆرجار فرۆشیار داوای دیارییەك ئەکات لە جیاتی نرخی مەڕەکە .رێکەوت وا ئەبێ عەبایەك یاخود دیاریەك ئەدرێ بە ئاغای ئەو هۆزەی کە مەڕەکانیان لێ کڕیون.بەڵام ئاغاکانی هۆزەکانیش پێش ئەمانە باجیان بەزۆر ئەسەند و مرۆڤەکانیان لە گەڵ کاروانەکاندا بە رێ ئەکرد و هەر کەسێك بۆ خۆێ باج و رەسمی بە زۆر ئەساند.

- ئاغای هۆزەکانیش لە کۆنا لە هۆزەکەیەوە خەڵکیان ئەهێنا و ئەیان گرتن و تاڵانیان ئەکردن .ئەگەر ئەم ئاغایانە بیریان لەوە بکردایەتەوە یەك دوو یاخۆد سێ کەس بکوژن ئەوە فەرمان رەواکانی ئەو جێگایانە نەیان ئەپرسی لە سەرچی ئەم مرۆڤانەیان کوشتووە لە بەر ئەوەی ئەمانە سەربە هۆزەکەی ئاغا بوون .



Scanned by CamScanner

له کۆنا ئاغای هۆزەکان سەربەخۆیەکی تەواوی لە گەڵ هۆزەکان و فەرمانڕەوا دراوسێکانیشدا هەبووە.هیچ کەسێك لەمانەیان پرسیار نەئەکرد (بۆچی ئەم کردارەت کردووە؟)

- کورد منداڵەکانیان فێری هۆنەری چەك هەلگرتن ئەکەن ، فێری رمبازی، سواری و تفەنگ هەلگرتن و تەقەکردن ئەکەن ،هەموو بیرو هۆشیان لای شەڕو ئاژاوەیە . پێش ئەوەی شەڕ یا خۆد هێرشێك رووبدات ئەمانە چیرۆکی شەڕ و شۆڕی کۆنیان بۆ منالەکانیان ئەگێڕنەوە ، فلان شەڕ وابووە و فلان جێگا وا تالان کراوە .مێژووی شەڕو رووداویان بە وردی لە بیریانە و لەبەری ئەکەن ، زۆرترین کاتی ژیانیان بە پێ ی زۆزان و هەوارەکانی دەستنیشان ئەکەن و دێتەوە یادیان ، مێژووی ئەم دوو جێگایە وای لێ ئەدوێن :دووساڵ لە فلانە هەوار بووین و هێندە کاتیش بەم شێوەیە شێوەی سەرژمێری رۆژەکان و رووداوەکانیان ئەزانن.

- کورد زۆر باش رۆژمێری سالانە و مێژووەکەی بە رۆژ و مانگەوە ئەزانن ،حسابی قەمەری نازانن.لە جەژنی رەمەزان و جەژنی لە دایکبوونی پەیغەمبەر ئەزانن[٤٢] ئەمانەش حسابیان وەکوو تورکەکانە ، هەروەها (بەران بەردان) و(صەدپەز)[٤٣] یش ئەکەن بە جەژن.

---

٤٢- رۆژمێری کوردە موسڵمانەکان تەنها بۆ جەژنە ئایینیەکان بەکار دێت بڕوانە ( ئاریستۆڤا ل.((٢٤٩ – ٢٥٠)) م.روودینکۆ.

٤٣- صەدپەز: واتە سەد رۆژی مەڕ – ئەم جەژنە دوای سەد رۆژ پێك دێت کەبرانەکان ئەکرێنە دەرەوە ،واتە لەو کاتەدا مەڕەکان بەرهەم و بەروبومیان دەبێت.م.روودینکۆ.



Scanned by CamScanner

- کاتێ نیوەی پاییز ئەبێ داب و نەریتیان وایەکولیچە(گاتو)دروست ئەکەن،ئەچن بۆ لای رانە مەڕەکان و مەڕەکان ئەڕازێننەوە ئەچنە لای کرید مهان ( omapan ) و مەڕەکان بەرەڵا ئەکەن و کولیچە ئەبەخشنەوە و ئەیکەنە شایی و هەڵپەڕکێ[٤٤] پاشان کە سەد رۆژی بەرانەکان تەواو ئەبێت دیسانەوە کولیچە دروست ئەکەن و بە خۆشی و تەندروستی مەڕەکانیانەوە شایی ئەکەن.

- کوردەکان هەرچەندە مەڕی زۆریان بێت بۆ خۆیان سەری نابڕن بەڵام ئەگەر میوانێکیان هات یا خۆد مەڕێکیان نەخۆشی کەوت ئەوکاتە مەڕەکە سەر ئەبڕن ،لەکاتێکدا ئەگەر مەڕەکە بمرێت ئەوە سەری نابڕن و گۆشتەکەی ناخۆن.

- کورد ئەگەر ویستیان نامەیەك بۆ یەکێك بنووسن ئەو نهێنی یەی کە پێویستە بە وردی و ئاشکرایی ناینووسن چۆنکە ئەترسن بەردەستی یەکێکی نامۆ بکەوێ و نهێنیەکە ئاشکرا بکات یا خۆد ئەو کاغەزە ئەبێت بەڵگە و سەنەدێك.هەر بۆ ئەمەیە لە نامەکەدا سەلام و دۆعا ئەنووسن .ئەوەش ئەنوسێ کە هەڵگری نامەکە کەسێکی باوەڕ پێکراوە و هەرشتێکیان هەیە ئەوە بە دەمی پێ بڵێن .ئیتر هەر هێندە دەنوسن و وەڵامی نامەکە لە ترسان بە زمان بەکەسەکە ئەڵێن ... رابەری کاغەزەکەش شتەکان بۆ خاوەن

---

٤٤- کوردە ئێزدیەکان لەم جەژنەدا بە لادییەکانەوە ئەگەڕێن و خۆیان لە خەڵکەکان گۆڕیون،ئەمەش دوو پیاو ئەیکات .یەکێکیان جلێکی ناشیرینی پینەکراوی لە بەر ئەکات و لوتێکی دروست کراویش ئەکاتە لوتی و خۆی ئەگۆڕێ و ئەویتریشیان جلی ئافرەت لە بەرئەکات واخۆی دەرئەخات کە ژنی ئەو کابرایە.ئەمانە بە ماڵانەوە ئەگەڕێن و قسە و نۆکاتی خۆش ئەکەن و هەرچێکیان دەست کەوێت ئەیخەنە تورەکەیان ئیتر پارە بێ یان شتی تر .م.روودینکۆ.



Scanned by CamScanner

نامەکە ئەگێڕێتەوە،هیچ کاتێك رووی نەداوە کورد کاری نهێنی یان بە نامە بنووسن بەڵکو هەموو ئیش و کارێکی نەهێنی بەلاوە ئەنێن. کاغەزەکانیان ئەبێت مۆر و پولی پێوە بێت ئەگەر ئەوەی پێوە نەبێ ئەوە نرخی نی یە .

ئەگەر لە رێگا ئاژەڵێکی درِندەیان توش هات وەکو شێر و پڵنگ و گورگ و ورچ ئەوە نیشانەی چاکەیە بەڵام ئەگەر ئاژەڵێکی بێ ئازاریان تووش هات وەکوو رێوی و چەقەڵ و کەروێشك ئەوە بە شووم تێ ئەگەن .ئەگەر کوردان چوونە هەوارێك و نەخۆشی کەوتە ئەو ناوە ، بەتایبەتی ناو مەڕوماڵاتیان ئەوە زوو لەو هەوارە بار ئەکەن . ئەگەر بشمرن ناچنە ئەو هەوارەوە .هەروەها لە دییەکاندا ئەگەر زستانەکەی سەخت بوو و زەرەر بە ئاژەڵانیان کەوت ئەوە بە شوومی دا ئەنێن . جارێکی تر ناچنە ئەو دییە.کاتێك کە دەعوا یا خۆد مارەکردن ئەبێ ئەو مەلایە کە لە ماڵی ئاغادا دەژی ئەو مەلایە مارە دەبڕێ و کاتی جیابوونەوەش هەر ئەو مەلا ئەیکات .

- کورد بۆ ئەم کارانە بە دوای مەلا ناچنە شار و دییەکان .

زۆربەی زۆری کورد بە ناوی دایکیانەوە بانگ ئەکرێن بۆ نمونە عەلۆی فاتمێ سمۆی عیشێ و رەشۆی حەلێ.[٤٥]

- کورد وەکوو عەرەبەکان بە دوو سێ ناو بانگ ئەکرێن کە ناوی باوك و باپیریان ئەبەن وەکو مەحۆی عەلی حەمدان و ئۆسۆی خدری تەمران .

---

٤٥- ناتوانرێ لەم رووەوە لەگەڵ رای نووسەر یەك گرین ووشەی (زۆربەی) بەکار هێناوە بەڵکو هەندێ جار منالّی کوردەکان بەناوی دایکیانەوە ناو ئەبرێن ئەمەش لەم رووەوە دایکەکە جیاوازی هەبێ لە گەڵ دایکانی تردا ،لەرووی زیرەکی زانایی و جوانی یەوە .

بڕوانە منیورسکێ.. تێبینی و سەرنجەکان. موسکو((١٩١٥)).ل.((٣٧)) ڤیلچیڤسکی ل.((٢١٣)).(م.روودینکۆ)

لەناو کورد دا وا باوە کاتێك منداڵێك لە دایك ئەبێ ناوکی ئەبڕن ،ئینجا ئەو شتەی کەناوکی منداڵەکەی پێ ئەبڕن باوەڕیان وایەئەگەر ناوکی منداڵ بەشیر بڕا ئەوە کاتێ کە گەورە بوو ناوبانگ دەر ئەکات و شۆڕەسواری لێ دەر ئەچێ ،ئەگەر ناوکیان بە قەڵەم بڕی ئەوە پاشان ئەبێت بە زاناو نووسەر یا خۆد مەلای لێ دەرئەچێ.

- ئەگەر ناوکی کچەکانیان بە ئاڵتوون ببڕن ئەوە ئەو کچە ئەبێت بە خانم و خاتوون و ناوبانگی ئەبێ[٤٦]

- کورد ئەگەر ناوکی کچەکانیان کلێ و سمەی تێبگرن ، ئەوە کچەکانیان ناسك و جوان ئەبێ.ئەم نەریتە لە ناو کورد و عەرەبەکاندا هەیە .ئەگەر ژنێك بە زەحمەت و گران و درەنگ منالی بێت ئەوە یەکێك بانگ ئەدات و ئیتر بە فەرمانی خوا زوو رزگاری ئەبێ.زۆرجار خوا نەخواستە رووئەدات منالێ لە رەحمی دایکیدا ئەمرێت ئەوکاتەش ژنی زیرەك هەیە دەرمانێ دروست بکات و منالە مردووەکەی پێ فڕێ ئەدات.هەندێ لە گوندە کوردەکان لە زستاندا ئاویان دەست ناکەوێ بەفر ئەهێنن و ئەیکەنە ناو مەنجەڵێکەوە وئەیکوڵێنن و بۆ خواردنەوە و کاروبار و ئاژەڵەکانیشیان بەفر ئەخۆن .ئەگەر دوژمنایەتی لەناو کوردەکاندا هەبێ و توانای ئەوەیان نەبێ تۆڵەی خۆیان بە ئاشکرا بسێنن ئەوە بە نەهێنی بەشەو تۆڵەی خۆیان ئەسێنن. بە دەمانچە دوژمنەکانیان ئەکوژن یاخود ئاگر و باروت فڕێ

٤٦- خانم:ژنی پاشایە یاخود فەرمانڕەوایە –خاتوون :ژنی ئاغا یاخود بازرگانە (ژابا)..(م.روودینکۆ).



Scanned by CamScanner

ئەدەنە ناو دوژمنەکانیان یاخود ئەگەر دوژمنەکانیان بینی ژەهریان ئەدەنێ.

- بەکورتی کورد هەمیشە دوژمنی خۆیان بە نهێنی لەناو ئەبەن .

بە دوایا ئەگەڕێن ئەگەر لەکاتی نوێژ کردنیشدا بیبینن ئەوە دەی کوژن.ئاغا و سەرۆك هۆزەکانیان هەریەکەیان دوو پاسەوانیان هەیە بە دەوری ماڵی ئەمانە شەو تابەیان ئەسوڕێنەوە .

بێجگە لەم دوو پاسەوانە دوو پاسەوانی تریش هەن هەریەکەیان لە گۆشەی ژوورەکەی ئەوەستێ و پاسەوانی ماڵ ئاغا ئەکات.ئاشکرایە ئاغا و سەرۆك خێڵەکان لەگەڵ ئەم دوو پاسەوانەشدا سەگیش رائەگرن هەر کە لە دوورەوە تارماییەك بەدی بکەن و گوێیان لە دەنگی پێ بێ یەکسەر بەرو پیریەوە ئەچن .کە تارماییەکەیان بینی پاسەوانەکان بە دوای سەگەکە رائەکەن بۆ ئەوەی بزانن چ شتێك لەو جێگایە هەیە.ئەگەر دوژمن بێت ئەوە یەکسەر هاوار ئەکەن و بە دوو خولەك (دقیقە)هەموویان کۆ ئەبنەوە و بەرەو دەنگەکە ئەڕۆن .

- کورد بە بیر وباوەڕی بەرایی کۆن تەواو باوەڕ ئەکەن بە تایبەتی شێخەکان.هەر خێڵ و تیرەیەك شێخێکی تایبەتی خۆی هەیە،گوایە باوك و باپیری ئەم شێخانە پیاوێکی چاك و شێخ بوون ونەوەی ئێستا بێ ئەدەب و نەزانن.بەڵام ئەمانە لای کوردەکان زۆر بەرێزن،ماڵی یەکێك ئەگەر لە نزیك ماڵی شێخێکەوە بێت لە چۆڵانیدا ئەوە ماڵیان نادزن و لێشیان نزیك نابنەوە و لەقسەی شێخەکانیش دەرناچن.ئەگەر یەکێك نەخۆش یاخود شێت بێت ئەوە ئەیبەنە ماڵە شێخ و مەڕ و بزنیان بە دیاری بۆئەبەن و ئەیکەن بە



Scanned by CamScanner

قوربانی .نەخۆشەکە چەند رۆژێك لە ماڵی شێخ ئەهێڵنەوە، شێخەکان نەخۆشەکە بە دارێکەوە ئەبەستنەوە و دارکاری نەخۆشەکە ئەکەن . کەس و کار وا هەست ئەکەن بەم دارکاریە چاك ئەبێتەوە .

ئەگەر نەخۆشەکە زۆر هیلاك بوو ئەوە ئەمرێت و رزگاری ئەبێ و ئەگەر چاکیش بووەوە ئەبێت بەدەروێشی و لای ئەمێنێتەوە.هەموو ساڵێکیش دیاری بۆ شێخ دێنن و کوڕ و منداڵەکانیش نارۆنە لای شێخێکی تر . هەموویان ئەچنە ژێر رکێفی ئەم شێخەوە .بەم شێوەیە هەر تیرەیەك شێخێکی تایبەتی یان هەیە زۆر رێزی ئەگرن .

- نەریتێکی تریش لای کورد باوە ئەویش ئەگەر کەسێکی لاوی خۆشەویستیان نەخۆش بکەوێ و نەخۆشییەکەی مەترسی لێ بکرێت و درێژە بکێشێت و چاك نەبێتەوە ئەوە ژنی ئەو نەخۆشە یاخود خوشك و کچی سێ جار بە دەوری نەخۆشەکە ئەسوڕێتەوە و خۆیان لە دەوری ئەگێڕن و ئەڵێن:ئاگادار بن خۆم بەقوربانی فلان کەسی خۆشەویستم ئەکەم و یا خوای گەورە ژیان بەم نەخۆشە باتەوە و هەرچی قەزاوبەلایەکی هەیە لە من کەوێ ئەگەر چەندلە عومرم ماوە ئەوە ئەیکەم بە ساقەی نەخۆشەکە و مەرگی ئەو بۆ من بێت .

- ئیتر ئەو ژنە سێ جار بە دەوری نەخۆشەکە ئەسوڕێتەوە و جاری وا هەیە بەفەرمانی خوا نەخۆشەکە چاك ئەبێتەوە و ئەو ژنەی کە ئەو مرازەی کردبوو بە ئەمری خوا نەخۆش ئەکەوێ و ئەمرێت .ئەم نەریتە بە ژنانەوە تایبەتە. کە بۆ پیاو،براو کوڕیانی ئەکەن ،چونکە ژنان بۆ ژنان و پیاوان بۆ پیاوان ئەمە ناکەن .زۆرجار روو ئەدات کەسێکی خۆشەویست نەخۆش



Scanned by CamScanner

نەکەوێت و دەکەوێتە سەرەمەرگ ..بۆ شفای ئەو نەخۆشە نیوەی ماڵەکەی یاخود سێ یەك و چوار یەکی ئەدەنە هەژاران و مراز ئەکەن .ئیتر ئەو کەسەی مرازی کردووە ئەگەر هەژار بێت ئەوە بۆی رۆژوو و نوێژ و خەتمی قۆرئانی بۆ نەزر ئەکات . پاشان پەیمانی خۆی بە جێ دێنێت.

رووئەدات کچانیش لە دەرگای خوا ئەپارێنەوە و مراز دەکەن کە خوا شفای نەخۆشەکە بدات و مرازەکەیان بە جێ دێنن بۆ نموونە (مراز) کە خوا شفا بداتە کوڕمان ، کچەکەمان لە رێ خودا هەرچی بیخوازێت پێشکەشی دەکەن بێ ئەوەی شیربایی وەربگرن هەرکە نەخۆشەکە چاك بووەوە پەیمانی خۆیان بەجێ دینن . هەروەها یەکەم نانی کە لە تەنوور ئەهێننە دەرەوە ئەوە ئەو نانە ناخۆن گوایە دەڵێن هەرکەس ئەو نانە بخوات ژنی ئەو کەسە ئەمرێت . هەروەها کورد کاتێ قاوە لێ ئەنێنن فنجانێکی لێ ئەرێژن و ئەڵێن ئەمە بەشی شێخی قاوەیە .ژن و کچەکورد هەروەك ژنە عەرەبەکان رووخسار و دەست و لێویان ئەکوتن . ژنەکانیان بە تەنها ئەچنە ئاش و کاروانان . لە ماڵەوەشدا ئەگەر خانوو یاخود رەشماڵ بێت دە تا پانزە پیاو و ژن و باوك و برا و خۆشك ، دایك و ژن ، بووك و زاوا هەموویان یەك و دوو لەجێگەیەکدا پێکەوە ئەنوون و شەرم ناکەن،پێویستە ئەمە بزانرێ کەچارە نییە و هەموویان لەو خانوەدا ئەژین .ژن و بووکی کوردەکان رووخساری خۆیان لە کەس داناپۆشن و لەبەردەم کەسیش دا هەڵنایەن ، لەگەڵ هەموو کەسێکدا قسە دەکەن بەڵام خاوەن رەوشت و پاکن.



Scanned by CamScanner

- ژنی كورد له ماڵەوەیاندا خاوەنی سامانی خۆیانن بۆ نموونە: مەڕ و ڕەشماڵ و پارەیان له ماڵی باوكیەوە یاخود له پیاوەوە وەرئەگرێ ئەیهێنێتە ماڵی خۆیەوە ئەبێت بە هی خۆێ. بەمە ئەڵێن (شكارمت)[47] پیاوەكانیان نزیكی نەختی ژنی خۆیان نابن خۆتیكەڵ بە لایەنی مادی ژنیان ناكەن .ژنەكانیش بەخۆڕایی پارە خەرج ناكەن. بەڵكو بەوپارانە جل وبەرگ وپێویستی ئەكڕن وبەوشتانەی كەئەی فرۆشن شتەكانیان زۆرئەكەن .

زۆربەی زۆری ژنان میرات لەماڵی باوكیانەوە وەرناگرن بەڵكو ئەیدەنەبراو كوڕی مامی خۆیان .

- كوردان لەماڵی وەقف خۆیان دوورئەخەنەوە، بەشیوەیەك ئەگەرفەرمانبەرێك یاخود ئاغایەكی زۆر دار لەناویانداپەیدابێت ئەمە بە نهینی ئەچن وتۆزێك خۆڵی وەقف ئەهێنن بەسەرماڵی ئەم زۆرداره دا ئەیرێژن . له هەندێ كاتدا ئەم زاڵمە ئەبێت بە گاڵتە جاری وپێكەنینی خەڵك .

- تیرەو خێڵە كوردەكان دڵ پیسی و گومانی خراپ لەژنەكانیان ناكەن . ئەگەر ژنەكانیان قسەیە یا نوكتەیەك بگێڕێتەوەو پێ بكەنن ولەماڵی

---

٤٧- (شكارمت) دوای چەند هەفتەیەك له زەماوەند دایك و باوك دەعوەتیان ئەكەن لەم ڕووەوە بڕوانە (س.نا.ئێگیڤارۆڤ)نوسیویەتی هەرخزمێك بەپێ ی توانای خۆی دیاری بووكێنی پێشكەش ئەكەن وەكو:مەڕوبزن بەڵام دایك وباوكیان چەند سەرە مەڕیاخود مانگایەكیان ئەدەنێ بەم دیاریانە ئەڵێن (شكارمت)ئیگزارۆڤ ل.((٢١٥)) شكارمت هەروەها جل وبەرگی ژنانەش ئەگرێتەوە كەبەتایبەت پێشكەش بەژنەكە ئەكرێ . ئەمەش لەناو خیزانەكەدائەبیت بڕوانە هەمان سەرچاوە ل.((١٠٨)).شكارتەیە نەك شكارمت .



Scanned by CamScanner

غەریبدا بنوێت ولەناویاندا هەڵسوکەوت ونوکتە بگێڕێتەوە مێردەکانیان دڵیان لێ پیس ناکەن و گومانیشیان لێ ناکەن .

- ئەگەر چی ژنە کورد ڕویان داناپۆشن بەڵام خراپیشی تیاکەمە . ئەوەش لە ترسا خوانەخواستە ئەکەر ژنێك خراپە بکات، ئەوە ئەو ژنە ئەکوژن و ئیتر دەرباز نابێ لەکوشتن زیاتر .

- ئەگەرژن وپیاوێك لە جێگادا بەنیازی خراپی پێکەوە بوون ئەوە هەردووکیان ئەکوژرێن وخوێنیشیان وەرناگیرێ . کەسیش بەرگریان لێ ناکات. چونکە بەکارێکی زۆر نزمی ئەزانن و بۆئەم کارانەش پاڕانەوە نابێت . مێردی ژنەکە هەردووکیان ئەکوژێ پاشان خوێن داواکردنیش نابێت تەنها لەکاتێکدا ئەگەرخاوەنی پیاو وژنەکە لەجێگایەك بوون و پێیان زانرا کە فلان پیاو لەگەڵ فلانە ژندا کردەوەی خراپیان کردووە کەس وکاری ژنەکە ئەو ژنە ئەدەنە بەرخەنجەرو ئەیکوژن وپاشان ئەینێژن ئیترکەس لەدەر و دراوسێ و خزمانیش ناپرسێ بۆچی ئەم کارەت کردووە. پرسەی بۆناگرن .پاشان دایك و باوکی ژنە کوژراوەکە چاوەڕێ هەلێکن ئەو پیاوە بدۆزنەوە کەدەستی لەگەڵ ژنەکە دا تێکەڵ کردووە. بۆئەوەی بیکوژن .کاتێك کە پیاوەکەیان کوشت خوێنی نادرێ لە بەر ئەمەش بۆهەمووکارێك رێکەوتن و پەیمان بەستن هە یە بەڵام بۆئەم کارانە رێکەوتن نیە.

- لە ناو کوردەکاندا چەند جۆرە گوناهێك پە یدا دەبێت تە نها دووکردەوە نەبێ کە هیچ لەناو کوردەکاندا رووی نەداوە نەریتیان نیە دژی یاسایانە : یەکێك لەم کردەوانە خوانەخواستە (هەتیو بازی )یە کە لەناویاندا هەرنەبووە ، باوەڕیان نیە خوانە خواستە ئەکەر یەکێك ئەم کردەوە یە



Scanned by CamScanner

بکات ئەوە بە کارێکی زۆر خراپی ئەزانن و ئەو کاتە ئەو کەسە بەردە باران ئەکەن و هیچ کاتێك ئەو ناوەی لێ نابێتەوە و پێ ئەڵێن هەتیو باز.

کردەوەی دووەم :سەرخۆشی یا بەد مەستی هەتا ئەم دوایەش لەکوردستان دا سەرخۆش نەبووە بەڵام ئیستا هەندێ لەگەنجەکان ئەوانەی لەگەڵ تورکەکاندا ئەگەڕێن لەناو تورکە ناسراوەکاندا مەی خواردنەوە زۆرەو لەگەڵیدا راهاتون ئیتر بۆیە ئەم گەنجانە هاوڕیەتی لەگەڵ تورکەکان ئەکەن بۆ خواردنەوەیە.هەڵبەتە ئەم مرۆڤانە نموونەیان کەمە و لە هەزاران دا یەکێك پەیدا دەبێ.لەکۆنا هەتا فەلەیش (ئەرمەنی) لەکوردستاندا مەیان نەخواردووتەوە ئەگەر مەیشیان خواردبێتەوە ئەوە زۆر کەم بووە.

- ئەگەر دووکورد لەناو خۆیاندا شەڕیان کرد یاخود لەیەکتر زویر بوون ئەوە ئەو دووانە بەیەکتری جنێو نادەن بەڵکوو یەك ئەوی تر تووند ئەگرێ و بە مست یاخود خەنجەر لەیەکتری ئەدەن و هاوار کردنیش لایان نەنگە.

پیاوی کورد لایان شەرمە خەنە بگرنە دەستیان بەڵام لایان شەرم نییە ژن و پیاو چاویان بڕێژن و کلی تێ بکەن.

بەڵام ئەو مرۆڤەی پرسەدارە یاخود دڵتەنگە جلی سەوز و سوور و جوان لە بەرناکەن ، دەستیان لە خەنە ناگرن ، چاویان کل ناکەن ، ناچنە میوانی و شاییەوە.

لە پرسەدا ژنەکانیان پێیان شەرمە جلی سەوز و سوور لەبەر بکەن و خۆیان بڕازێننەوە و بۆ شایی و مێوانی بچن .

- ئەگەر یەکێك لەناو کورد دا نەخۆش بکەوێ ئەوە دەر و دراوسێ و دۆست و خزمی خواردەمەنی بۆ ئەبەن و سەری لێ ئەدەن و لەتەندروستی



Scanned by CamScanner

ئەپرسن و دڵ خۆشی ئەدەنەوە و پێ ئەڵێن : (خواکەریمە مەترسە ئینشائەڵلا چاك ئەبێتەوە ئێمەش نوشتەت بۆ ئەکەین تا چاك ئەبیتەوە).
لەلایەکەوە میللەتان باوەڕیان بە حەکیم و دوکتور هەیە لەلایەکی تریشەوە بەشێك لەکوردەکان پێویستیان بە نوشتە هەیە و باوەڕی پێ ئەکەن .بەڵام کورد گوێ نادەنە حەکیم و دەڵێن:حەکیمی راستی ئەوەیە لە پێشدا چارەی خۆی بکات و نەخۆشی نەبێت ، بۆ نەخۆش خوای گەورە شیفای بۆ ئەنێرێ و دوکتوری راستی هەر خۆدایە.لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ پیرەژن پەیدا ئەبن کە دەرمانی تایبەتیان بۆ دورست ئەکات و پێ چاك ئەبنەوە.کاتێ مرۆڤێ ئەمرێ ئەوا گریان و شینی بۆ ئەکەن و بەدەنگی بەرز هاوار و گرین پەیدا ئەبێ،کەس و کاری مردووەکە لە جێگایەکی ماڵەکەدا دائەنیشن و ژنێکی دەنگ خۆش بانگ ئەکەن کە بۆ مردووەکە بلاوێنێتەوە(لاوك و سوارۆ)بلێ خەڵکەکە ئەخاتە گریان.ئیتر هەرچی گەنج بێ ئەچن گۆڕ بۆ مردووەکە هەڵئەکەنن ، مەلاش ئاو گەرم ئەکات و مردووەکە دەشوات و کفنی ئەکات،ئەگەر ژن بوو بێت ئەوە بێ تابووت نابێ و تابووتی بۆ دروست ئەکات و ئەیخەنە تابووتەکەوە و بە کۆمەڵ (نوێژی جەنازەی) بۆ ئەکەن و ئەیبەنە گۆڕستان.ئەگەر پیاوێکی دەوڵەمەند بێ ئەوەدووبارە تابووتی بۆ دروست ئەکەن . ئەگەر هەژاریش بێ و توانای دروستکردنی تابووتی نەبێ کفنی بۆ ئەکەن و مەلا لەسەری ئەخوێنێت.پاشان بۆماڵی مردۆکە ئەگەرینەوە و سەرخۆشی لە کەسوکاری مردووەکە ئەکەن وئەڵێن :( سەری ئێوەش خۆش بێت وفەرمانی خوایە، مردن بۆهەمووانە ، بێ مردن نەوەی



Scanned by CamScanner

ئادەم نابێت چەند پێغەمبەرو پاشا هاتنەدونیاو هەموویان لەناوچوون تۆغەمان مەخۆ گریان و خەفەت بۆ مردووەکە ناگەڕێتەوە).

بەم شێوەیە سەبووری کەسوکاری مردووەکە ئەدەن .کاتێك ئەبێتە عەسر خزم ودراوسێ لەگەڵ کەس وکاری مردووەکەو مەلا ئەچنە سەرقەبران ئەخوێنن ،پیرانیش سەڵاوات لێئەدەن بەهاوار و گریان وخۆڵی گۆڕەکە بەسەرخۆیاندا ئەکەن. سەڵاوات وقورئان ئەخوێنن. پاشان بۆماڵەوە ئەگەڕێنەوە .ئێوارێ لەماڵە دراوسێ وخزمانەوە بۆپیاوان بەجیاو بۆ ژنانیش بەجیا خواردنیان بۆ ئەبەن.

تاسێ رۆژ هەندێکیش تاحەوت رۆژ پرسە ئەگرن. بەم شێوەیە بەیانی و ئێواران ئەچنەسەرقەبران و ئەگرین و خێرئەکەن .

گۆڕ هەڵکەندن وشوشتن وهەلگرتنی مردووەکە لەکوردستاندا لەدۆڵەمەند وهەژرا کرێ وەرناگیرێ. بەڵکو هەریەکە چاکەی خۆی بە جێ دینێت .

- زۆربەی کوردە نەخوێندەوارەکان سوێند و باوەڕیان بەنان هەیە . بەنان سوێند ئەخۆن گوایە ئەڵێن ئەگەر مرۆڤێك نان نەخوات نە باوەڕی هەیەو نەئاین چونکە دین و باوەڕ بەنان قایم ئەبێت .لەزستاندا پیاوی کورد بەیانیان و ئێواران لەژوری ئاغاکانیان بەدووسەعات و سێ سەعات قسە ئەکەن وڕاز و چیرۆك و باسی شەڕ وشۆڕو دەنگوباسی ڕابردوو ئەگێڕنەوە. کەنیوەڕۆش هات بۆماڵی خۆیان ئەگەڕێنەوە . لەماڵەوە نان ئەخۆن و ئالیکیش بە ئاژەڵەکانیان ئەدەن. ئەگەرهەواخۆش بوو ئەوە دێنە دەرەوە ولەبەرخۆرەکە لەگۆشەیەکدا دائەنیشن وسەبیل وجگەرە ئەکێشن و گفتوگۆئەکەن. بەشەویشدا بە(گوێز)ئەگەر دەستیان کەوێ یاری ئەکەن.



Scanned by CamScanner

ئەمەش وەکو قومارواپە یاری کەم پێئەکەن. گەنجەکانیان بەلاو وکیژو بووکیانەوە هەمووشەوێکی زستان لەماڵێکی دەنگ خۆشدا کۆئەبنەوەو ئەگەرسازهەبێ ئەوە سازلێ ئەدەن خۆئەگەر سازنەبێت ئەوە لاوە دەنگ خۆشەکان بووکو کچ پیکەوە گۆرانی (بیرتە) دەڵێن و شایی ئەکەن و هەڵئەپەڕن. هەتا نزیك بەیان ئیترهەرکەسێك بلاّوەی لێدەکات و ئەڕۆنەوە ماڵی خۆیان ،زۆربەیان هەربە دووشەو یا سێ شەو جارێك گۆرانی بێژ لەناو گوندەکاندا دێنن. ئەگەر لەگوندە فەلەکانیشدابێت ئەوە بووك وکچی ئەرمەنی لەگەڵ کوردەکاندا پیکەوە گۆرانی ئەڵێن و ئاهەنگ ئەگێڕن .زۆرجارلە کوڕە کوردێك روو ئەدات دڵی بەکچە فەلەیەکەوە ئەبێت ئەو کچە بەرەزامەندی خۆی لەکەڵ کوڕەکە ڕەدوو ئەکەوێت و ئەبێت بە موسڵمان ، کوڕەش لەخۆی مارەئەکات .کورد کاتێك ڕێیان کەوتە دێیەکی فەلە ئیتر بێ جیاوازی یەك ماڵ ئەبن کوڕو منالّی کورد لەگەڵ فەلەکاندا هەموویان لە یەك خانودا نان وخواردن پێکەوە ئەخۆن .زۆربەی کورد نان و خواردنی فەلەکان ئەخۆن.کاتێك کە فەلەکان نان دروست ئەکەن کولێرە ئەدەن بە منالّە کوردەکان بێ بەریان ناکەن. ئەگەر رووبدات خواردن بە منالّە کوردەکان نەدەن، ئەوە کوردەکان بە زۆر خواردن و نانیان لێ ئەسێنن و پێکەوە ئەیخۆن .ئیتر بە کورتی هەتا بەهار ئەو کوردانە میوانی ئەو خێزانەن. ئەم تایبەتیە هەر فەلەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکوو کوردە دەوار نشینەکانیشی گرتۆتەوە. کاتێ ئەچنە دێی موسڵمانە کۆچەریەکان هەمان دەستووریان هەیەو ئەم زەحمەت و ماندوویەتیە ئەدەنە بەر گوندەکان و خێزانەکان .



Scanned by CamScanner

- ئەگەر لە زستاندا بە ئەمری خوا رەشماڵیان خراپ بوو ،لە بەهاردا کاتێ کورد دەچنە زۆزان ئیتر ئەو مرۆڤە لە جیاتی رەشماڵە خراپ بووەکە رەشماڵی خۆێ دێنێت و هەڵی ئەدات و ئەڵێت: لەم گوندەدا زستانێ رەشماڵێکی من خراپ بوو بوو ئەم رەشماڵەش لە جیاتی ئەو رەشماڵەی ساڵی پارە.

- لە گۆندا کوردەکان زوڵم و زۆرداریان لە جووتیارەکان کردووە ،بیست ، سی سوار ئەهاتن ئەبوون بە میوانی دێ کە ئەو گووندەش بەرخ و بزن و مریشکیان بۆ سەر ئەبڕین و ئالیکیان بە ئەسپەکانیان ئەدا ،کاتێکیش کە ئەڕۆشتنەوە هەندێ دیاری وەك پارە و چەند جووت گۆرەویان لە گووندییەکان ئەسەند.پاشان لەم گوندەوە بۆ گووندێکی تر ئەکەوتنە رێ.

بەم جۆرە بە گوندەکانەوە ئەسوڕانەوە کاتێ کە دەخڵ و دانیان ئەدووریەوە دووبارە دەهاتنەوە سەر گوندەکە و گوونیەی بەتاڵیان ئەدا بە گووندەکە و فەرمانیان ئەکرد کە ئەم گوونیانەیان لە گەنم و جۆ بۆ پڕکەن.ئیتر ناو بە ناو گونیان ئەهێنا و لەگەنم و جۆ پڕیان ئەکرد و بۆ ماڵەوەیان ئەبردەوە.ئەگەر گونیەکە پڕنەبوایە ئەوە خۆیان نزیکیان ئەکەوتنەوە و بە زۆر پێیان پڕ ئەکردن،بەم شێوەیە هەمیشە جووتیارەکان تا ئەم ساڵانەش بەدەست زوڵم و زۆرداریەوە ئەیان ناڵاند.بەلام لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان عەبدوڵ مەجید خاندا دادپەروەری پەیدا ببوو سەربازی نیزامی دروست کرد .

ئیتر کوردە رۆژلەدوای رۆژ ئەهاتنە پاڵیان و زوڵم و زۆرداری و هێرش بردن کەم بووە .زۆربەی ئاغاکانیان لە ناو چوون . کوردەکانیان نیشتەجێ



Scanned by CamScanner

کرد،بەکورتی لە دەسەڵات کەوتن و ئەو هێز و زۆرداریيەی کە هەیانبوو نەما .ئێستاش ناتوانن ئەو جۆرە کردارانە بکەن . کە لەمەوبەر ئەیانکرد.بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ جار بەرامبەر جوتيارەکان دەست لە زۆرداری هەڵناگرن.بەدزییەوە خەرمانیان ئەسوتێنن و ئاگر ئەهاوێژنە ماڵیانەوە ،بەشەویشدا زیان لەکێڵگە و مێرگەکان ئەدەن و ئاگری تێ بەرئەدەن.بەکورتی بەهەر جۆریك بێت جوتيارەکان لە کوردەکان ئەترسن و خۆیانیان لێ دوور ئەخەنەوە .ئەگەر دزێك هاتە سەریان و وشیار بوون ئەوە لە ترسانا دەست ناکەنەوە و دزەکە ناکوژن بەڵکوو چاودێری ئەکەن نەکوو دوایی شەڕیش لەگەڵ ئەماندا بکەن .خۆ ئەگەر شەڕیان لە گەڵدا بکەن ئەوە هەتا قیامەت شەڕ و کوشتار بەردەوام ئەبێت و رزگاریان نابێت.هەمیشە بەنهێنی و ئاشکرا تۆڵەی خۆیان بە نۆرە ئەسێنن.

- کوردە کوچەریەکان خزمایەتی لە گەڵ کوردە نیشتەجێیەکاندا کەم دەبەستن ژن خواستنیان زۆرکەمە.کوردە کۆچەریەکان دەڵێن گۆرانەکان هیچ نیین و بێ توانان و ئەڵێن ئەو منداڵانەی لە ژنە گۆرانیەکان بوون ئەوە بێ شەرم وترسنۆکن بۆیە ژنیان لێ ناخوازن.لە لایەکی تریشەوە کوردە نیشتە جێیەکان دەڵێن: ئەو منداڵانەی لە ژنە کۆچەریەکان بووە بێ ئەدەب و دز و چەقاوەسوون.ئەم دووبەشە کورد و گۆران یەك حەز لەویتر ناکات و لە یەکتری رازی نین و چارەی یەکتریان ناوێت.ئەگەر شەڕێك رووبدات کۆچەرو گۆرانەکان پێکەوە بن ئەوە کۆچەرەکان واز لەشەڕ دێنن و ئەڵێن گۆرانەکان لە مەیدانی شەڕدا زوو هەڵدێن،هەربۆیە لە گەڵیاندا بەشداری ناکەن.لە راستیدا هەر دووکەسی کوردەکان خۆیان لە دە کەسی گۆرانەکان



Scanned by CamScanner

ئەدەن و لەبەردەمیانا راناکەن.نیشتەجێیەکان وانین لە بەردەم کۆچەریەکاندا بێ دەسەڵاتن بەڵام ئەم زانیاریە لە ناو کوردەکانی ناوچەی وان و موش و بایەزیدی و فارس و ئێرانە،بەڵام کوردە و گۆرانەکانی ناوچەی هەکاری و بۆتان و ئامێدی و سۆران وانین،بەڵکوو بە پێچەوانەوە کوردەکان لە بەردەم گۆراندا بێ دەسەڵاتن.دوو سێ کەسی گۆران لەگەڵ دە کەسی کوردان شەڕبکەن لێیان ناترسن.لای کوردە هەکاریەکان گۆرانەکانیان بەلاوە هیچە.لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە هەردوولایان چەکدارن ،زۆرکەم روودەدات گۆران کچە کۆچەر بخوازێت بەڵام کۆچەریەکان هیچ کات گۆرانەکان ناخوازن لە بەرئەوەی بەناسکی پەروەردە کراون و ژیانی کۆچەریەکان گرانەو بەکەڵکی ئەوان نایەت.

لەبارەی کۆچ و بارکردن و بەخێو کردنی ئاژەڵ و کۆکردنەوەی دەغڵ ودان بێ ئاگا و نەزانن بەم جۆرە کچە شاری ناخوازن.

ژنەکۆچەرییەکان لە کاتی پێویست دا یارمەتی مێردەکانیان ئەدەن، ئەگەر لەشەڕیشدا بن ،بەڵام ژنەگۆرانەکان زۆر ترسنۆکن و لەماڵەوە نایێنە دەرەوە.بەراستی ژنەکۆچەر ژنن هەم کاری ماڵەوە ئەکەن وکرێکارن و لەشەڕیشدا هاورێ ی چەك و هاورێ ی پیاون،بەڵام ژنە گورانەکان بەشداری هیچ ناکەن تەنها لەماڵەوە ئیش ئەکەن،کەچی ژنەکوردەکان بەیانیان زوو لەخەو هەڵئەستن و ئەسپەکان ئامادە ئەکەن و ئەیانڕازیننەوە و ئالیکیان ئەدەنێ.مەڕوماڵات ئەنێرنە دەرەوەی ماڵ و دەرگای ماڵەکەیان پاك ئەکەنەوە و شیر ئەکولێنن بۆ ئەوەی ماست و رۆن دروست بکەن.ئەگەر لەماڵەومیاندا تەپاڵە نەبێت ئەوە ئەڕۆنە دەرەوە و تەپاڵە دێنن ونان و



Scanned by CamScanner

خواردن دروست ئەكەن.پیاوەكانیشیان لەماڵەوە ئیش ناكەن و هەمووكار و باری ماڵ بەدەست ئافرەتەوەیە،بەپێچەوانەوە لای گۆرانەكان هەرچی كاروباری ناو ماڵ هەیە بە دەست پیاوەوەیە تەنها نان و چێشت لێنانن و جلیش ناشۆن.زۆربەی ژنەكۆچەریەكان هەژارن بەهاروهاوین وپایز بێ پێڵاون،زستانیش نەعل لەپێ ئەكەن و جلەكانیشیان لە جاوی سوور و رەش و شین دروست ئەكەن . زۆرجاریش جلەكانیان لە چیت درووست ئەكەن.بەم شێوەیە ئەم ژنانە بەمێردەكانیان رازین و هەتا ئەگەر مێردەكانیشیان لێیان بدات ئەمانە دەست ناكەنەوە،هەرچی جل وبەرگیان هەیەخۆیان ئەیدوورن و نایدەنە بەرگدوور و پیاوەكانیش هەریەكە بۆ خۆیان سەرپەرشتی بەران و ئەسپ و ماین و گامێشەكانیان ئەكەن.

- كوردەكان زۆركەم ئەڕۆنە غەریبی و غەریبیان زۆر لاگرانە،جێگای خۆیان جێ ناهێڵن.

باركردن و دووركەوتنەوەیان ناخۆشترین شتە هەتا ئەگەر بۆ سەربازیش بڕۆن و ماوەیەكی زۆر بخایەنێ ولە كەس و كارونیشتمان دووربكەونەوەئەوە زۆرترین كات هەوڵ ئەدەن بۆماڵەوەیان بگەڕێنەوە . لە سەربازیشدا بێ ئارامن و زوو زوویەك و دوو هەڵدێن،كوردەكان لە سەفەری دوورا دڵ گران و بێ ئارام وماندوو ئەبن و لە تفەنگیش زۆر ئەترسن،ئەگەركوردەكان لەسەفەری دوورا دڵ گران و بێ ئارام رێ یان بكەوێتە جێگایەك تەقە و تفەنگیشی تێدا بێت ئەوە بەمردنێكی راستی دائەنێن وهەرلەوكاتەدا ئەگەر كوردەكان زۆربن و دوژمنیش كەم بن ئەوە هێرش نابەنە سەر دوژمنەكانیان. زۆربەی سەركەوتنەكانیان بە فێڵ وزیرەكی پلان دائەنێن لە



Scanned by CamScanner

دوورەوە.یەکێك ئەنێرن بۆ ئەوەی مرۆڤی ئازا شەڕکەربناسن ئەگەر دەرکیان کرد ئەمە دوژمنەوشەڕکەرە ئەوە فێڵی لێ ئەکەن.بۆنمونە یەکێك لە شەڕکەرەکان لەسەر رێگا رائەوەستێ و هاوڕێیەکانی لە جێگایەکدا خۆیان ئەشارنەوە،ئەوەی لەسەر ریگاکەیە گوێ بۆ هەموو شتێك ئەگرێ.

ئەگەر سوارێك یاخود رێبوارێکیان پێ بگات ئەوە ناترسن بەڵکوو دێنە لای سوارەکەوسوارەکە پێت دەڵێت:ئەم سەبیلەم بۆ پڕکەن تتونم تەواو بووە ئیتر دڵیان بەو مرۆڤە ئەسووتێ و سەبیلەکەی بۆ پڕ ئەکەن،پاشان داوای ئاگریان لێ ئەکات یەکێ لە سوارەکان بە دوای ئاگردا بۆێ ئەگەڕێ و واخۆێ دەرئەخات کە ئەسپەکەشی بۆێ گرتووە ئیتر لەو ناوەدا هاوڕێیەکانی بە دزییەوە دێنە دەرەوە و دێنە لای ئەم سوارانەوبەم کەڵەکە بازییە سەرئەکەون.کاتێ کوردەکان چەتەیی یاخود رێ گری ئەکەن دووکەس لە جێگایەکی بەرز دائەنێن بۆئەوەی چاویان لەکاروان بێ وئەوانی تریش خۆیان ئەشارنەوە، ئەگەر ئەم دووکەسە لە نزیکەوە رێبواریان بینی ئەوە ئیشارەتێك بە عەبا یاخود فەقیانەکانیان ئەکەن و سوارەکانیش لە جێگاکەیانەوە دێنە دەرەوە ورێگایان پێ ئەگرن و چاویان ئەبەستنەوە ، ئەیانبەنە جێگایەکی چۆڵ و لەوێ دەست و قاچیان ئەبەستنەوە هەتا ئەبێتە شەو وخۆشیان لەگەڵیان ئەمێننەوە،کاتێ کەشەو داهات شتو مەکەکانیان ئەبەن و بۆ بەیانی زوو بەرەلایان ئەکەن و هەریەکە ئەچێتەوە سەرکارەکەی خۆێ.



Scanned by CamScanner

ـ کوردەکان ڕێگری یاخود چەتەیی سەرلەئێواران ئەکەن بەتایبەتی ئەگەر شەوی بەسەردا بێت و لە جێگایەك کاروان پەیدا بوو ئەوە بەشەو هێرش ئەبەنە سەریان وڕووتیان ئەکەنەوە .خۆئەگەر ویستیان گوندێکیش تالان بکەن هەربەشەو دەستی پێ ئەکەن،هەمیشە بەشێك لەوانە خۆیان ئامادە ئەکەن و لە دوژمن ئەسڵەمێنەوە با دوژمنەکانیان کەم و ئەمانیش زۆربن .

ـ کوردەکان هەمیشە لە دانیشتنەکانیان دەربارەی شەڕوشوری ڕابردوو ئەڵێن : (لەشەڕی فلان دا فلانەکەس ئاوا بووە و فلان کەسیش جوامێر و ئازا بووە)هەموو بیر و هۆش و قسەکردنیان لای چەك و شەڕوشورە. لەگەڵ ئەمەشدا هەموویان ئەهلی نوێژ و موسڵمان و ڕۆژوو ئەگرن . زەکاتیش ئەدەن باوەڕیان بە ئیسلامە.

هەرچی سامانی زۆر بێ دەیەکی زەکاتی ئەکەوێتە سەر و یەك لەچلیش ئاڵتوون و لەمەڕ و بزنیش لە سەدا یەك و لە ڕەشماڵیشدا لە سێ ڕەشماڵ یەك ڕەشماڵ زەکات ئەدەن.

ئەڵبەتە ئەمانە بێ زەکات نابن ئەگەر یەکێك بەئارەزووی خۆی زەکات نەدات ئەوە بە زومانی حاکم و قازی ، مەلا و موچەخۆر زەکات لەومرۆڤە وەرئەگرن.مرۆڤێك ئەچێت وزەکاتیان بە زۆر لێ ئەسێنێت و لەمزگەوت هەڵی ئەگرن . پاشان هەرکەسێ شایانی وەرگرتن بوو واتە هەژار و لێ قەوماو ئەوە زەکاتی ئەدەنێ و حاکم و قازی ئاگادار ئەکەن کە ئەو مرۆڤە پێویستی بە زەکات هەیە .



Scanned by CamScanner

ئیتر قازی وحاکم هەندێ لەو زەکاتە ئەدەنە خێزان و منالە هەژارەکان .ئەگەر لەناوکوردآندا مالێك هەژار و دەست کورت بوون ئەوە لەمالە دەولەمەندەکانەوە خواردن و نانیان هەموو رۆژێ بۆئەچێ .

ئاغای هەوارێکی هەمیشە نان و خواردنی ئامادەیە و دەراوسێیەکان ئەچن و نان و خواردن وقاوە ئەخۆن.

- ئاغا کوردەکان زۆر بەخشندە و نان بدەن،ئاغاش رووی ئەوەی هەیە دەراوسێ کانی بنێرێتە بازار و شت مەکیش بەوان بکرێت .

ئەگەر رۆژێ لە رۆژان میوان رووبکاتە مالی ئاغا ورێکەوت وابێ لە مالی ئاغادا رۆن و برنج و قاوە نەبێ، ئەوەلەمالە دەراوسێ کانەوە ئەمانە وەرئەگرن و ئامادەی ئەکەن .

کوردە کاتێ شتێکیان پێویست بوو زۆر داوا و تەکلیف ناکەن. بۆ نموونە: ئەگەر شتێکیان پێویست بوو ئەوە لەمالە دەراوسێ کانیانەوە داوای ئەکەن،ئەگەر سەرۆکی خێزانەکە لەمالەوە نەبوو ئەوەداوا لەژن یاخود منالەکانی ئەکەن وشتەکانی لێ وەرئەگرن.

ئەگەرخوا نەکردە یەکێك ناخۆشی یەکی لێ روودابێ یاخود زۆر هەژاربێت ئەوە ئەگەر ویستی شایی بکات یاخود ئەسپێك بکرێت ئەوە پەنا ئەباتە بەر هۆز و خێلەکەو داوای یارمەتیان لێ ئەکات. هەرلە بچووکترین کەسەوە تا گەورە هەریەکێ بەپێی توانای خۆێ یارمەتی ئەدەن و پارەیەکی زۆر کۆئەکاتەوە.



Scanned by CamScanner

ڕەشماڵی کوردەکان بەشێوەیەکی گشتی لەگەورەیی و فراوانی دا جۆراوجۆرن . ڕەشماڵی واهەیە لەدوو تا نۆ کۆڵەکەی هەیە.ڕەشماڵ لە نۆ کۆڵەکە زیاتر نابێت ئیتر کێ زۆر هەژار بێت ئەوە ڕەشماڵێکی دوو کۆڵەکە، سێ کۆڵەکە یان چوار کۆڵەکەی هەیە.

ئەوانەی کە نەهەژار و نە دەوڵەمەند بن خاوەنی ڕەشماڵێکی پێنج تاحەوت کۆڵەکەن.

بەڵام دەوڵەمەندەکانیان خاوەنی ڕەشماڵێکی هەشت تاکو نۆ کۆڵەکەیە ،لەم ڕەشماڵانەی کە نۆ کۆڵەکەی هەیە بەپەردە ئەیکەن بەدووبەشەوە پێش ماڵ و پشتە ماڵ واتە بەشێکی دیوەخانەیە و بۆ پیاوانەوپشتە ماڵیش بۆ ژنان .

کاتێ کەبەفر و باران و سەرما ئەبێت ئەوە پێش ماڵ و پشتەماڵ دائەپۆشن و لەهەر دوولا ئاگر ئەکەنەوە و ڕەشماڵەکە گەرم ئەکەن.

کورد لە گەورەیانەوە تا بچوکیان پێویستی بە سەبیل هەیە. بەڵام ڕوو ناکەنە ڕەشماڵی بچوك چونکە ئەزانن کە پێش ماڵ واتا جێگای پیاوانی تێدا نییە وئەزانن کە ئەو ماڵە هەژارن.

زۆربەی خواردنی هەژارەکان نانی جۆ و کەنمە شامی و ماست و پەنیر و دۆیە...ئەو بەشەی کە دزی و خراپی ئەکەن ئەوە هەژارە کوردەکانە کە لە بێ دەسەڵاتی و پێویستیەوە دزی ئەکەن .دەوڵەمەندەکان خۆیان لەدزی و حەرامی نزیك ناکەنەوە و یارمەتی هەژارەکان ئەدەن.

لەهەرزۆمێکدا دە پانزە ماڵی هەژارهەیە ئاغا و دەوڵەمەندەکان بەیانی و ئێوارێ خواردنیان بۆ ئەنێرن و یارمەتیان ئەدەن.زۆرجاریش هەژارەکان لە



Scanned by CamScanner

ماڵی ئاغا و میرەکان نان دەخۆن و هەرچیش لێیان زیاد بێت بۆماڵ ومناڵەکانیان ئەبەنەوە.

کاتێ ئاغایەك یادەوڵەمەندێك کوڕی خۆیان (خەتەنە – سونەت) ئەکەن ئەوە لەگەڵ کوڕەکەی خۆیاندا کوڕەکانی هەژاران و هەتیوانیش خەتەنە ئەکەن.

- لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی مناڵە کورد خەتەنە نەکراون وژنیشیان هێناوە و مناڵیشیان هەیە،کاتێ کە پیر ئەبن خۆیان سونەت ئەکەن.

لەناو کوردەکاندا سەرتاش نی یە بەڵکو خۆیان ناو خۆیاندا سەری یەکتر ئەتاشن هەروەها (برنیکار – جەراح) ی چاکیان تیا هەڵکەوتووە کە زۆر وریا و زیرەکن . تەنها ئیش وکاریان چاککردنەوەی برین و بریندارانە.

لە ناو کوردەکاندا چرایان نی یە.. تەنها ماڵی ئاغا و دەوڵەمەندەکان نەبێ کە چرای نەوتیان هەیە و ماڵە هەژارەکانیش ئاگر ئەکەنەوە و لەبەریا دائەنیشن.

لەناو کوردەواریدا باوە ئەگەر کوڕێك دڵی بە کچێکەوە بوو ئەگەر ئەوکچە نەدەنەئەو کوڕە و بیدەنە مرۆڤێکی تر و شایی بۆبکەن شەوی زاوایی ئەو کوڕەی دڵی بەکچەکەوە بوو دوعا و نوشتە بۆزاوا ئەکەن کە نەبێت بەزاوا. روو ئەدات ،زاوا توشی گرێ دان و بەستن ئەبێت نابێ بە زاوا . تاماوەیەکی زۆر ئەمێنێتەوە و پاشان چارەی ئەکەن ،زۆرجاریش بەهیچ جۆرێك چارەی ناکرێ و ناچار ئەو ژنە تەڵاق ئەدات و ژنێکی تری بۆ دێنن .

ئیتر بۆ ئەم ژنە گرێدان نابێت و ئەبێت بە زاوا .



Scanned by CamScanner

له ناوکوردەواریدا باوە کە مەلا کراسی حەربی – جەنگی بە جاو دروست ئەکات وهەمووی بە دوعا و نوشتە ئەڕازێنێتەوە،ئەو کراسە ئاغا و سوارە پاڵەوانەکان بە پێنج سەد تا هەزار قرش ئەیکڕن. لە ڕۆژی شەڕدا ئەو کراسە دێنن و ئەچنە شەڕەوە ئیتر هەرچی ئامێری شەڕە وەکوو گوللە کار لەو مرۆڤانە ناکات وبە ساغ و سەلامەتی رزگاریان ئەبێت.

ئەو کەسانەی بێ سنوور باوەڕیان بە نوشتە و دوعا هەیە.لەراستیشدا باوەڕیان وایە هەرچی ئەوە باوەڕەی پێ هەبێ بە راستی دێتە دی. گوللە نزیکی مەڕومالات ودەواریان نابێتەووە .هەروەها لە ماریش سیحر ئەکەن و لەگەڵ خۆیاندا هەڵی ئەگرن ولە دواوەی خۆیان دای ئەنێن بێ ئەوەی زیانیان پێ بگەینێ. زۆرجاریش دەمی گورگ ودڕندەش بە خوێندن و دوعا گرێ ئەدەن.

لەناو کورد دا جۆرە یاریەك هەیە بە یاری شیر و خەنجەر ناو ئەبرێ ،زۆربەی لاوەکان ئەم یارییە لە ماوەیەکی کەمدا فێرئەبن و ئەیکەن. ئەمانە بە هەموو شێوەیەك شیر لە خۆیان ئەدەن و خۆیان بریندار ئەکەن. بەڵام بە هیچ شێوەیەك خوێن لەشوێنێکیان نایەت و زوو چاك ئەبنەوە وجێگاکەشی دیارنی یە.لە یاری و زۆرانبازی دا شوان و مناڵان و گاوانیان شیر وخەنجەریان هەیە...بەڵام چەکی ئاگرکەم بەکار دێنن،ئەم نەریتە تەنها لە جێگە دوورەکانە،بەڵام کوردە رەوندەکانی ناوچەکانی هەکاری و بۆتان و بادینان گەورە وبچوکیان چەکی شەڕیان هەیە . ئەمانە هەمیشە و هەردەم دەمانچەیان پێ یە هەتا بۆ ئاو هێنانیش بێ دەمانچە ناڕۆن .هەمیشە ئیش وکاریان تیرهاوێشتن و نیشانەکردنە و گوللە بەئاسمان دا



Scanned by CamScanner

هاویشتنه . ئەگەر پەلەوەرێك بفڕی لەخوارەوە تەقەی لێ ئەکەن و ئەیخەنە خوارەوەهەروەها تفەنگی ئاسایی و هەرزان بەهایان لاپەسەند نی یە.

تەنها شەش خانە نەبێ بۆ گوللە ئەچنە شاری ئەستەمبۆڵ ، بەتایبەتی گوللە بۆ تفەنگی شەش خانە ئەکڕن وئەیبەنەوە .مەلاوفەقیەکانیش شەشخانە و چەك و خەنجەریان هەیە.

- نەریتێکی تر لەناو کورد دا باوە ، ئەوەیش ئەوەیە کاتێ زستان دێت هەموویان لە دیوەخان کۆئەبنەوە و ئەیکەنە(گەڕەلاوژە). گەڕەلاوژەش ئەوەیە هەندێ لەو مەجلیسەدا خۆیان ئامادە کردووە بەگەورەو بچوکیانەوە یەکێ بەندێك گۆرانی ئەڵێن و لەسەروی مەجلیسەکەوە تا دوایین کەس دەست بە گۆرانییەکە دەکەن .

خۆئەگەر میوانێك لەو مەجلیسەدا بێت ئەوە چارە نی یە و ئەبێت بەندێك یا سترانیان بۆ بڵێت ئەگەر نەیڵێت ئەوە نابێت.

- کورد بەو بەندە گۆرانیانە (گێسك)دەڵێن .میوانەکەش ئەبێت بەشداری ئەم گۆرانیانەی گێسك بکەن.

سەرلەئێوارەش هەرچی لاو و گەنجی زۆمەکە (هەوارەکە) هەیە لەبەردەمی ماڵێکدا پێکەوە کۆ ئەبنەوە و یاری راکردن و تۆپێن ئەکەن .پیرەکانیش لە لایەکەوە ئەوەستن و کچ و بووك و ژنانیش لە لایەکی ترەوە لەژێر درەختێکدا بۆ خۆیان دائەنیشن و تەشی خۆیان ئەڕێسن و سەیری گەنجەکان ئەکەن کەیاری ئەکەن.هەرچی پیر و گەنجەکانیشیان لە رەشماڵاەکەیان دێنە دەرەوە و سەیری یاری ئەوان ئەکەن.هەرکە ئێوارەش



Scanned by CamScanner

داهات هەریەك كاروباری خۆیٚ ئەكات .دەوار و ئەسپەكانیان چاك ئەكەن،
نان ئەخۆن و هەركە دوو ساعەت لە شەو تێپەڕی هەریەكە لەبەر
رەشماڵەكەی خۆیدا دەست بەشایی ئەكەن . لاوی جوان و كچ وبووك دێنە
گۆڤەندیٚ و پیاو و ژن دەستی یەكتر ئەگرن ، كچ وبووك گۆرانی ئەڵێن و
یاری ئەكەن هەتا نزیكەی بەیانی و هەریەك بلاوەی لیٚ ئەكەن و دێنەوە
ماڵی خۆیان و ئەخەون.

- كورد زۆر رووخۆش و بیٚ غەمن ، زۆربیرناكەنەوە. خاوەنی چی
بن(هەیانبێت و نەیانبێت زۆرگۆیٚ نادەنیٚ) .پیروبەسالاچوەكان زۆربەیان
ریشیان ئەهێڵنەوە و رووگەشن و كل ئەكەنە چاویان . هەمیشە گۆرانی
ئەڵێن ولەشایی دا هەڵئەپەڕن . ئەمە لایان عەیب نی یە.

كاتێك ئەبێتە شایی خەنە لە دەستی زاوا ئەگرن و كورێكی لاو خەنەكەی
دەستی ئەفڕێنیٚ ولەلایەكی ترەوەش بووكیش خەنە ئەگرێتە دەست و كچ
لەدەستی ئەفڕێنن . گوایە ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە ئەو كورو كچەش وەك
ئەمانە بە زووترن كات شووبكەن وژن بێنن.

ئەگەر ماڵی بووك نزیك بوو ئەوە دوومرۆڤی خزمی زاوا ئەڕۆن و باڵی
بووكەكە ئەگرن و هێواش هێواش لە سەرخۆ بووك ئەبەن.بەلام ئەگەر ماڵی
زاوا دوور بوو ئەوە بووكەكە سواری ئەسپ ئەكەن و ئەسپەكەی بۆ
ئەڕازێننەوە و بەرەو ماڵی زاوا ئەیبەن.

كاتێك كە بووكەكە ئەگاتە بەردەمی ماڵی زاوا ، زاوا و هەندیٚ لە لاوان
لەجێگایەكی بەرز ئەوەستن و زاوا لەقاپێكدا هەندیٚ پارە و نوقڵ بەسەری
بووكەكەدا ئەكات و منالانیش پارە و نوقڵەكە كۆئەكەنەوە.



Scanned by CamScanner

ئەگەر بووکەکە گەیشتە بەردەرگا یاخود بەردەم رەشماڵەکە ناچێتە ژوورەوە هەتاکو خەڵاتێك نەکرێ.پاشان کە دیاریەکانیان داپێی ئەوە دەچێتە ژوورەوە و لەگەن و مەسینە دێنن و بووکێ دەست و دەم وچاوی ئەشوات و تۆزێك لە ژوورەکە ئەمێنێتەوە. پاشان بووکەکە دێننە دەرەوە و ئەیخەنە ناو شاییەکە . چارەی نییە هەرئەبێت هەڵپەرێت .کاتێك بووبەشەو بووك و زاوا پێکەوە ئەبن و ئەگەر زاوا بوو بەزاوا لەدەرەوە گەنجەکان ئەیکەن بەشایی و دەمانچە ئەتەقێنن .

خۆئەگەر زاوا گرێ درابوو نەبووبوو بەزاوا ئەوە گەنجەکان زاواکە ئەبەن و ئەیخەنە چەمێکی ساردەوە و پاشان زاوا ئەیبەنە پاڵ بووك و ئەیاننوسێنن . ئیتر ئەگەر زاوا نەبێ بەزاوا ئەوا زۆر عەیبە و قسە لەخەڵکەوە پەیدا ئەبێ و ئەڵێن رەنگە ئەم بووکە کچ نەبێ.خوانەخواستە ئەگەر ئەگەر بووك کچ نەبوو ئەوە ریسواییەکی زۆری ئەکەن و ئەینێرنەوە ماڵی باوکی و مارەیی لێ ئەسێننەوە . خزم وکەس وکاری بووك بووکەکەش ئەکوژن و کارەساتێکی گەورە رووئەدات.هەندێ جار بووك ئەزانێ کە کچ نی یە ئەوە لەکاتی نزیکی زەماوەند و شایی دا ژەهر ئەخوات و پێش شاییەکە ئەمرێ و خۆێ هەڵناگرێ بۆ ئەو رۆژە.

هەموو کوردەکان (رەوەند و نیشتە جێن)* هەموویان(شافعی)ین و لەناویاندا کەسێکی حەنەفی و مالکی و حەنبەلی نی یە.

لەناو کوردستاندا بە تایبەتی لەناوشێخەکاندا جندار=ئەوەی کەجنۆکەی هەیە.

---

* مەبەستی کوردە موسڵمانەکانی تورکیایە(م. رووبیکۆ)



Scanned by CamScanner

ئەگەر مرۆڤێك شێت بێت و فێ لێ بێت ئەوە ئەو شێخە ئەو نەخۆشە ئەباتە لای خۆیو تاسێکی پڕ لە ئاو لە سەر سەری شێتەکە رادەگرێ و هەندێ دوعا و قورئان ئەخوێنێت گوایە چەند جنۆکەی هەبێت لە ناو قاپەکەدا کۆ ئەبنەوە و شێخەکە دوژمنی شێتەکە ئەگرێت .

پاشان قامیشێك دێنن و جنۆکەکە ئەخاتە ناو قامیشەکەوە و سەرێکی قامیشەکە ئەسوتێنێ وفڕێ ئەداتە ناوەوە و گوایە ئیتر ئەو شێتە چاك ئەبێتەوە و لەجنۆکە رزگاری ئەبێت.

- لەناو کورد دا (پەلداری – پلیداری)هەیە و لەمناڵیەوە بڵاو بووتەوە و کوردەکان فێری بوون.پیلدار ئەوەی کە ژنێکی دووگیان هیوای ئەوەیەتی کە مناڵی بوو پیلداری هەبێت ئەمەش کاتێ ژنەکە مناڵی بوو یەکسەر بزنێکی بۆ سەر ئەبڕن و گۆشتەکەی ئەبەخشنەوە و پەلی بزنەکە دەر ئەهێنن و ئەیهێننە لای دایکەکە و بەقەدەر گۆیی مەمکی دایکەکە . پاشان سەری مەمکی دایکەکە لەو پەلەوە دەر نادەن هەتا وەکو لەمەمك بڕایەوە .ئیتر رۆژێ دوو جار بەیانی و ئێواران ئەو پیلە ئەدەنە دەستی مناڵەکەوە و ئەو مناڵەش سەیری ئەوپیلە ئەکات و ئیتر هەتاکو مناڵەکە بیرو هۆشی ئەکاتە پلەی گەورەبوون هەربیر لەو پیلە ئەکاتەوە و تەماشای ئەکات.گوایە ئەڵێن هەرچی مرازێك و کارەساتێکی دنیا بێت ئەوە ئەو مرۆڤە لەو پیلەوە بەدی دەکات و ئەیگرێتەوە.ئەوەش مەرجێکی هەیە کە نابێ رۆژێك ئەو پیلە بە جێ بهێلرێ هەمیشە شیر لەو پیلەوە ئەخۆن ئەگەر جارێك ئەو پیلەیان جێ بێلن ، ئەوە ئەو کارەیان نایتەدی و بۆ تەواو نابێت. ئەم کارەی(پیلداری)یەبێجگە لە کوردەکان لە ناو میللەتی تریشدا هەیە . من بە



Scanned by CamScanner

چاوی خۆم پاشایەکی تورکم بینیوە کە ناوی (سیف الدین پاشا) بووە ئەویش پیلدار بوو لەگەڵیا پیل هەبوو لە پیلەکەوە تەماشای کارەسات و رووداوی دونیای ئەکردوبۆخەڵکی ئەگێڕایەوە.ئەم کاری پیلداریەتییە هەربە پیاوەوە تایبەت نییە و بەڵکو ژنانیشی ئەم کارە ئەکەن.

- لە کوردستاندا ئەم دووبەشە (پیلدار و جندار)زۆر ڕێزێکی گەورەیان لای کورد هەیەو باوەڕیان پێ ئەکەن. ئەم دوو بەشە پارەیەکی زۆر وەرئەگرن لەبەرئەوەی کوردەکان باوەڕی زۆریان پێ ئەکەن.هەروەها لەناو ژنەکوردەکانیشدا ژن هەیە فالگرە و ئەمانە ئاو ئەکەنە پیاڵەیەکەوە لەبەردەمی خۆیانداادایئەنێن و قسە بۆ ئەو کەسانە ئەکەن لەبەردەمیاندا دانیشتوون و هەموو راز و هیوایەکیان پێ ئەڵێن . کوردەکانیش باوەڕ پێ ئەکەن و هیچ کاتیش ئامۆژگاری پیلدار و فاڵچی لەیاد ناکەن.بەڵکو لایان وایە هەرچی پیلدار هەیە شارەزان و هەرچێ ئەڵێن راست دەرئەچێ.

جادوگەری لەناو کوردەکاندا زۆرە بەتایبەتی ژنە پیرەکان.بۆ نموونە ئەگەر یەکێك نەخۆش بێت ئەوە ئەو جادوگەرەی بۆ دێنن. جادوگەرەش پارچەیەك کولێرە ئەهێنێ و هەندێ خۆێی تێ ئەکات و ئەیپێچێتەوە بەدەوری سەری نەخۆشەکە چەند جارێك ئەیگێڕێ و شتێك ئەخوێنێ پاشان نانەکە فڕێ ئەداتە بەردەم سەگێك و ئەیخوات.گوایە بەمە مرۆڤەکە چاك ئەبێتەوە .

لەکوردستاندا لە دەور وبەری هەکاریدا (کڤری=قەرەج) هەیە. قەرەج ئەوانەن وەکوو بزنی کێوی لەدەشت و کێو و کەنارەکاندا ئەگەڕێن و پێکەوە ئەڕۆن چاویان رەش ئەکاتەوە.



Scanned by CamScanner

- لەناو کوردا هەر تیرەیەك چەند (موسیقا ژەن =موتریب) ی تیایە. بەمانە ئەڵێن (بەگ زادە).ئەم موتریبانە زۆر هەژارن کاروکاسپیان ساز ودەف لێدانە واتە (سازندەن) ولەشایی وچەژنەکاندا سازلێ ئەدن وژنەکانیشیان لەماڵان سواڵ ئەکەن.بەم شێوەیە ئەمانە رائەبوێرن و ئەژین. ئەمانە زمانێکی تایبەتیان هەیە. بێجگە لەو موتریبانە کەس زمانیان نازانێ ولەماڵەوە خێزانەکان بەو زمانە قسە ئەکەن .کەسیش لەکوردەکان ژن نادەنە ئەمانە و ژنیشیان لێ ناخوازن.

- لە کوردستاندا لە ناو کوردەکاند ئیزدی هەیە ، وەکوو موسڵمانەکان نین بەڵکو ئیزدین و دەستور و ئایین و یاسایان وەکو موسڵمانەکان نی یە[٤٨] *بەڵکو جیایە. ئەم بەشە ئیبلیس ئەپەرەستن و بەشەیتان ئەڵێن: (مەلەك تاووس)،بەڵام زمانی ئەمانەش کوردی یە.ئەگەر باسی ئەمانەتان بۆ بگێڕمەوە ئەم نووسینە درێژە ئەکێشێ. ئیتر ئەمە بەسە کە نووسیوومە.

- زۆربەی کوردەکان ئەستێرە ناسن واتە شارەزایی ئەستێرەن. کە شەو دادێت سەیری ئەستێرەکان ئەکەن ،رێباز و رێگاکان ئەزانن بە جوڵانەوەی ئەستێرەکان ئەوە تێئەگەن کە بەفر و باران ئەبێت .

---

٤٨ - وەرگێڕی ئەم دەستنووسە چەند جارێك ئەم دەستنووسەی بۆ هەندێ لە شێخە گەورەی ئێزدیەکان خوێندووتەوە کە شارەزاییەکی تەواویان لە داب و نەریتی کوردا هەیەئەوەیان خستووتە رووکە زۆربەی هەرەزۆری داب و نەریت مەگەر کەمێکی کەمی نەریتی کوردە موسڵمانەکان لە کوردە ئیزدیەکان نەکات لەبەرئەمە ئەم رایەی نووسەر(مەلا مەحموود)لێرەدا زیادەڕەوییە. لەبەر ئەوەی پێك هاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی لای ئێزدیەکان و کوردە موسڵمانەکان وەك یەکن بۆ ئەمەش بڕوانە : (ئێگیازارۆڤ )تێبینی کردووە بڕوانە (ل.١٨).



Scanned by CamScanner

# ليستى ناوه جوگرافى وبنچينه‌كان

١ – عه‌باسى
٢ – عماديه ئاميێدى
٣ – ئه‌نيسى
٤ – عه‌ره‌بى
٥ – ئارمڤيا
٦ – ئه‌رمنيا
٧ – بادينان
٨ – بتليس
٩ – بۆهتان=بۆتان
١٠ – وان
١١- زيلى
١٢- ئێران
١٣- فارصى
١٤ – كوردستان
١٥ – مه‌ريوانى
١٦ – موش
١٧ – ميسر (مصر)
١٨ – سۆران
١٩ – ئه‌سته‌نبۆڵ
٢٠ – تورك
٢١ – فارس
٢٢ – حه‌يده‌رى
٢٣ – خاليدى
٢٤ – حه‌كارى
٢٥ – خۆراسان
٢٦ – موتريب
٢٧ – شام



Scanned by CamScanner

## لیستی زاراوەکان

١ – عەبا
٢ – عەبو
٣ – ئاغا
٤ – ئازار
٥ – عێڵ (خێڵ)
٦ – هەلی کڕین (ریکەوتن=پەیمان دان)
٧- ئاخیر چوارشەمە
٨ – عەشیرەت
٩- بەیرام
١٠- باد
١١- بەخت
١٢- بەگ زادە
١٣- بەگ
١٤- بەران و بەردان
١٥- بەربووک
١٦ – بەدڵی گۆڕینەوە – ژن بە ژن
١٧ – بێشك كرتمە (لەسەر بێشکە مارە کردن)
١٨ – بیرتە(جۆرە گۆرانیەکە)
١٩- وار
٢٠ – وارکوز
٢١- گاتا
٢٢ – گەردك
٢٣ – گەرەلاوێژە
٢٤- گۆران
٢٥ – وەلاك



Scanned by CamScanner

٢٦ – دەنگ بێژ

٢٧-داروك

٢٨ – دەف

٢٩ –جەناك

٣٠- جيندار

٣١ – جيريد

٣٢ – ديوانخانە

٣٣ – ديلو

٣٤ – دڵخواز

٣٥ –زەكات

٣٦ – زيب

٣٧ – زيارەت

٣٨-زۆزان

٣٩ –زۆما

٤٠ – يەغناغ (كۆبوونەوەی شەوانە)

٤١ –قاوەچی

٤٢ – قازی

٤٣ –كەلام (ناوك)

٤٤ – كليم (شيربايی)

٤٥ – قەرە چوارشەمە

٤٦ – كافر كۆر

٤٧ – كەحێل

٤٨ – كەمانچە

٤٩ – قشلاق

٥٠ – كولاك

٥١ – رەشماڵ كۆن



Scanned by CamScanner

٥٢ – قۆرئان
٥٣ – كريوو كريف
٥٤ – قورش
٥٥ – دلۆ ،لاو،ژۆك
٥٦ – مال
٥٧ – ماليكيت (ماليكى)
٥٨ – مەنجەڵ (مانگال)
٥٩ – معنگ
٦٠ – مەولود
٦١ – مەجليس
٦٢ – مەدرەسە
٦٣ – مزگێنى
٦٤ – مەلا
٦٥ – موتريب
٦٦ – نەجدى
٦٧ – نيزامى
٦٨ – ئۆدە
٦٩ – پێش كۆچى
٧٠ – پێش ماڵ
٧١ – پيلدار
٧٢ – پۆغين (سەمەنى)
٧٣ – پسپۆر(شارەزا)
٧٤ – رەمەزان
٧٥ – رەوات
٧٦ – پيتل(عەيارە نزيكى ٣ كيلۆيە)
٧٧ – ساز



Scanned by CamScanner

٧٨ – سەحاب زادە

٧٩ – سەگلاوی

٨٠ – سەید

٨١ – سەلەم

٨٢ – ستوون

٨٣- سوارۆ

٨٤ – سەدپەز

٨٥ – تەنوور

٨٦ – فاکهە

٨٧ – فنجان

٨٨ – حەد (جۆرە ئەسپێکە)

٨٩ – حەکیم

٩٠ – هەلیسە(هەریسە)

٩١ – حەمبەلی

٩٢ – حەنیفە

٩٣ – خانووم

٩٤ – حەق سازی

٩٥ – حۆقە

٩٦ – خوێندار

٩٧ – خدرنەبی

٩٨- چیت و پەردە

٩٩ – چونگور

١٠٠ – شەریعەت

١٠١ – شێخ

١٠٢ – شکارەت

١٠٣ – شبات

١٠٤ – ئەمیر



Scanned by CamScanner

# لیستی بابەتەکان

١ – نووشتە

٢ – نەخۆشی

٣ – ژن هێنان

٤ – پەیوەندی کوردە کوچەرەکان لەگەڵ ئەرمەنیەکان و جوتیارە لادێ یەکان (نیشتەجێ)

٥ – کاری جەنگی

٦ – دوژمنایەتی تیرەیی

٧ – بەخت گرتنەوە

٨ – میوانداریی

٩ – یەزیدیەکان

١٠ – ئافرەت

١١ – پلەی = شوێنی ئافرەت

١٢ – رۆڵی ئافرەت لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا

١٣ – هاوبەشی ئافرەت لە شەڕدا

١٤ – ژنە کۆچەرییەکان و نیشتەجێ کان

١٥ – قۆربانی دان خۆبەخت کردن

١٦ – خانوو

١٧ – دوعا وپاڕانەوە

١٨ – جادووگەری

١٩ – قوماربازی



Scanned by CamScanner

٢٠ – مەشقی جەنگی

٢١ – یاری و تیپ

٢٢ – سوێند خواردن

٢٣ – پەروەردەی ئەسپ و ماین

٢٤ – کۆچەری

٢٥ – شوێنی کاروان

٢٦ – محاباه.محدبه.مامۆستا،واسته

٢٧ – رۆژ ژمێر =کەلیندار

٢٨ – ئامێری موسیقایی

٢٩ – میرات،پاشماوه

٣٠ – مرازگرتن –نوزر

٣١ – خوێندەواری

٣٢ – خەتەنه کردن

٣٣ – خوتبه (ئەڵقه لەدەست کردن)

٣٤ – مەشقی کار و باری جەنگی

٣٥ – نەریت

٣٦ – مەڕورانەمەڕ

٣٧ – چەك

٣٨ – رەوەند – نیشتەجێ کان

٣٩ – پەیوەنیان بەپزیشکەوە

٤٠ – پەیوەندیان بەماڵەوە

٤١ – پەیوەنیدان به فەرمان رەواوە(حاکم)

پەیوەندیان به شێخ و مەلاوە



Scanned by CamScanner

حەج کردن – سەردان لە جێگا پیرۆزەکان

٤٢ – کۆچەر

٤٣ – نامە – مکتوب

٤٤ – خواردن

٤٥ – خوێندان

٤٦ – تیرە – پیشەی تیرەکان

٤٧ – دوژمنایەتی تیرەیی

٤٨ – پێشکەش کردن،یارمەتی دان

٤٩ – ناشتن

٥٠ – جەژنە میللیەکان

٥١ – جەژنە ئایینیەکان

٥٢ - باوەڕ وفاڵ

٥٣ – جیابوونەوە(تەڵاق)،دەست بەردان

٥٤ – ئاین

٥٥ – شایی،دەستوری شایی

٥٦ – خوازبێنی

٥٧ – سەربازی

٥٨ – بازرگان

٥٩ - غەریبی

٦٠ - شێخەکان

٦١ – زمان

٦٢ – ئازربایجانی

٦٣ - عەرەبی



Scanned by CamScanner

٦٤ – ئێرانی ١٠

٦٥ – کوردی

٦٦ – فارسی دەری

٦٧ – فارسی

٦٨ – رابواردن،سەما کردن،گۆرانی و هەڵپەرکێ بازنەیی:

٦٩ – پیشەی دەستی

٧٠ – یارمەتی خزمایەتی و تیرەیی

٧١ – لەدایك بوون و داب ونەریتی ئاهەنگی لەدایك بوون

٧٢ – پڕوپوچ – خرافە

٧٣ – تایبەتیەکەی – عادەت –صفە – ممیزە :



Scanned by CamScanner